شاخەوان برایم عەبدوڵڵا

# کورد
## لە ئۆکتۆبەری ڕەشدا

چاپی یەکەم
٢٠١٨

ناوی کتێب: کورد لە ئۆکتۆبەری ڕەشدا

نووسەر: شاخەوان برایم عەبدوڵڵا

بابەت: سیاسی (کۆمەڵە وتار)

تایپ و هەڵەچنی: نووسەر

نەخشەسازیی بەرگ و ناوەڕۆک: شکار عەفان

چاپی یەکەم ٢٠١٨

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

چاپ: چاپخانەی ڕۆکسانا

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (٣٨٠)ی ساڵی ٢٠١٨ی پێدراوە.

شاخەوان برایم عەبدوڵڵا

# کورد لە ئۆکتۆبەری ڕەشدا

چاپی یەکەم
٢٠١٨

# پێڕست:

| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|


پێشەکی ........ ٧

بەشی یەکەم..پرسی سەربەخۆیی وریفراندۆمی کوردستان ........ ١٥

گرەنتی سەرکەوتنی کوردستان چییە ؟ ........ ١٧

عێراق لە خراپەوە بەرەو خراپتر ........ ٢٠

دەوڵەتی کوردستان نەک دەوڵەتی کوردی ........ ٢٢

کورد دەبێ هەولێری هەبێت ........ ٢٥

کورد چاوەڕێی فرمێسکی کامیرۆنی لە بەغدا ناکات ........ ٢٨

هەڵوێستی ئەمەریکا سەبارەت بە ریفراندۆمی کوردستان ........ ٣١

لە خوێنەوە بۆ ریفراندۆم ........ ٣٥

ریفراندۆم چیدیکەشە ........ ٣٨

بۆچی کوردستان ریفراندۆم ئەنجامدەدات؟ ........ ٤١

گەلی کوردستان بەغدای تاقیکردووەتەوە ........ ٤٤

دەوڵەت بە دیموکراسییەت دروست دەبێت؟ ........ ٤٨

ریفراندۆمی کوردستان و دیموکراسییەتی ئەمەریکا و بەریتانیا ........ ٥٣

ریفراندۆم لە نێوان بەرگری و رەتکردنەوەدا ........ ٥٨

کوردستان وەبەرهێنی نەوتە ........ ٦١

سیاسەت ئەنجامە ........ ٦٤

بەشی دووەم..رووداوی ١٦ی ئۆکتۆبەر و پرسی دیالۆگ ........ ٦٧

شەڕی سەرمێزی دیالۆگ ........ ٦٩

پرۆژەی حکوومەتی رزگاری نیشتمانی ........ ٧٣

| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| ١٦ی ئۆکتۆبەر.. خیانەت و بێئاگایی | ٧٧ |
| پاریس بەستەڵەکی قۆناغە سەختەکەی تواندەوە | ٨١ |
| گەڕێکی دیکەی پەیوەندییەکانی هەولێر و ئەنقەرە | ٨٤ |
| ریفراندۆم..مۆتەکەی سەرشانی عەبادی | ٨٨ |
| نابێ کورد لە بەغدا بکشێتەوە | ٩٣ |
| ریفراندۆم..هەوڵی تووڕهەڵدانی فیکری شوشکەییەکان | ١٠٠ |
| خەونی کورد دەوڵەتە نەک پاراستنی لە هەڕەشەکان | ١٠٤ |
| بارزانی و ١٦ی ئۆکتۆبەر | ١٠٨ |
| پاپا فرەنسیس چی بە شاندەکەی هەرێم گوت؟ | ١١٣ |
| عەبادی نایەوێت کێشەکانی لەگەڵ هەولێر چارەسەربکات | ١١٦ |
| حکوومەتی هەرێم لەبەردەم هەڵبژاردەی شەڕ و دیالۆگدا | ١٢٠ |
| عەبادی نییەتی ڕێککەوتنی نییە | ١٢٢ |
| بە ئامانجگرتنی کورد و نیگەرانییە ساختەکانی ئەمەریکا | ١٢٩ |
| پەتای ئۆپۆزسیۆنی ناڕاستەقینە لە کوردستان | ١٣٣ |
| دیالۆگ تەسلیمبوون نییە | ١٣٧ |
| هەولێر دەتوانێت قەرەبووی شکستەکان بکاتەوە | ١٤٠ |
| فرەلیستی..ئازارێکی دیکەی دوای ئۆکتۆبەر | ١٤٢ |
| غروری ئێستای بەغدا و ئەگەری ئەنجامێکی پێچەوانە | ١٤٨ |
| ئەمەریکا نیگەرانییەکانی کورد دەڕەوێنێتەوە | ١٥٤ |
| تێپەڕاندنی فۆبیای ئۆکتۆبەر | ١٥٨ |
| ئۆکتۆبەر لە خیانەتی سیاسییەوە بۆ زیانێکی گەورەی ئابووری | ١٦٢ |

## پێشەکی:

بە هۆی دەرکەوتنی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) لە ساڵی ٢٠١٤ لە عێراق و سووریا و دەستگرتن بەسەر پارێزگەی مووسڵ و چەند ناوچەیەکی فراوانی دیکەی عێراق و هاوکات گرتنی رەقە و چەند ناوچەیەکی دیکەی سووریا. ئیدی ناوچەکە کەوتە بەردەم ئەگەری گۆڕانکاری گەورە و هەر هێز و لایەنە سەرقاڵی گەڕان بوون بەدوای بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا، بەتایبەتی هەلومەرجی عێراق بەشێوەیەک تێکچوو بوو، دەتوانین بڵێین شتێک بەناوی دەوڵەتی عێراق نەمابوو، سوپاکەی نووری مالیکی، سەرۆکوەزیرانی ئەوکاتی عێراق، هەر رۆژەی قەزایەک و هەر هەفتەیەی شارێک و دەیان گوند و ناحیەیان رادەستی چەکدارانی داعش دەکرد، تەنانەت هێزەکانی مالیکی کەرکووک و تەواوی ناوچە کێشەلەسەرەکانیان بەجێهێشت و پاشان هێزەکانی پێشمەرگە بەخێرایی سەنگەریان لەو ناوچانە قایمکرد و کەرکووک و کۆی ناوچەکێشەلەسەرەکانیان هەم لە مەترسی داعش پاراست و هەمیش گەڕاندەوە ژێر هەژموونی هەرێمی کوردستان و بە نیسبەت کوردیشەوە وەک جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوور گرنگی خۆی هەبوو، چونکە کۆی ئەو ناوچانەی کە هی کوردن و بە

ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراقەوە گرێدراون، کەوتنە ژێر دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان.

هەڵاتن و شکستی سوپای عێراق لەبەردەم داعش، وایکرد ئەو گرووپە بە تەواوی ببێتە مەترسی لەسەر ناوچەکە و لە هێزێکی چەند سەد کەسییەوە، کاتێک مووسڵییان گرت، بوون بە لەشکرێک پیاوکوژ و بەخێراییش دووچاری غرورییەکی لە رادەبەدەربوون، تەنانەت لەو هەلومەرجەدا دەستیانکرد بە هێرشکردنە سەر کوردستان و لە کاردانەوەی ئەوەشدا ئەمەریکا هاوپەیمانێتی دژی داعشی دروستکرد و بە هەموو شێوەیەک هاوکاری هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراقی کرد بۆ کۆتایی هێنان بەو گرووپە تیرۆریستییە، ئەگەرچی سەرهەڵدانی داعش خوێندنەوەی جیاوازی بۆ دەکرا و ئێستاش هۆکاری سەرهەڵدانی داعش بەشێوەیەکی روون دیار نییە، ئەگینا چۆن لۆژیک ئەوە قبووڵ دەکات سوپایەکی پڕچەکی وەک ئەوەی عێراق، بەو ئاسانییە خۆی رادەستی چەند سەد کەسێک بکات و زۆرترین ناوچەی وڵاتیش بۆ ئەو گرووپە چۆڵ بکات!

بەگشتی هاتنی داعش بۆ کورد لەگەڵ ئەوەی زیانی هەبوو، کە بە هۆیەوە پێشمەرگە نزیکەی دوو هەزار شەهیدیدا و دەیان پێشمەرگەش بە دیلی کەوتنە دەست چەکدارانی داعش و نزیکەی هەشت هەزار برینداری پێشمەرگەشی لێکەوتەوە، ئەمە لەڕووی مرۆییەوە زیانی بە هەرێمی کوردستان گەیاند. بەڵام لەڕووی سیاسییەوە هەرێمی کوردستان تەواو بەهێز بوو و پەیوەندییەکانیشی گەشەیان کرد و هەولێریش بووە ترافیکی سیاسیی کاربەدەستانی نێودەوڵەتی و تەنانەت سەرۆکی ئەوکاتی فەرەنسا، نیکۆلا سارکۆزی هاتە هەولێر، وەک ئاماژەیەک کە کورد لە ناوچەکە بووەتە ژمارەیەکی بەهێزی سیاسی.

لەو هەلومەرجەشدا دەسەڵاتی دەستەگەری شیعە لە بەغدا، هێشتا بەردەوام بوو لەسەر پێشێلکردنی مافەکانی کورد، وەک بڕینی بوودجە و مووچە و هاوکاری نەکردنی پێشمەرگە و دەیان پێشێلکاری دیکەی دەستووری، کە بە زیانی کورد دەکەوتنەوە، بەتایبەتی شەراکەتی نیشتمانی و سیاسی لە عێراقدا باوی نەما و هێزەکانیش چ لە سەردەمی مالیکی، چ لەسەردەمی عەبادییش کەوتنە دژایەتیکردنی خواست و مافەکانی کورد، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کورد بە تەواوی لە عێراق نائومێد بێت و لە ساڵی٢٠١٧ سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان، بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆم دەدات، بەوپێیەی هیچ ئومێدێک بۆ ژیانکردن لەگەڵ بەغدا نەما.

دوای ئەوەی هەرێمی کوردستان بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆم دەدات، ئینجا عێراق بە ئاگاهاتەوە لەوەی چەندە غەدری لە کورد کردووە و بەخێراییش حکوومەتەکەی حەیدەر عەبادی دووچاری تەنگەتاوی بوو و چەندین ڕێوشوێنی توندیشی گرتەبەر وەک گەمارۆخستنە سەر هەولێر تا لە ئەنجامدانی ریفراندۆم پاشگەزبێتەوە، بەڵام نە حکوومەتی عێراق و نە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش ئامادە نەبوون هیچ گرەنتییەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بدەنە هەرێمی کوردستان، واتە دەیانویست هەرێمی کوردستان لە بڕیاری ریفراندۆم پاشگەزبێتەوە و هیچ شتێکیش بۆ کورد نەکەن، دیارە بەلای کوردەوە ئەمە جێگەی قبووڵکردن نەبوو، بەڕێز مەسعود بارزانی، سەرۆکی ئەوکاتی هەرێمی کوردستان، چەندینجار داوای لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد، ئەگەر بتوانن بەدیلێکی باشتر لە ریفراندۆم بخەنە پێش گەلی کوردەوە، ڕەنگە هەرێمی کوردستان لە بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆم پاشگەزبێتەوە. کەچی هیچ مەرجێکی هەرێمی کوردستان قبووڵ نەکرا و تەنیا دەیانگوت ریفراندۆم ئەنجام مەدەن، ئەویش بەبیانووی

ئەوەی هێشتا شەڕی داعش کۆتایی نەهاتووە، بەڵام سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان تەواو لەوە دڵنیابوو کە تەنیا دەیانەوێت کات بە کورد بکوژن و بۆیەش پێداگری کرد لەسەر ئەنجامدانی ریفراندۆم و سەرئەنجامیش لە ٢٥-٩-٢٠١٧ لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان و ناوچە کێشەلەسەرەکان ئەنجامدرا و زیاتر لە ٩٣٪ی دەنگی بەڵێی هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی دیکەی بۆ جیابوونەوە لە عێراق بەدەستهێنا.

کەمتر لە مانگێک دوای ئەنجامدانی ریفراندۆم و لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧، حکوومەتی عێراقی بە ڕێککەوتن لەگەڵ گرووپێکی دەستڕۆیشتووی ناو حیزبێکی باڵادەستی سلێمانی و بە پاڵپشتی حەشدی شەعبی و سوپای پاسدارانی ئێران، هێرشیکردە سەر کەرکووک و شارەکەش بێ تەقە کەوتە دەست هێزە سوپایی و میلیشیاکانی عێراق، چونکە شارەکە بۆ حەشد چۆڵکرا و فەرمانی شەڕنەکردن لە لایەن ئەو گرووپەی سلێمانییەوە درایە هێزی پێشمەرگە و ئەوەبوو حەشد هاتنە ناو کەرکووکەوە، کە دواتر ئەم ڕووداوە بە خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر ناسرا، کاریگەرییەکانیشی هێندە قووڵبوون، بەتەواوی پێگەی کوردی لە پێشچاوی دونیادا لاوازکرد.

دوای ئەم ڕووداوەش ئیدی حکوومەتی عێراق دووچاری غروری بوو، بە هیچ شێوەیەک گوێی لە کورد نەدەگرت و خۆی بە سەرکەوتوو دەزانی لە بەرانبەر هەرێمی کوردستان، تا ئەو کاتەی لە پردێ و سحێلا لە لایەن هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لەشکرکێشی سوپا و حەشدی شەعبی دەوەستێندرێت.

دوای بەرگری پردێ لە لایەن هێزی پێشمەرگەوە، ئینجا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی داوای وەستانی شەڕی کرد و عێراقیش درکی بەوە کرد،

ئەگەر بەردەوام بێت لەسەر شەڕ و هێرشکردنە سەر پێشمەرگە، ئەوا زیانی گەورە بە ناوچەکە دەگات و پێشمەرگەش لە دوای پردێوە چیتر ئەو پێشمەرگەیەی رۆژی ١٦ی ئۆکتۆبەر نەبوو، بەبێ شەڕکردن خاکی کوردستان رادەست بکات، بۆیە عێراق گوشارە سەربازییەکانی گۆڕی بۆ گوشاری سیاسی و گەمارۆکانی لەسەر هەرێمی کوردستانیش توندتر کردن و داوای لە تورکیاش کرد نەوتی کوردستان رابگرێت و دەروازە سنوورییەکان و فرۆکەخانەکانیش بخرێنە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی عێراقییەوە، ئەگەرچی هەندێک لەو داوایانەی بۆ چووەسەر بە بیانووی دەستووری بوونی هەندێک بابەتەوە، بەڵام هەرێمی کوردستان توانی لە رێگەی سڕکردنی ئەنجامەکانی ریفراندۆم، چاوی دونیا بخاتەوە سەر هەولێر و یەکەم دەروازەی شکاندنی گەمارۆکان و دەستپێکردنی گفتوگۆکانیش لە پاریسەوە دەستپێکرد، کاتێک شاندێکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی لە کۆشکی ئیلێزێ چاویان بەو شاندە کەوت و لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیشدا، سەرۆکی فەرەنسا، ئیمانوێل ماکرۆن، داوای راگرتنی شەڕی کرد و گوتیشی پێویستە ماددەی سەدوچل جێبەجێبکرێت و مافەکانی کوردیش بە دەستوور بدرێن. دوای ئەو رووداوەش پرسی دیالۆگ هاتە ناو ناوەندە سیاسییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش پشتگیری دیالۆگیان کرد.

ئەم کتێبە کۆمەڵە وتارێکی رۆژنامەوانییە، کە پێشووتر سەبارەت بە کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و پرسی سەربەخۆیی کوردستان و دواتر ریفراندۆم و رووداوەکانی دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر زیانە سیاسی و ئابوورییەکان نووسراون و لە رۆژنامە و ماڵپەڕە دیارەکانی کوردستان بڵاوبوونەتەوە. هەروەها لە دووتوێی کتێبەکەدا باس لە عەقڵییەتی دەستەگەری شیعە دەکات دژ بە خواستەکانی گەلی کورد، ئەگەرچی

ئەو کۆمەڵە گرووپ و بۆچوونە جیاوازەی ناو دەستەگەری شیعە، لە هەموو شت دژی یەکتری بوون و تەنانەت هەڕەشەی ڕووخاندنی تەختی حکوومەتی عێراقیشیان دەکرد و خۆپیشاندانی ملیۆنیان دژی یەکتری ئەنجامدەدا، بەڵام کاتێک کار دەگاتە سەر خواستی سەربەخۆیی و پێگەی هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی کورد، ئەوان یەک دەگرن و دەبنە یەک تیمی دژبەر بە کورد. دەشکرێت بڵێین کۆی ئەو وتارانە لە چوارچێوەی پرسی سەربەخۆیی و هۆکارەکانی ئەنجامدانی ریفراندۆم و گرنگی خودی ریفراندۆم و هاوکات ڕووداوەکانی دوای ریفراندۆم دەخولێنەوە، بەجۆرێک قسە لەسەر ڕووداوەکان کراوە کە لە ناوەندە میدیاییەکان قسەیان لەبارەوە کراوە، واتە لێکۆڵینەوە نین، بەڵام تێڕوانینی قووڵی ڕۆژنامەوانین بۆ پرسەکان و دەکرێ بۆچوونەکانیش هەندێکیان هاتبنەتەدی و هەندێکیشیان بەمجۆرە ڕوویان نەدابێت کە پێشبینی کراوبوون. ئەمەش سرووشتی هەر وتارێکی سیاسییە، کە لە ڕۆژنامە و ماڵپەڕەکاندا بڵاودەبنەوە، مەرج نییە هەموو پێشبینییەکانی نووسەر ڕاست بکەونەوە، چونکە نووسەر فاڵ ناگرێتەوە! بەڵام گرنگی ئەمجۆرە وتارانە لەوەدایە کە ڕووداوەکان وەک ئەوەی ئەوکات ڕوویانداوە، یان قسەیان لەبارەوە کراوە، دەگێڕێتەوە.

بۆ نموونە زۆرترین کەس دەیگوت ریفراندۆم ئەنجام نادرێت، بەڵام لە چوارچێوەی ئەم وتارانە بۆ خوێنەر ڕوون دەبێتەوە ئەگەری ئەنجامدانی ریفراندۆم، ئەوکات ئەگەرێکی بەهێز بووە و سەرئەنجام ئەنجامیشدرا، چونکە هۆکاری تەواو باوەڕپێکراو لە بەردەستدابوون تا بتوانین بڵێین ریفراندۆم ئەنجامدەدرێت. یەکێک لەوانە حکوومەتی عێراق و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هیچ بەڵێنێکی چارەسەرکردنی کێشەی کوردیان نەدەدا و تەنیا دەیانگوت ریفراندۆم ئەنجام مەدەن، بۆیە ئەنجامدانی ریفراندۆم ئەو ئەگەرە بەهێزە بوو کە دواتر لە ڕووداوێکی گەورە ڕوویدا و

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش هەستی بەوەکرد کە ئیرادەی ئەنجامدانی ریفراندۆم زۆر لەوە گەورەتر بوو، کە خوێندنەوەیان بۆی کرد.

یەکێکی دیکە لە گرنگی ئەمجۆرە وتارانە لەوەدایە، بە وردی باس لە رووداوەکانی دوای خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر و پرسی دیالۆگی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراق دەکات، لە کاتی خوێندنەوەی هەر وتارێکیشدا ئەو هەستەت بۆ دروست دەبێت، لەو کاتەدا حکوومەتی عێراق چەندە ئازاری دەروونی خەڵکی هەرێمی کوردستانی داوە، بەوەی خەریکی کاتکوشتن بووە، بەوپێیەی نەیاندەویست هەرێمی کوردستان وەک قەوارەیەکی سیاسی بمێنێت و هەرێمی کوردستانیش لە هەوڵی ئەوەدا بووە قەوارەکەی لە چنگ دەستەگەری دەسەڵاتی شیعە بپارێزێت، ئەم هەستەی حکوومەتی عێراق، بەغدای تەواو دووچاری غروری سیاسی و سەربازی کردبوو، هەر رۆژەی بەبیانوویێکەوە پرسی دیالۆگی دوادەخست، چونکە خەونی عێراق تەنیا کەرکووک نەبوو، بەڵکو هەڵوەشاندنەوەی کۆی ئەزموونی سیاسی و کیانی هەرێمی کوردستان بەگشتی بوو، بەڵێ لەو وتارانەدا هەست بەو شەڕە گەرمە دەکرێت کە عێراق دەیوست هەرێمی کوردستان بکاتەوە بە چەند پارێزگایەکی عێراقی و هەولێریش لە خەمی پاراستنی ئەو کیانە کوردییە دابوو.

ئەم کتێبە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم پەیوەندی بە پرسی سەربەخۆیی کوردستان و بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆمەوە هەیە، دیارە ئەمەش لە کاتی خۆیدا ببووە رۆژەڤی میدیا ناوخۆیی و عێراقی و عەرەبی و جیهانییەکان، بەجۆرێک زۆرترین وڵاتە زلهێزەکانی بەخۆیەوە سەرقاڵکردبوو، بەتایبەتی وڵاتانی ناوچەیی بە دیاریکراویش تورکیا و ئێران و هەروەها عێراق، کە ریفراندۆمی تێدا ئەنجامدەدرا، بەوەی گەلێک لە گەلانی عێراق، داوای جیابوونەوەی لە عێراق کرد.

هەروەها بەشی دووەمیش پەیوەندی بە ١٦ی ئۆکتۆبەر وەک خۆی و رووداوەکانی دواترییەوە هەیە، بەوپێیەی کورد دیسانەوە فۆکەسی جیهانی کەوتەوە سەر کە عێراق بە چەکی ئەمەریکی وەڵامی ریفراندۆمی دایەوە، لە کاتێکدا هەم عێراق و هەمیش کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، دەیانزانی ئەوەی کورد کردوێتی، تەنیا مومارەسەکردنی مافەکانی خۆی بووە لە چوارچێوەی یەکێک لە رەگەزە گرنگەکانی دیموکراسییەت، بەڵام عێراق ئەو رەگەزەی خستە ژێر چەپۆکی خۆی و بە هێرش و لولەی تانک و ئاڕاستەکردنی تۆپ، وەڵامی خەڵکی کوردستانی دایەوە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش بە هۆی بەرژەوەندی فراوان و زیاتریان لەگەڵ عێراقدا، چاوپۆشیان لە رووداوێکی وەک ١٦ی ئۆکتۆبەر کرد، دەرهەق بە گەلێکی ناوچەکە کە لەوەتەی هەیە مافی سەربەخۆیی لێ سەندراوەتەوە و هەر کاتێکیش داوای ئەو مافەی کردبێت، کوژراوە، ئەنفال و هەڵەبچەی بەسەردا سەپێندراوە، ئۆکتۆبەری لە دژ ئەنجامدراوە. سەرباری هەموو ئەوانە هەرێمی کوردستان لە پێناوی دوور خستنەوەی مەترسییەکانی شەڕ لەسەر هەولێر و بەغدا، داوای دیالۆگی کرد و ئەنجامی ریفراندۆکی سڕکرد، بەڵام هێشتا حکوومەتی عێراق دڵی بەوە ئاوی نەدەخواردەوە و بەردەوام بوو لەسەر گەمارۆکانی تا ماوەی چەند مانگێک، پاشان بە هۆی نزیکبوونەوەی هەڵبژاردن و گوشارەکانی دواتری نێودەوڵەتی بۆ دانوستانی نێوان هەولێر و بەغدا، ئەوەبوو بەغدا نەحتێک نەرمی نواند، ئەویش بەبێ چارەسەرکردنی کێشە جەوهەرییەکان.

# بەشی یەکەم

# پرسی سەربەخۆیی و ریفراندۆمی کوردستان

بەشی یەکەم

پرسی سەربەخۆیی و ریفراندۆمی کوردستان

## گرەنتی سەرکەوتنی کوردستان چییە؟

ئێستا چاوی دونیا لەسەر ناوچەکەیە و ئەگەری گۆڕانکاریی گەورە لە ئارادان، گەلی کوردیش لە هەردوو بەشی باشووری کوردستان و رۆژئاوای کوردستان، کە مەبەست عێراق و سووریایە، بێبەش نابن لە گۆڕانکارییە سیاسی و جوگرافی و سەربازییەکان.

عێراق بە هۆی ململانێی مەزهەبی و شکستیی سوپاکەی بەرانبەر بە چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) دووچاری پەرتەوازەیی بووەتەوە، بەجۆرێک دامەزراوە ئەمنی و مەدەنی و یاساییەکانی عێراق، ناتوانن بە رۆڵی راستەقینەی خۆیان هەڵبستن و لە سەرووی هەموو ئەوانەوەشەوە، ناکۆکیی شیعەگەرایی و سوننەگەرایی هەنگاوی مەترسیداریی هاویشتووە، تا ئەو ئاستەی، هێزە عێراقییەکان لەبری ئەوەی بە یەکگرتوویی شەڕی تیرۆریستان بکەن، بەپێچەوانەوە دژی یەکتری هەڵوێست وەردەگرن، سوننەکان دەڵێن: نابێت حەشدی شەعبی بەشداری رزگارکردنەوەی ناوچە سوننییەکان بکات، شیعەکانیش دەیانەوێت دەسەڵاتی خۆیان لە هەموو شوێنێکی سوننەنشیندا جێگیر و بەهێز بکەن، ئەمە سەرباری ئەوەی کە شیعەکان لەناو خۆیاندا تەبا نین، ئەوەتا موقتەدا سەدر، رێبەری رەوتی سەدر، دژی سەرۆکوەزیرانی عێراق، کە ئەویش شیعە

مەزهەبە، خۆپیشاندانی ملیۆنی ئەنجامدەدات، هاوکات باڵەکەی خۆی، نزیکەی شەش وەزیر و بە سەدان بەڕێوەبەر و بەڕێوەبەریی گشتی و بریکاری وەزیر و دەیان پۆستی دیکەی لە حکوومەتەکەی عەبادییدا هەیە، ئەمە جگە لەوەی نزیکەی ٤٠ پەرلەمانتاری هەیە، ڕەنگە ئەمانە بۆ عێراقییە عەرەبییەکان، باش نەبن، بەڵام بە نیسبەت کوردەوە، خاڵیی باشن و پێویستە کورد سوود لەو ناکۆکییانە وەربگرێت، بۆ ئەوەی پێگەی خۆی لەو عێراقە شکستخواردوو و سەرقاڵ بە شەڕی مەزهەبی، بەهێزتر بکات و بە یەکڕیزییەوە بەرنامە بۆ دیارییکردنی چارەنووسیی خەڵکی کوردستان دابندرێت، ئەگینا ئاماژەکان پێمان دەڵێن خەریکە عێراقییەکان دەست لە کورد دەشۆن، بەو مانایەی دەزانن ئیدی کورد بیر لە ئایندەی خۆی دەکاتەوە، کە سەربەخۆییە، ئەگەرچی عێراقییەکان باش دەزانن، هێشتا ئێمە بە هۆی ناکۆکیی ناوخۆییەوە، وەک پێویست هەنگاومان بۆ ئەو پرسە نەناوە، هەڵبەت ئەگینا ئێستا کات لەبارە و باشترین دەرفەتی سیاسییە کە هاتووەتە بەردەم گەلی کوردەوە، بەوپێیەی کەرکووک و زۆربەی هەرە زۆری ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، لەڕووی کردەییەوە، لەژێر دەسەڵاتیی هێزی پێشمەرگەدان و سەرباری قەیرانی دارایی و هاوکاری نەکردنی پێشمەرگە، لە لایەن عێراقەوە بۆ شەڕی داعش، بەڵام هێزی پێشمەرگە، چونکی بڕوای پتەوی بە پرسی گەلی کورد هەیە، توانیوێتی بەرگری لەو ناوچانە بکات و بە خوێن بیانپارێزێت، لە لایەکی ترەوە، هەرێم ئێستا خۆی نەوت بەشێوەیەکی سەربەخۆ دەفرۆشێت، ئەگەرچی بە هۆی دابەزینی نرخی نەوتەوە، نەیتوانیوە پێداویستی خەڵکی کوردستان دابینبکات. بەڵام قسەکردنی ئێمە لەسەر شتێکی دیکەیە، کە لە رووە ستراتیژییەکەیەوە سەربەخۆیی ئابووریی بەدەستهاتووە و لە ئەگەری بەرزبوونەوەی نرخی نەوتدا، ئینجا کاریگەرییەکانی دەردەکەون.

بە نیسبەت ڕۆژئاوای کوردستانیشەوە، ئەگەری بەهێز هەیە کە

بەشار ئەسەد لە دەسەڵاتدا نەمێنێت و بەمەش دابەشبوونی سووریا زۆر بەهێز دەبێت، بەڵام بە تێڕوانین بۆ شەقام و پەیوەندیی لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان، کورد لە دۆخێکی باشدا نییە، تا لە کاتی گۆڕانکارییەکاندا بتوانێت بەهێزی یەکڕیزی و یەکهەڵوێستییەوە، هاوکێشەکان لە بەرژەوەندی خۆیدا یەکلایی بکاتەوە، بەتایبەتی یەکهەڵوێستی و یەکڕیزی لە ناوخۆی هەرێمدا، کە گرەنتی سەرکەوتنی کورد دەکات، لە هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستاندا، چونکە هەرێم لە رووی یاساییەوە، دانپێدانراوە و هێزی پێشمەرگە و حکوومەت و پەرلەمان و سەرۆکی هەیە.

کەوایە بە هۆی تێکچوونی پەیوەندییە ناوخۆییەکانی هەرێم، کورد بە گشتیی زەرەر دەکات و هیچ تاکێکی دڵسۆزی کوردیش سوودمەندی ئەو ناکۆکییانە نابێت، جگە لەوانەی بە هەر هۆکارێکەوە بێت، دەیانەوێت ئیش لەسەر ناشیرینکردنی ناوبانگی کورد بکەن، ئاخر نەیارانی کورد، زۆر بە باشی کار لەسەر ئەوە دەکەن کە پەرتەوازەیی لەناو ریزی لایەنە سیاسییە کوردییەکاندا دروستبکەن، بۆ ئەوەی پرس و چارەنوەسیی راستەقینەی کورد بە ئاقارێکی خراپدا بەرن.

ئەو هەلومەرجە سیاسییە ئاڵۆزەی رووی لە هەرێم کردووە، دەبێ پێش ڕوودانی گۆڕانکارییەکان چارەسەر بکرێن، هەر هێز و لایەنێکیش هەوڵی زیاتر ئاڵۆزکردنی ئەو رەوشە بدات، بێشک مێژوو ناوی وەک خیانەتکاری ئەو سەردەمە دەنووسێت، عینادی سیاسی و سیاسەتیی هەرزەکارانە، دۆخی هەرێم زیاتر ئاڵۆز دەکات، بۆیە گرنگە حیزب و لایەنەکان بۆ ئەم قۆناغە کێشە سیاسی و شەخسییەکانی خۆیان وەلابنێن و بە یەکڕیزییەوە بەرەو رووی گۆڕانکارییەکان ببنەوە، چونکە گرەنتی سەرکەوتنی گەلی کوردستان لە یەکڕیزیی دایە.

**رۆژنامەی خەبات، ٢٠١٦/٣/٨**

# عێراق لە خراپەوە بەرەو خراپتر

لە ئێستادا عێراق لە قۆناغێکی سەختی سیاسی و ئەمنیی دایە، لایەنە شیعە و سوننەکان بە هەموو شێوەیەک دژایەتی یەکتری دەکەن، بەڵام کاتێک پرسێک پەیوەندیی بە هەرێمی کوردستانەوە دەبێت، ئەو دوو گرووپە مەزهەبییە دەبنە یەک تیم بۆ دژایەتیکردنی کورد، تەنیا لە دژایەتیی هەرێمی کوردستاندا نێوانیان باش دەبێتەوە، ئەگینا بەردەوام ڤێرژنی کۆنە بوغزی زیاتر لە هەزار ساڵە بەرانبەر یەکتری زیندوو دەکەنەوە.

لەو هەلومەرجەی ئێستای عێراقدا، دەبێ کورد بیرێک لە ئایندەی خۆی بکاتەوە، لەبەر ئەوەی عێراق بەرەو باشبوون ناچێت و هەتا دێت ناکۆکییەکانیش قووڵتر دەبنەوە و شەراکەتی پێکهاتەکان، سەبارەت بە بەڕێوەبردنی عێراق، بەرەو نەمانی یەکجارەکی دەچێت، تەنانەت لەناو خودی عەرەبەکاندا، شیعە دەیەوێ سوننەی عەرەبی بە یەکجاری پەراوێزبخات، ئەمە چ جای ئەوەی ناکۆکی نێوان گرووپەکانی ناو شیعە کە بەسەر مالیکی و عەبادیدا دابەشبوونە لە پەرەسەندن دایە، بەگوێرەی رەوشەکە ئایندەی عێراق، لە خراپەوە بەرەو خراپتر دەچێت، بە تایبەتی لە پەیوەست بە مافەکانی کورد هیچ ئومێدێک

بەدی ناکرێت، ئەوەتا بە هەموو شێوەیەک دژایەتی کورد دەکرێت و مافەکانی ئەو گەلە ستەمدیدەیە پێشێل دەکرێت و هیچ لایەنێکی عێراقی هەڵوێستی نییە، جگە لە هەندێک دروشمی سیاسی نەبێت کە ئامانج لێیان فێڵکردنە لە کورد نەک چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە دەستەبەرکردنی مافەکانی بەگوێرەی یاسا کە پێکهاتەی دووەمی عێراقە.

کەوایە مانەوەی کورد لە بەغدایەکی ئاوهادا، دەچێتە باری کاتکوشتنەوە و ئاماژەیەکی خراپیش دەبێ کە گوایە کورد رازییە بەوەی لە بەغدا رۆڵ و پێگەی کورد فەرامۆشبکرێت، بۆیە گەڕانەوە بۆ هەولێر، مەبەست لە گەڕانەوەی نوێنەرانی کوردە بە بڕیاری ساسیی هەرێمی کوردستان، دەکرێ باشترین دەرفەتێک بێت کە دەتواندرێت هەم بۆ پرۆژەی راگەیاندنی دەوڵەت و هەمیش بۆ ئەم قۆناغە وەک کارتی سیاسی بەرانبەر بەغدا بەکاربهێنرێت.

ئەگەر کورد پێیوابێت بەغدا مافەکانی دابیندەکات، تێگەیشتنێکی هەڵەی هەیە بۆ کۆی دۆخەکە، لەکاتێکدا بە ئاشکرا بەغدا نایەوێت کورد بە مافەکانی بگات و هەرێم پێشبکەوێت و خەڵکەکەی خۆشبەخت بن، بە هۆی ئەوەی خۆی لەم رووەوە فەشەلی گەورەی هێناوە، کەوایە چەندی زووە پێویستە کورد بڕیاری گەڕانەوە بۆ هەولێر بدات و پرۆژەی سەربەخۆییش خێراتر بکات.

**رۆژنامەی خەبات، ٢٠١٧/٣/٢٩**

# دەوڵەتی کوردستان نەک دەوڵەتی کوردی

دوای چەسپاندنی فیدراڵییەتی باشووری کوردستان، ئیدی قسەکردن لە پرسی کورد، پێیناوەتە قۆناغێکی دیکەوە، جاران بەر لە ڕووخانی ڕژێمەکەی سەددام حوسێن، باسی جۆرێک ئۆتۆنۆمی، یاخود پاراستنی کورد دەکرا، بەڵام دوای ڕووخانی ئەو ڕژێمە، ئێستا بەشێوەیەکی یاسایی و دەستووری، هەرێم بووە بە خاوەنی فیدراڵییەتێک، نزیکە لە سەربەخۆییەوە، بەوپێیەی فیدراڵییەتی هەرێم، لەگەڵ زۆرێک لە وڵاتانی دیکەدا بە هۆی وابەستە نەبوونی هەرێم بە دەوڵەتی ناوەندییەوە جیاوازە و لە چوارچێوەی فیدراڵیزمدا خۆی خۆی بەڕێوەدەبات و کەمتر پشت بە بەغدا دەبەستێت.

بەشێک لە هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بەغدا نایەوێت، یاخود تێگەیشتووە، ئیدی کورد بەرەو جیابوونەوە هەنگاو دەنێت، لەبەر ئەوەشە لە هیچ ڕووێکەوە پاڵپشتیی کوردستان ناکات و دەیان کارتی گوشاری سیاسی و ئابووری لە دژی هەرێم بەکاردەهێنێت، پێشمەرگە شەڕی دەوڵەتیی ئیسلامیی دەکات، کەچی بەغدا ئامادە نییە، بە تەنیا یەک کلاشینکۆفیش هاوکاری ئەو هێزە کوردییە بکات! بەڵام لە بەرانبەری ئەوەدا خەرجییەکی زەبەلاح، بۆ هێزە خێڵەکی و مەزهەبگەرا و میلیشیای توندڕەوی حەشدی شەعبی دابیندەکات.

سەرباری ئەوە، تەنانەت بودجە و مووچەی خەڵکیشی بڕیوە بە بیانووی ئەوەی هەرێم نەوت دەردەهێنێت، بەڵام کە نەوتەکەشی ڕادەست دەکات، بەغدا دیسانەوە ئامادە نییە تەنانەت پارەی ئەو نەوتەی ڕادەستی کراوە، بیداتەوە هەرێم، هاوکات ئاوارەیەکی زۆری عێراقی و سووری، ڕوویان لە هەرێم کردووە و باری هەرێمییان قورستر کردووە، کەچی بەغدا هاوکاری هەولێر ناکات و بەپێچەوانەوە هەوڵی کەمکردنەوەی پشکی کورد دەدرێت لە بەغدا و ماددەی ١٤٠ جێبەجێناکرێت، ئەمانە و گەلێک پرسی دیکە هەن کە دەیسەلمێنن بەغدا لەوە گەیشتووە، هەرێم ڕێچکەی سەربەخۆیی گرتووە.

لەگەڵ ئەوەی دژایەتی زۆری پرسی دەوڵەتی کوردستان دەکرێت، بەڵام ڕۆژ دوای ڕۆژ، هەنگاوەکان زیاتر نزیکی سەربەخۆیی دەبنەوە، ئەگەرچی سەربەخۆیی هەروا ئاسان نییە، بەڵام هەر خۆی قسەکردن لە جیابوونەوە و دەوڵەتی کوردستان، جۆرێک لە پەیداکردنی ئاشنایەتییە بە گوێی جیهان و شەقامی عەرەبی و وڵاتانی ناوچەکەدا کە کوردیش مافی ئەوەی هەیە وەک ئێوە دەوڵەتی خۆی هەبێت.

ئەو دەوڵەتەی لە لایەن سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستانیشەوە ئیشی بۆ دەکرێت، بووەتە دەنگوباسی جیهان، بەڵام نەتواندراوە لەسەر ئاستی ناوخۆییدا ئامانجەکانی دوای ڕاگەیاندنی ڕوون بکرێنەوە، ئەمەش بووەتە جێگەی ترسی پێکهاتە غەیرە کوردەکانی هەرێم، بە هۆکاری بە هەڵە بەکارهێنان و قسەکردن لەسەر ئەو دەوڵەتە، کەسانێک لەبری ئەوەی بڵێن: دەوڵەتی کوردستان، دەڵێن دەوڵەتی کوردی، ئاخر ئەمە هەڵەیەکی مەترسیدارە بۆ ئایندەی ئەو دەوڵەتەی ئێمە ئیشی بۆ دەکەین، بەو مانایەش نییە، کورد زۆرینە نین لە هەرێمی کوردستاندا، بەپێچەوانەوە لە ٩٠٪ بەسەرەوە، پێکهاتەی هەرێمی کوردستان، لە نەتەوەی کورد پێکهاتووە، ئەگەر ڕەگەزپەرستی نەبێت، دەتوانین بڵێین، ڕاستەوخۆ ئەو دەوڵەتە کوردی دەبێت.

کەوایە پێویست ناکات تۆ لە خۆتەوە کێشە بۆ خۆت دروستبکەیت، چونکە پێکهاتەکانی دیکەشی تێدایە و هەزاران ساڵیشە لەگەڵ کورددا ژیاون و خۆیان بە خاوەنی ئەو خاکە دەزانن، بەناوهێنانی دەوڵەتی کوردی، رەنگە جۆرێک توورەیی و ترسی ئەو پێکهاتانە دژی دروست ببێت، رەنگیشە لە کاتی ئەنجامدانی ریفراندۆمدا، ئەو ترسە وەک هەڵوێستی نەخێر، دژی سەربەخۆیی کوردستان بەکاربهێدرێن، خۆ ئەگەر هاتوو، دەوڵەتی کوردی راگەیاندرا، کێشەی ئەو پێکهاتانە سەرهەڵدەدات و بە دەوڵەتی خۆیانی نازانن.

بۆیە باشتروایە لەبری دەوڵەتی کوردی، دەوڵەتی کوردستان بەکاربهێندرێت و وەک بنەمایەکیش بێت بۆ بەڕێوەبردن و ئایندەی دەوڵەتەکە لە ئەگەری راگەیاندنیدا، مادام ئێمە باس لە راگەیاندنی دەکەین، بەپێچەوانەوە هەر فەرامۆشکردنێکی پێکهاتەکان، بێشک ناسەقامگیری دروستدەکات و بۆ ئایندەی پێکەوەژیانی پێکهاتەکانی کوردستانیش باش نابێت، لەبەر ئەوەشە دەوڵەتی کوردستان دروستترە، تا دەوڵەتی کوردی. ئەوکات هەموو گەلان و نەتەوە و پێکهاتەکانی کوردستان، خۆیان بە خاوەنی دەزانن، بەپێچەوانەوە لە چوارچێوەی دەوڵەتی کوردییدا، تەنێ کورد ئەو دەوڵەتە بە هی خۆی دەزانێت و ئەمەش ناسەقامگیری و نائارامی بە دوای خۆیدا دەهێنێت و بە کردەوەش سەلماوە، ئەو دەوڵەتانەی لەسەر بنەمای دەوڵەتی نەتەوەیی دامەزراون، ئارامی و سەقامیگرییان لە ئاستێکی خراپدا بووە، بەپێچەوانەی ئەو دەوڵەتانەی لەسەر بنەمای مەدەنی و دیموکراسی و پێکەوەژیانی پێکهاتەکان دامەزراون، ئاستی پێکەوەژیان و خۆشگوزەرانی و سەقامگیرییان زۆر باشن و هەموو پێکهاتەکان دەوڵەت و دامەزراوەکانی بە هی خۆیان دەزانن.

**رۆژنامەی خەبات، ٢٠١٦/٤/٤**

# کورد دەبێ هەولێری هەبێت

لەگەڵ هاتنی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) هەلومەرجی سیاسی و جوگرافی ناوچەکە، گۆڕانکاری بەسەرداهات، راستە کورد لە باشوور و رۆژئاوای کوردستاندا، دووچاری شەڕکردن لەگەڵ گرووپێکی تیرۆریستی پڕچەکی وەک داعش و هەندێک دەستە و تاقمی دیکە بووەتەوە، ئەمە سەرباری ئەوەی، بە هەزاران شەهید و بریندای لە هەردوو پارچە بە زۆر دابڕێندراوەکەی کوردستان، لە پێشمەرگە و شەڕڤان هەن، بەڵام کورد دەرفەتی سیاسی و جوگرافی گەورەی بۆ هەڵکەوتووە، زۆربەی خاکی داگیرکراو لە باشووری کوردستان لە ژێر گوشاری چەک و بە خوێنی پێشمەرگە گەڕێندرانەوە باوەشی هەرێمی کوردستان، بە هەمان شێوەش، لە رۆژئاوای کوردستان شەڕڤانانی کورد، توانیویانە بەشێکی زۆر لە خاکی کوردستان، بخەنە ژێر دەسەڵاتی کورد خۆیەوە و بە گشتی کورد لەڕووی چەکدارییەوە دەرفەتی گەورەی بۆ هەڵکەوتووە و پشتگیری جیهانیشی بەدەستهێناوە، رەنگە ئەو دەستەواژەیە تەقلیدیش بێت، بەڵام دەکرێ بگوترێت کە کورد بە پێشمەرگە و شەڕڤانەوە بە نوێنەرایەتی جیهان شەڕی تیرۆریستان دەکەن و لەڕووی ستراتیژی شەڕیشەوە، کورد

براوە بووە، چونکە داعش لە ناوچە کوردییەکاندا گەشەی نەکرد و شکستیخوارد، بەڵام لە لایەنی سیاسییەوە، ئەوەی تێبینی دەکرێت کورد بەشێوەیەکی یەکگرتووانە نەیتوانیوە ئەو دەرفەتە چەکدارییە ئاوێتەی بەرژەوەندی سیاسی بکات، جۆرێک دابڕان لە نێوان لایەنە سیاسییە کوردییەکاندا هەیە و دواتر بە زیانی کورد دەکەوێتەوە.

سەرجەم وڵات و نەتەوەکانی دنیا مەرجەعی سیاسی خۆیان هەیە و لە کاتی تەنگانە و پرۆژە سیاسییەکاندا ئەو مەرجەعە رۆڵی گەورە دەگێڕێت بۆ بەدەستهێنانی ماف و بەرژەوەندی نەتەوەیی، بۆیە دەکرێت ئیدی کوردیش هەولێری هەبێت، وەک پایتەختێکی دانپێدانراو و ناوەندی سیاسیی کوردستان، کە دەتوانێ رۆڵی گەورە وازی بکات لە گەمە سیاسییەکاندا، بەتایبەتی بۆ ئەم قۆناغە کە مەترسی هەیە لە ئەگەری پەرتەوازەیی کوردان و ململانێی یەکتریدا سەرجەم دەرفەتەکان لە باربچن، مادام هەولێر دانپێدانراوە و لەسەر ئاستی جیهانیشدا زۆربەی سەرکردە و کاربەدەستانی دنیا سەردانی هەولێر دەکەن، بۆ تاوتوێکردنی پرسە سیاسی و سەربازییەکان، دەکرێ سەرجەم لایەنە سیاسییە کوردییەکانیش بە دوور لە بیرکردنەوەی تەسکی حیزبی، هەولێر وەک مەرجەعی سیاسی سەیر بکەن و بۆی بگەڕێنەوە، ناکرێ تا هەتایە کورد مەرجەعی نەبێت، بۆ ئەم قۆناغە هەولێر باشترین دەرفەتێکە کە دەتواندرێت وەک ناوەندی سیاسیی کوردستان حسابی بۆ بکرێت.

ئەوەش بەو مانایە نییە کە مەبەست لە هەولێر شارچێتی و حیزبچێتی بێت، نەخێر هەولێر بە هۆی ئەوەی ئێستا سەرۆکایەتیی هەرێم و پەرلەمان و حکوومەت و ئەنجوومەنی ئاسایش و بارەگەی دەیان حیزبی سیاسی و سەدان دامەزراوەی گرنگی تری لێیە. سەرباری ئەوەی، دەیان کونسوڵخانە و نوێنەرایەتیی وڵاتانی تێدایە، کە دەتوانن

رۆڵیان هەبێت لە کاریگەری دروستکردن بۆ سەر وڵاتەکانی خۆیان.

کات بەخێرایی دەڕوات و تاسەر چەکدارانی داعش نامێننەوە، رەنگە ئەوەی ئێستا بۆ کورد دەکرێت، دوای شەڕی داعش بۆی نەکرێت، کەوایە گرنگە سەرەتا لایەنە سیاسییەکانی باشوور بێمەرجی پێشوەختە بگەنە رێککەوتن و پاشان ئەو رێککەوتنە قووڵ بکرێتەوە بۆ رێککەوتنێکی گشتگیری نەتەوەیی لەسەر ئاستی کوردستان، ئەوکات هەولێر قورسایی سیاسی و جوگرافی گەورە پەیدا دەکات لە سیاسەتی ناوچەکەدا، گرنگیش نییە، کام حیزب و کەسایەتی لە هەولێر ئەو رۆڵە دەگێڕێت، بەڵکو ئەوەی گرنگە، هەولێر ببێتە ئەو ناوەندە سیاسییە، کە سەرجەم پرسە سیاسییەکانی تێدا تاوتوێبکرێت و هەڵوێستی نەتەوەیی بۆ ئەم قۆناغە لە هەولێرەوە رابگەیەنرێت، ئەوکات دنیا بە چاوێکی دیکەوە، سەیری پرسی کورد دەکات، ئەگینا کورد بەو پەرتەوازەییەی خۆیەوە زیانی پێدەگات.

**رۆژنامەی خەبات، ٢٠١٦/٩/٢١**

# کورد چاوەڕێی فرمێسکی کامیرۆنی لە بەغدا ناکات

لە سەروبەندی بەڕێوەچوونی ریفراندۆمی گەلی سکۆتلەندا، بۆ جیابوونەوەیان لە بەریتانیای مەزن، دیڤد کامیرۆنی سەرۆکوەزیرانی ئەوکاتی بەریتانیا، بە چاوی پڕ لە فرمێسکی دڵسۆزانە و خەمێکی قووڵی مرۆیی بۆ سکۆتلەندییەکان گوتی: ئەگەر ئێوە جیاببنەوە، من خۆم دەکوژم! ئەو گوتەیەی کامیرۆن سیاسی نەبوو، دروشمیش نەبوو، تەنیا هەستێکی راستگۆیانەی پیاوێکی سیاسی بوو، بەڵام پاڕانەوە بوو لە سکۆتلەندییەکان تا بە یەکەوە و لە چوارچێوەی بەریتانیای مەزندا بمێننەوە، بۆیە بە خێرایی دەنگیدایەوە و رەنگە هۆیەکیش بووبێت کە سکۆتلەندییەکان مانەوەیان هەڵبژارد.

ئەو دڵگرانی خۆی، کە هی زۆربەی بەریتانییەکانیش بوو، لە ناخەوە نیشانی سکۆتلەندییەکانیدا، هیواشی خواست کە سکۆتلەندییەکان جیانەبنەوە، ئەو دەپاڕایەوە دەنگ بە نەخێر بدەن بۆ ئەوەی پێکەوە ژیانبکەن، بە دڵتەنگییەوە رایگەیاند: ئەگەر ئێوە بڕۆن و لە ئێمە جیاببنەوە، دوای ئێوە، من چۆن دەتوانم بژیم! سوێند بە خودا، ئەگەر ئێوە بڵێن ماڵئاوا، منیش بۆ هەمیشە ماڵئاواییتان لێدەکەم، چونکە دەمرم، خۆم دەکوژم، بۆ وام لێدەکەن؟!

ئێستا کە ئەم چەند دەستەواژەیەی کامیرۆن دەنووسمەوە، منیش هاوشێوەی ئەو، وەک کوردێک، چاوەکانم پڕبوونە لە فرمێسک، بەڵام فرمێسکی من بۆ ئەوەیە، ئێمەی کورد کەوتووینەتە چ مەملەکەتێکی دڵڕەقەوە، نەتەوەیەکی چل ملیۆنی دابەشکراو و خاک زەوتکراوی کولتوور شێوێندراو، سەرەڕای هەموو ئەوانە، هێشتا کورد ویستوویەتی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی بەغدا بژیەت، بەڵام ئەوە سیاسییە فاشیلەکانی بەغدان، ئەوانەی رق بەرچاوی گرتوون، ئەوانەی هەموو شت بە چاویلکەی مەزهەبییەوە دەبینن، لەبری ئەوەی بۆ جیابوونەوەی ئێمە بگرین، بەپێچەوانەوە هەڕەشە دەکەن، چاوسوور دەکەنەوە، سووکایەتی دەکەن، ئەنفال ئەنجامدەدەن، هێز دەنێرنە سەر گەلێکی خاک داگیرکراو، نانت دەبڕن و سیاسەتی برسیکردن و هەڕەشە و تۆقاندن بەرانبەرت پەیڕەو دەکەن، سیاسی و رۆشنبیرەکانی ئەو گەلە، لە هەر چوار بەشەکەی کوردستان زیندانی و تیرۆر دەکەن، من ناڵێم لەبەر کورد، خۆیان بکوژن، نەخێر، چونکە ئەوە لەوان ناوەشێتەوە، تەنیا دەڵێم خۆ دەبوو گوێ لە خواستی نەتەوەیەک بگرن و هەڕەشە نەکەن!

کاتێک کامیرۆن بۆ سکۆتلەندییەکان دەگرێت، خۆ دەزانێت ئەوان ئەگەر جیاش ببنەوە، هیچ مەترسییەک بۆسەر بەریتانیا دروستناکەن، دەیزانی تەنیا لە شێوە فەرمییەکەدا دەبنە دەوڵەت، ئەگینا هەر خۆیان بە بەریتانیایی دەزانن و سیستەمی ڤیزا و بازگە و کۆنترۆڵ لە نێوان خۆیان و بەریتانیاییەکاندا دانانێن، بەڵام ئەوە عەقڵی ئاشتیخوازیی گەلانی رۆژئاواییە کە دوای ماندووبوون لە جەنگ، دەیانەوێت ئەزموونی شەڕ دووبارە نەکەنەوە، دەیانەوێت بە یەکەوە بژین.

راستە پێشتر سکۆتلەندییەکان کێشەیان لەگەڵ بەریتانییەکان هەبوو، بەڵام دواتر لە سایەی ئەو عەقڵییەتە ئاشتیخوازەدا کە کامیرۆنیش وەک کولتوور بۆی ماوەتەوە، توانیان بە ئاشتی و پێکەوەیی بژین، ئێستاش کە داوای جیابوونەوە دەکەن، مانای ئەوە نییە، لە لایەن

بەریتانیاوە غەدریان لێدەکرێت، نەخێر، هەمووان وەک هاونیشتمانی دەژین، بەڵام سکۆتلەندییەکان دەخوازن مافی چارەی خۆنووسینی خۆیان بە جیابوونەوەیان لە بەریتانیادا مومارەسە بکەن. ئاخر ئەوە حەزی مرۆڤە بۆ سەربەخۆیی!

ئێستا کورد داوای سەربەخۆیی دەکات، لەبری ئەوەی سیاسییەکانی بەغدا بۆ جیابوونەوەی کورد بگرین و دڵتەنگبن، کە نەتەوەیەک لە هەڵسوکەوتییان نیگەرانە و لە ناچارییەوە جیادەبنەوە، لەبری ئەوەی، چاوێک بە سیاسەتی هەڵەی خۆیاندا بخشێننەوە، کەچی هەر سیاسی و مەزهەبچییەک لە لای خۆیانەوە هەڕەشە لە کورد دەکەن، بە پیادەکردنی سیاسەتی دیکتاتۆری و شەڕەنگێزانە بەرانبەر گەلێک کە چەندانجار لەسەر دەستی هەمان عەقڵییەت، دووچاری کۆمەڵکوژیی بووەتەوە.

ئاخر کورد ترسی هەیە، بە گومانە، لەبەر ئەوەی ئەزموونی کۆمەڵکوژیی و ئەنفالی دیوە، دەیەوێت ئاییندەی خۆی بپارێزێت لە چوارچێوەی کیانێکی سیاسی سەربەخۆدا. بەڵێ ئەو عەقڵییەتەی لە بەغدایە، مرۆ ناتوانێت لە سایەیدا بژیەت، تەنانەت بە جیابوونەوەی کوردیش لە عێراقدا، هێشتا کورد ناتوانێت بە ئارامی بژیەت، بەوپێیەی هەستی تۆڵەکردنەوە و فیتنەگەری و شەڕەنگێزی لەو ناوچەیەدا، بووە بە کولتووری هێزگەرایی و زۆر زەحمەتە ئەو ناوچەیە ئارامی بەخۆیەوە ببینێت، ئاخر ئارامی و سەقامگیری و پێکەوەژیانی پێکهاتەکانی هەر کۆمەڵگە و وڵاتێک، ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە سایکۆلۆژییەتێکی تەندروستیی کۆمەڵگەوە هەیە، بەڵام بەڕاستی ئەوەی لێرە دەگوزەرێت، غیابە لە هەستی پێکەوەژیان و سایکۆلۆژییەتێکی ساخڵەم کە مرۆڤبوون لە پێش شتەکانی دیکەدا ببینێت، نەک عەقڵییەتی خێڵگەریی و مەزهەبگەریی و ناسیۆنالیستیی توندڕەوانە حوکمڕانێتی بکات.

**ڕۆژنامەی خەبات، ٢٠١٧/٦/١**

# هەڵوێستی ئەمەریکا سەبارەت بە ریفراندۆمی کوردستان

دەکرێ لە جیهاندا بە ئەمەریکا بگوترێ تاکە وڵاتی خاوەن بڕیاری سیاسی و سەربازی، کە جگە لە خۆی، حیساب بۆ هیچ وڵاتێکی دیکە ناکات، بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتدا و لە زۆنی وڵاتانی ئیسلامییدا، هیچ شتێک ناکرێت و ڕوونادات، ئەگەر ئەمەریکا خواستی لەسەر نەبێت.

ئەجێندای سیاسی و سەربازی و هەواڵگری ئەمەریکا، هەمیشە بە چاویلکەی بەرژەوەندییەوە لە شتەکان دەڕوانێت، لە هەندێک شوێندا بەرژەوەندی ئابوورییە، بەڵام لە شوێنێکی دیکە بەرژەوەندی سیاسی و سەربازییە، دەکرێ لە چوارچێوەی وڵاتێکدا لە بەشێکی وڵاتەکەدا بەرژەوەندی سیاسی و سەربازیی هەبێت، بەڵام لە بەشێکی دیکەدا بەرژەوەندی ئابووری هەبێت.

ئێستا بەرژەوەندی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، چەندین لق و پۆپی لێدەبێتەوە و بە هیچ شێوەیەکیش ناخوازێت هیچیان بکاتە قوربانی ئەوی دیکەیان و بەرژەوندییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا جۆرێک لە شێوەی ئیمپراتۆرییەتی وەرگرتووە، کام دەوڵەتەی تۆمەتی دژە ئەمەریکای دەدرێتە پاڵ، دەکرێ لە ژێرەوە پەیوەندیی و بەرژەوەندی لە نێوان ئەمەریکا و ئەو وڵاتەدا هەبێت، بۆ نموونە

ئەمەریکا لە عێراقدا، کورد ناکاتە قوربانی شیعە و سوننەی عەرەب، بە هەمان شێوەش، شیعە و سوننەی عەرەب ناکاتە قوربانی خواستی کورد! ئەمە سیاسەتی ئەمەریکایە هەموو شت لە بەرژەوەندی خۆیدا هەڵدەسووڕێنێت.

بەمە ئەمەریکا دەخوازێ بەرژەوەندییەکانی خۆی نەخاتە ژێر هەڕەشەوە، ئێستا زۆر دەگوترێ گوایە ئەمەریکا دژی ریفراندۆمی هەرێمی کوردستانە، لە راستییدا ئەمەریکا دژی ریفراندۆمی کوردستان نییە، بەڵکو پێیوایە ریفراندۆم لەم قۆناغەدا بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا دەخاتە مەترسییەوە، بەوەی ئەگەر ئەمەریکا راستەوخۆ پاڵپشتیی ریفراندۆم بکات، ئەوکات شیعەکان و هەتا سوننە و تورکمانەکانیش دژی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا دەوەستنەوە، هەڵبەت ئەمەش رەنگە ئێرانی گەورە دژبەری ئەمەریکا، ئەو دەرفەتە بقۆزێتەوە و جڵەوی نارەزاییەکان دژی ئەمەریکا لە عێراقدا بگرێتە دەست. کەوایە ترسی ئەمەریکا رێک لەوەدایە کە بە هۆی ریفراندۆمەوە کۆی بەرژەوەندییەکانی بکەوێتە مەترسییەوە لەو عێراقەی، هەر رۆژەی لەسەر پەتێک یاریی دەکات و هەر دەمەی باڵێکی ناو گرووپە مەزهەبییەکان تێیدا هەڕەشە دەکەن و هەمووی چاوی لەوەیە فەرمانڕەوایی عێراقی بکەوێتە دەست.

بۆیەش هەر زوو ئەمەریکا داوای لە مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان کرد، ریفراندۆم دوابخرێت، بەڵام بارزانی ئەو داوایەی ئەمەریکای رەتکردووەتەوە و دەخوازێت ئەمەریکا بە فەرمی داوای دواخستنی ریفراندۆم بکات، بەو مەرجەی لە کاتێکی دیکەدا ریفراندۆم بە چاودێری ئەمەریکا و وڵاتانی دیکەی هاوپەیمانی ئەنجامبدرێت.

ئەمەش دیسانەوە بۆ ئەمەریکا قورس دەکەوێتەوە، چونکە ئەمەریکا ئەگەر زەغت لە کورد بکات، دەبێ گرەنتییەکیش بدات بە کورد، بەوپێیەی کورد داوای گرەنتی فەرمی لە ئەمەریکا دەکات، ئینجا ریفراندۆم دوادەخات، ئەگینا ریفراندۆم ئەنجامدەدرێت و گفتوگۆکانی

دوای ریفراندۆمیش بەنیسبەت ئەمەریکاوە قورستر دەبن، وەک لەوەی ئێستا هەیە، ئەوکات کورد دەڵێتە ئەمەریکا ئەوەتا گەلی کوردستان داوای جیابوونەوە دەکات، هەڵبەت ئەمەریکاش دەزانێت کە ریفراندۆمی سەربەخۆیی، زۆرینەی بەڵێی دەنگی هاونیشتمانییانی کوردستان مسۆگەر دەکات، ئەمەش واتە قۆناغی دوای ریفراندۆم بۆ ئەمەریکا قۆناغێکی دیکە دەبێت، بەو پێیەی کورد بە تایبەتی بارزانی شێوازی گفتوگۆ و داواکارییەکانی دەگۆڕێت، ئەگەر دوو ساڵ پێش ئێستا، داوای رێککەوتنی نەوتی و ماددەی سەدوچلی دەکرد، ئەمجارە داوای جیابوونەوە دەکات!

کورد لە باشووردا هەر لە زووەوە خۆی وەک هاوپەیمانێکی بەهێزی ئەمەریکا ناساندووە و ئەمەریکاش ئەمەی نەشاردووەتەوە، هەر کورد بوو لە کاتی هێرشی ئەمەریکا بۆ سەر رژێمەکەی سەددام حوسێن، بەشێکی زۆری خاکی عێراقی رزگارکرد و هاوکارییەکی زۆری هێزەکانی ئەمەریکاشی کرد لە نەخشەی سەربازی هێرشکردنە سەر سەنگەرەکانی سوپا و چاوساغی راستەقینەی هێزەکانی ئەمەریکا بوو لەو عێراقەی کە هیچ کەس لایەنداری ئەمەریکا نەبوو، جگە لە کورد، کەوایە ئێستا ئەمەریکا ناتوانێت بەو جۆرە بێوەفا بێت بەرانبەر کورد کە هەمیشە وەک هاوپەیمانێکی راستەقینە لە ناوچەکەدا ناسراوە، راستە لە سیاسەتدا بێوەفایی ڕوودەدات، چونکە سیاسەت پەیوەندی بە بەرژەوەندییەوە هەیە، بەڵام قسەی ئێستا لەسەر بەرژەوەندی سیاسی و سەربازییە کە ئەمەریکا لەگەڵ هەرێمدا هەیەتی، وەک ئاماژەمان بۆ کرد، بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا فراوانن و ئێستاش لە عێراقدا گوشاری زۆر لەسەر پێگەی ئەمەریکا هەیە، خۆ ئەگەر هاتوو، بە ئاشکرا پاڵپشتیی ریفراندۆمی کوردستان بکات، دژبەرەکانی زیاتر دەبن.

لێرەدا ئەمەریکا دەخوازێت بۆ ماوەیەک ریفراندۆمی سەربەخۆیی

دوابخرێت، لە بەرانبەردا کورد داوای گرەنتی دەکات تا ریفراندۆم لە کاتێکی دیکەدا ئەنجامبدرێت. ڕەنگە ئەمە بە لای ئەمەریکاوە قورس بێت، بەڵام دۆخی عێراق، ئەوە دەخوازێت ئەمەریکا بە ئاسانی دەست لە هاوپەیمانەکانی بەرنەدات، بەتایبەتییش کورد، کە لە شەقامی ئەمەریکی و ئیسرائیلی و زۆرێک لە هاوپەیمانەکانی دیکەی ئەمەریکا، وەک دۆستی ئەمەریکا و سیاسەتەکانی ئەمەریکا ناسراوە، واتە گوشاری جەماوەری و نێودەوڵەتییش لەسەر ئەمەریکا هەیە، کە نابێ کورد فەرامۆشبکات، خۆ ئەگەر هاتوو، ئەمەریکا ئەوەی کرد، هیچ گومان لەوەدا نییە، کوردیش بە دوای بەدیلی ئەمەریکادا دەگەڕێت کە رووسیایە.

بەگشتی ئەوەی سەرنج دەدرێت، ئەمەریکا بە هیچ شێوەیەک دژی ریفراندۆم نییە، بەڵکو ترسی لەوەیە بەرژەوەندییەکانی بکەوێتە مەترسییەوە، لە کاتێکدا بە پرۆژە ئیش لەسەر لاوازکردنی ئەو بەرژەوەندییانە دەکرێت، ئێران دەیەوێت لەو پاشاگەردانییەی عێراق سوودمەند بێت، ئەمەریکاش ئەمە وەک هێڵی سوورد دەبینێت بۆ سەر پێگە و بەرژەوەندییەکانی خۆی، بەڵام بە کردەوە دەرکەوتووە ئێران ئێستا گەمەکەرێکی بەهێزە لە عێراقدا، لە کاتێکدا ئەمەریکا ئیش بۆ دانانەوەی عەبادی دەکات، ئێرانیش دەیەوێت مالیکی دەسەڵات بگرێتەوە دەست، بەڵام هیچ ئاماژەیەک نییە کە ئەمەریکا دژی خواستی گەلی کوردستان بوەستێتەوە. بەوپێیەی دەرکەوتووە کورد بەڕاستی هاوپەیمانێتی واشنتۆنی قبووڵکردووە، ئەمە تەنانەت لە شەقامی ئەمەریکیشدا ڕەنگیداوەتەوە کە کورد هاوپەیمانی ئەمەریکایە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

## ماڵپەڕی شارپرێس

# لە خوێنەوە بۆ ریفراندۆم

بیست ساڵێک پێش ئێستا، گەلی کوردستان لە بری ئەوەی خۆی بۆ ریفراندۆم و سەربەخۆیی ئامادە بکات، بەپێچەوانەوە لەگەڵ دوژمنەکانیدا دەجەنگا و خوێنی بۆ خاکیی داگیرکراوی خۆی دەڕشت، بەڵام ئێستا، دۆخەکە بەشێوەیەکی دیکە کەوتووەتەوە و باڵانسی هێزەکانیش گۆڕاون، باشووری کوردستان، جگە لەوەی پێش رووخانی رژێمی سەددام حوسێن (بەعس) خۆی خۆی بەڕێوەبردووە، چەند ساڵێکیش دوای رووخانی رژێمی بەعس، بووەتە خاوەنی هەرێمێکی فیدراڵی لە چوارچێوەی عێراقدا. هەروەها پێشمەرگە لە شەڕی داعشدا، هەم بەهێز بوو، هەمیش خوێنی دیکەشی رشتن، سەرئەنجام بە زەبری چەک و خوێن، مەترسی داعشی لەسەر کوردستان و بەشێکی زۆری ناوچەکانی دیکەی عێراق نەهێشت.

قۆناغی دوای راپەڕین، واتە سەردەمی رژێمی بەعس بە سەرۆکایەتی سەددام حوسێن، قۆناغێکی هەستیارە، بەڵام لە قۆناغی دوای رووخانی بەعسدا، ئیدی کوردیش هەنگاوێکی دیکە دەنێت، بەوەی ئەو بەشە رزگارکراوەی کوردستان، دەبێتە هەرێمێکی دانپێدانراو لەسەر ئاستی

عێراق و دونیادا، لە تەک ئەو قۆناغەشدا، قۆناغێکی دیکە هەیە، ئەویش قۆناغی داعشە.

کاتێک داعش دێتە ناوچەکەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی مووسڵ و چەند شارێکی دیکەی عێراق دەگرێت و هێرشدەکاتە سەر هەرێمی کوردستانیش، ئەویش قۆناغێکی زۆر جیاوازە، کە کاریگەری لەسەر سیاسەت و تێڕوانین و بالانسی هێز لە ناوچەکە و بەتایبەتی عێراق و سووریادا هەبوو، ئەوەبوو سوپای عێراق شکستیخوارد، کەچی پێشمەرگە توانی بە زەبری هێز و قوربانیدان لە قۆناغێکی دیکەدا دەستبەسەر چەندین ناوچەی دیکەی داگیرکراوی کوردستاندا بگرێتەوە، ئەگینا ئەو ناوچانەش هاوشێوەی مووسڵ دەکەوتنە ژێردەستی چەتەکانی داعش.

لە قۆناغی پێش ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین و سەردەمی داعشدا، کورد تەنیا بۆی کراوە بەرگری بکات و لە پێناوی خاکدا خوێن بڕێژێت، بەڵام لە قۆناغی دوای داعشدا، کە مەبەست لە ئێستایە، ئیدی کورد وەک پێویستییەک و مافێکی ڕەوای گەلێکی ستەملێکراو، ریفراندۆم ئەنجامدەدات، واتە لە قۆناغی خوێنەوە بۆ قۆناغی ریفراندۆم، ئەوە گۆڕانکارییەکی گەورەیە لە سیاسەتی کورددا هاتووەتە گۆڕێ، ئەگەر جاران لە ڕێگەی ڕشتنی خوێنەوە، گەلی کورد داوای مافەکانی کردبێت، بەپێچەوانەوە ئێستا لە ڕێگەی نموونەیەکی دیموکراسییەوە داوای ئەو مافەی خۆی دەکات، واتە سەربەخۆیی، بۆیە قۆناغی ریفراندۆم زۆر گرنگە، لێرەدا دەکرێ وەک خاڵێکی دیکە، یانی هەنگاوێکی دیکە، سەیری بکەین، ڕاستە ڕژانی خوێن زۆر گرنگ بوو، بەڵام ریفراندۆمیش تەواوکەری ئامانجی ڕژانی ئەو خوێنە گەشانەیە کە پێشمەرگە و جەماوەری کوردستان لە پێناو ئازادی و سەربەخۆییدا ڕشتیان.

کەوایە گرنگە وەک ڕێزگرتن لە خوێنی گەلی کورد، بەشدارێکی کاریگەری

ریفراندۆم بین، چونکە دەرفەتی ریفراندۆم لە رێگەی رژانی خوێنەوە بەدیهاتووە، هەر کەمتەرخەمییەکیش لە ئاستیدا، کەمتەرخەمییە لە خوێنی رژاوی گەلی کوردستان، ئەوانەی خوێنی خۆیان بەخشی، بۆ ئامانجێکی دیاریکراو بوو، ئامانجی ریفراندۆمیش هەمان ئەو ئامانجەیە کە ئێمە لە پێناویدا خوێنمان رشت.

**رۆژنامەی خەبات، ٢٠١٧/٧/٥**

# ریفراندۆم چیدیکەشە

دوای سەد ساڵ لە دابەشکردنی خاک و گەلی کوردستان، وێڕای هەزاران شەهید و بریندار‌بوونی هەزارانی دیکە، ئەنفال و کیمیاباران و جینۆساید و کاوڵکردنی هەزاران گوند و ناوچەی کوردستان، هەروەها چەندان کردەوەی پیلانگێڕی و دژایەتیکردنی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان، بەڵێ دوای ئەو هەموو رووداو و کارەساتە مرۆیی و ستەمکارییەی دژ بە کورد وەک پڕۆژەیەک ئەنجامدراون، بەڵام هێشتا کورد وەکخۆی، واتە وەک نەتەوەیەک شوناسی خۆی پاراستووە، بەو مانایەی هیچ نەتەوەیەک لە ژێر گوشاردا کۆتایی نایەت، بەڵێ کوردیش کۆتایی نەهات، ئەزموونی خۆپارێزی و مانەوەی شوناسی نەتەوەیی کورد، بە دونیای گوت، دەکرێ نەتەوەکان لە قۆناغێکدا بێدەنگ بن و نەتوانن مافەکانیان بەدەستبهێنن، بەڵام هیچ کات ئەوە بە مانای کۆتایی شوناسی ئەو نەتەوەیە نایەت، نموونەی ئێستای گەلی کوردستان لە دونیایەکی ئاڵۆزیی ناوچەیی و جیهانیدا، وێنایەکی گەورەیە کورد بەوپەڕی جورئەتەوە داوای بەدەستهێنانەوەی مافە زەوتکراوەکانی دەکات، بەڵام ئەمجارە لە رێگەی چەک نییە، ئەگەرچی چەکیشی هەیە، بەڵام ئیدی کوردیش دەزانێت مەرج نییە هەموو کات،

مافەکان لە ڕێگەی چەکەوە بۆ خاوەنەکانیان بگەڕێندرێنەوە، کورد چەکی بەکارهێنا بۆ ئەوەی ئەمڕۆ لە ڕێگەی ئاشتی و دیموکراسییەوە داوای مافەکانی بکات، سەرکردایەتی کورد لە ئێستا دەتوانێت لە ڕێگەی چەکەوە، بێ هیچ گەڕانەوەیەک بۆ ڕەئی خەڵکی کوردستان و وڵاتانی ناوچەکە، دەوڵەت دروستبکات، چونکە ئەو زەمەنە بەسەرچووە، کورد بچەوسێندرێتەوە و هەموو وڵاتانی ناوچەکەش لەو ڕاستییە گەیشتن کە لەم قۆناغەدا کوردیش ئەو هێزە مرۆیی و چەکدارییەیە، ئەگەر بیەوێت دەتوانێت ئاڵۆزیی گەورە لە ناوچەکە دروستبکات، بەڵام کە نایکات، مانای ترس نییە، بەڵکو لە تەک هەبوونی چەکدا، ڕێگەی یاسایی و ئاشتییانەی هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی مافەکانی بەدەستبهێنێتەوە، ئەویش لەم قۆناغەدا ریفراندۆمە.

لە قۆناغی دوای ریفراندۆمیش، ئەگەر دووبارە هێزەکان بیانەوێت کورد پەراوێزبخەنەوە، کوردیش زمانی چەک دەزانێت، هەر هیچ نەبێت دەتوانێ گەورەترین سەرئێشە بۆ ناوچەکە دروستبکات و ئەوکات هەقی خۆشیەتی، ئاخر مەعقول نییە، گەلی وا هەیە، چارەگی کورد نابێت و دەوڵەتیشی هەیە! وڵاتی وا هەیە، تەنانەت هێندەی پارێزگەی سلێمانیش نابێت، کەچی دانییپێدرانراوە! بەڵام کورد مێژوو و زمان و ئابووری و خاک و هێزی خۆشی هەیە، نەتەوەیەکی نزیک لە پەنجا ملیۆنییە، کەچی سەربەخۆیی پێ ڕەوا نابینن، ئیدی پێویستە کوردیش وەک هێزە تازەکە لە هیچ نەترسێت، بەوپێیەی ئەو ڕووداوانەی لە رابردوودا دژی کورد ئەنجامدراون، لە قۆناغێکدا بوونە کە کورد چەکی باشی نەبووە، حکوومەت و سەرۆکی نەبووە، بەڵام ئێستا هەم چەک و هەمیش حکوومەت و سەرۆکیشی هەن.

کەوایە ئیدی دەبێ هێزەکانی ناوچەکە بزانن کوردیش لەمەودوا ئەو کوردەی جاران نییە بە ئاسانی پرۆژەی ستەمکاریی هەڵەبجە

و ئەنفالی بەسەر تاقیبکەنەوە، ئەگەر سەرۆکوەزیرانەکەی بەغدا دەتوانێت بەبێ مۆڵەتی هەولێر، بێتە کوردستان، با بفەرمووێت، بزانین چۆن پێشمەرگەیەک، چۆن ئاسایشێکی کورد، رێگەی بەغدای پێ نیشاندەداتەوە، هەڵبەت ئەم قسەیە تەحەدا نییە، بەڵکو واقیعی ئێستای کوردە کە ئەویش هەیە و دەبێ زیاتریش بێت.

ئێستا زۆر قسە لەبارەی ریفراندۆمەوە دەکرێت، زۆربەی بەلای ئەوەدا نەچووە وەکخۆی پەیامی ریفراندۆمی سەربەخۆیی بگەیەنن، راستە بۆ سەربەخۆییە، بەڵام هەر خودی پەیامەکە بۆ دوای سەربەخۆییش گرنگێتی سیاسی خۆی هەیە، بەو مانایەی ئیدی کورد توانی لە رێگەی ریفراندۆمەوە ئیرادەی خۆی بسەپێنێت بەسەر ویستی ناوچەکە.

ریفراندۆم چیدیکەشە، ریفراندۆم پەیامی گەلێکە دەیەوێ چیتر بێدەنگ نەبێت، گەلێک چیتر متمانەی بە ناوچەکە نەماوە و دەخوازێت خۆی خۆی بێت، وێڕای هەموو ئەوانە بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆم زەنگێک بوو، گوێی ناوچەکەی بەئاگا هێنایەوە کە هێزێکی تازە بە رێگەوەیە!

**رۆژنامەی خەبات، ٢٠١٧/٩/٧**

# بۆچی کوردستان ریفراندۆم ئەنجامدەدات؟

لەوەتەی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان، بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆمی داوە، زۆرێک لە سیاسییە عێراقییەکان، بەشێوەی هەڕەشە و هەندێکجاریش لە بەرگی ئامۆژگاریی ساختەدا، هەڵوێستییان دەربڕیوە، کە نابێ کورد ریفراندۆم ئەنجامبدات و ئێمە برای یەکین و عێراقیش هی هەموو عێراقییەکانە و کوردیش بەشێکی گرنگی پێکهاتەی عێراقن و جیابوونەوەی کوردستانیش زیان بە یەکپارچەیی خاکی عێراق دەگەیەنێت. ئەمجۆرە دەستەواژانە و چەندانی دیکەش دەبیستین.

عێراق، هیچ کات عێراقی کورد نەبووە، بەڵکوو سەرئێشە و هۆکاری ئازاردان و چەوساندنەوەی گەلانی کوردستان بووە، ئەو بەهەشتە نەبووە کە سیاسییە مەزهەبییەکانی عێراق باسی دەکەن، مادام عێراق نەیتوانی گەلی کورد وەک نەتەوەیەکی جیاواز لە عێراقدا قبووڵ بکات، کورد چیتر ناتوانێت لەو جۆرە عێراقە دروستکراوەدا بمێنێتەوە! خۆ ئەگەر عێراق بەڕاستی عێراقی سەرجەم پێکهاتەکان بووایە و هەمووان وەک یەک مافیان دابینکرایە، ئێستا کوردیش داوای جیابوونەوەی

نەدەکرد. بەڵام ئەو عێراقەی سیاسییە عێراقییەکان بانگەشەی ئەوەی بۆ دەکەن، گوایە هی سەرجەم پێکهاتەکانە، هیچ کات هی کورد نەبووە و تەنانەت هی پێکهاتە غەیرە کوردەکانیش نەبووە، کە کەوتوونەتە ناو بازنەی ژیانکردن لە کوردستاندا، ئەنجامدانی ریفراندۆمیش بانگەشەکردن نییە بۆ تێکدان و لێکترازانی عێراق وەک دەوڵەت، نەخێر هەرێم دەیەوێت ئەو دەستەواژەیەی هەرێمبوونە، بگۆڕێت بەو دەستەواژەیەی کە شایستەی نەتەوەیەکی چل ملیۆنی بێت، ئەویش دەوڵەتی کوردستانە.

ڕاستە عێراق هی ئێمەی کورد نەبووە، بەڵام کورد لە زۆر قۆناغدا بەرگری لە عێراق کردووە و هەوڵی سیاسی و سەربازی زۆریداوە بۆ ئەوەی عێراق بەخۆیدا بچێتەوە و ببێتە عێراقی سەرجەم پێکهاتەکان، لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی دیموکراسی و مەدەنیدا، بەجۆرێک سەرجەم هاووڵاتییانی مافیان تێیدا یەکسان و پارێزراو بێت، بەڵام دیسانەوە کورد بێ ئومێدکرا و تەنانەت لە شەڕی تیرۆریستانی داعشدا، عێراق لە کاتێکدا سوپاکەی لەبەردەم هێرشی داعش دەشکا، ئامادە نەبوو، تەنانەت پاکەتێک فیشەک بۆ پێشمەرگە بنێرێت، مادام خەمی یەکپارچەیی عێراقییانە! بۆچی هاوکاری پێشمەرگەیان نەکرد کە ئەو بەشە گرنگەی عێراق لە مەترسی بپارێزێت؟!

بەپێچەوانەوە حەزیان دەکرد هەرێمی کوردستان بکەوێتە ژێردەستی داعش تا چەپڵە بۆ کورد بکوتن و شکستی خۆیان بشارنەوە. بەڵام هاوکێشەکە وا دەرنەچوو، پێشمەرگە سنووری زەوتکراوی کوردستانی فراوانتر کرد و ئەو ناوچانەشی لە کورد زەوتکرابوون، بە گوشاری چەک و بە خوێن گەڕاندیەوە باوەشی کورد خۆی، ئەمەش یانی ئیرادەی گەلێک کە چیتر بێدەنگ نابێت.

ئەگەر عێراقیش هاوشێوەی بەریتانیا، کە مافی سکۆتلەندییەکانی داوە، ئەویش مافی کوردی بدایە و بەڕاستی عێراقی هەمووان بایە، من دڵنیام ئێستا کوردیش داوای جیابوونەوەی لە عێراقدا نەدەکرد، تەنانەت ئەگەر ریفراندۆمیش بکرایە، ئەوا دووچاری شکستێکی گەورە دەبوو! وەک ئەوەی لە سکۆتلەندا روویدا و هاووڵاتییان مانەوەیان لەگەڵ بەریتانیادا هەڵبژارد، چونکە بەڕاستی بەریتانیا هی هەمووانە، بەڵام تەنگەتاوبوونی عێراق بە ریفراندۆم، نیشانەی ئەوەیە زۆرباش دەزانێ سیاسییەکانی عێراق لە ماوەی سەدساڵی رابردوودا، بەتایبەتی لە دوای رووخانی رژێمەکەی سەددامدا، هیچی باشیان بۆ کورد نەکردووە تا بە هۆیەوە مانەوە لە تەک عێراقدا هەڵبژێرێت.

بەڵێ، ئەگەر عێراق وەکچۆن بەریتانیای مەزن هی هەموو بەریتانی و سکۆتییەکانە، ئەویش هی عەرەب و کورد و تورکمان و کلد و ئاشوورییەکان بوایە، ئێستا ئێمەش باسی ریفراندۆممان نەدەکرد، بەڵام چونکە ئەو عێراقە تەنیا هی نەتەوەی عەرەب بووە و لەناو عەرەبیشدا هی مەزهەبێکی دیاریکراو بووە، لە کاتی سەددام حوسێن هی سوننە و ئێستاش هی شیعەکان و جێگەی هیچ پێکەوەژیانێکی نەتەوەیی و مەزهەبی و کۆمەڵایەتییانەی تێدا نابێتەوە، لەبەر ئەوەیە کورد بە دەنگی بەرز جیابوونەوە لە عێراقدا هەڵدەبژێرێت.

**رۆژنامەی خەبات، ٢٠١٧/٩/١٠**

# گەلی کوردستان بەغدای تاقیکردووەتەوە

هیچ کاتێک سیاسییەکانی بەغدا وەک پێکهاتەیەکی راستەقینەی عێراقی، سەیری گەلی کوردستانییان نەکردووە و لە ئەجێندای سیاسی و فیکرییاندا کورد ئەنتی عێراقە، واتە دژە عێراق، ئەگەر کورد هەزاران چاکەش لەگەڵ بەغدا بکات، لە لای تاکی سیاسی و هەتا زۆربەی تاکەکانی دیکەی کۆمەڵگەی عێراقی عەرەبیش، کورد هێشتا وەک دژە عێراقی دەبیندرێت و ئەم تێڕوانینەش پەرەی سەندووە و کاریگەری قووڵیشی لەسەر باری سایکۆلۆژی شەقامی عێراقی دروستکردووە، بەوەی کورد دژی یەکپارچەیی خاک و نەتەوەی عەرەبن لە عێراقدا.

سیاسییەکانی بەغداش هەمیشە مافیان بە خۆیانداوە کە ستەمکاری و پێشێلکاری بەرانبەر ماف و خواستەکانی گەلی کورد ئەنجامبدەن، لە کاتێکدا هێزە شیعە و سوننەکانی عێراق، بەردەوام لە ململانێیەکی سەختدان لە دژی یەکتری، کەچی کاتێک پرسەکان دێنە سەر مەسەلەی کورد، ئیدی ئاشت دەبنەوە و دژایەتی کورد دەکەنە بەرنامە و پڕۆژەی سیاسی و بەمە شەقامی عەرەبی عێراقی بۆ خۆیان رادەکێشن، تا ئاستی ئەوەی ئەو هێز و سیاسییانەی عێراق، بە بەرنامە دژایەتی

خۆیان بۆ کورد ڕاگەیاندووە، تا متمانەی شەقام لە پڕۆسەکانی دەنگدان مسۆگەر بکەن، بەو مانایەی سیاسی و حیزبە شۆڤێنیستە عێراقییەکان، کارتی دژایەتیکردنی کوردستان بۆ کۆکردنەوەی دەنگ بەکاردەهێنن و بە کردەوەش سەلماوە ئەو هێزانە براوەی هەڵبژاردن دەبن، کە هەست و سۆزی جەماوەرییان بە دژایەتیکردنی ماف و خواستی گەلی کورد جوڵاندووە، کە ئەمە خاڵی نێگەتیڤە لە پەیوەست بە پێکەوەژیانی کورد و عەرەب لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی مەدەنی و دیموکراسییدا کە ئێستا هەندێک لە سیاسیی عێراقی بانگەشەی بۆ دەکەن.

ڕاستە زۆر سیاسی و سەرۆک لە بەغدا هاتن و ڕۆیشتن، بەڵام بە کردەوە و ئەوەی دەبیندرێت، هیچیان جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ یەکتریدا نەبووە لە پەیوەست بە کورد، سەددام هات جگە لە ستەمکاری و کۆمەڵکوژکردنی گەلانی کوردستان، هیچی دیکەی نەکرد، لە دوای سەددامیش، عەلاوی دێت و ئەویش هیچی بۆ کورد نەکرد، جەعفەریش دژایەتی ڕاستەوخۆی خواستی کوردی کرد، سەرئەنجام و لەژێر گوشاری کورد، جەعفەری لادرا، پاشان مالیکی هات، ئەویش لە قۆناغی دوای سەددام خراپترین دەموچاوی سیاسیی عێراقییە لە پەیوەست بە دژایەتیکردنی کورد، تەنانەت مووچە و بودجە و بژێوی خەڵکی کوردستانیشی بڕی، ئەمە جگە لەوەی، چەندینجار هەوڵی لەشکرکێشیدا بۆ سەر کوردستان، بەڵام نەیتوانی.

سەرئەنجام سیاسەتی ئەو پیاوە، نەک هەر زیانی لە کوردستاندا، بگرە زیانی گەورەشی عێراقییەکاندا، بە هۆی سیاسەتی هەڵەی مالیکی، ململانێکان چوونە قۆناغێکی مەترسیدارەوە و دواجاریش داعشی لێکەوتەوە. ڕاستە داعش پێشتریش هەبوو، بەڵام سیاسەتی هەڵەی مالیکی، هۆکاری سەرەکی بوو، لەوەی داعش بەمجۆرە

گەشە بکات و بە ئاسانی دەستبەسەر نیوەی خاکە عەرەبییە عێراقییەکەدا بگرێت، سەرئەنجام بە هۆی هێرشی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان و هاتنەدەستی پێشمەرگە و پاشانیش دروسبوونی هاوپەیمانی نێودەوڵەتیی دژی داعش، پێشڕەوییەکانی داعش وەستان، لەکاتێکدا نووری مالیکی نیوەی خاکی عێراقی رادەستی داعش کرد و ناڕەزاییەکانیش زیادییان کرد، ئیدی ئەمەریکا بە ناچاری مالیکی بە حەیدەر عەبادی دەگۆڕێت، کە سەرەتا عێراقییەکان و کوردیش ئومێدییان وابوو عەبادی سیاسەتە هەڵەکانی مالیکی چاک بکاتەوە، بەڵام لەسەر ئەرزی واقیعدا وا دەرنەچوو، ئەویش درێژەپێدەری هەمان سیاسەتی هەڵەی مالیکی بوو، سەرئەنجام کورد لە سیاسەت و بەڵێنەکانی عەبادیش بێتاقەت و نائومێدبوو، تا ئەوەی بڕیاریدا ریفراندۆم بۆ جیابوونەوە لە عێراق ئەنجامبدات، چونکە هیچ ئومێدێک بە بەغدا نەما و کورد گەیشتووەتە ئەو باوەڕەی ئیدی بەغدا بە کەڵکی پێکەوەژیان نەماوە.

ئێستا کە ریفراندۆم نزیکبووەتەوە، گوشارەکانیش زیادییان کردووە و سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستانیش رایگەیاندووە ریفراندۆم لە وادەی خۆیدا ئەنجامدەدرێت، ئەمەش بە بەڵگەی ئەوەی کە عێراق چیتر ناتوانێت خەونی کورد بەدیبهێنێت لە پەیوەست بە پێکەوەژیان و هاوبەشی راستەقینەی سیاسی و کۆمەڵایەتی، کەوایە جیابوونەوەی کورد لەم قۆناغەدا باشترین چارەسەری سیاسی و کۆمەڵایەتییە، پاشگەزبوونەوەش لە ریفراندۆم دیسانەوە گەلی کورد دووچاری کێشەی دیکە لەگەڵ عێراقدا دەکاتەوە، لە کاتێکدا بەڕاستی عێراق ناتوانێت ئەو عێراقە بێت کە تەواوی پێکهاتەکانی بگرێتەخۆی و بە ئاشتەوایی دەرفەتی یەکسان بۆ تاکەکان دەستەبەر بکات، بەتایبەتی گەلی کورد کە هەمیشە لەبەردەم هەڕەشەی دەروونی و سیاسی و

سەربازی عێراق دایە.

کوردیش وەک نەتەوەیەک پێویستی بە کیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی تایبەت بە خۆی هەیە، لەبەر ئەوەی گەلی کوردستان لە سەد ساڵی رابردوو و ئێستاشدا، بەغدا و سیاسییەکانی تاقیکردووەتەوە، جگە لە ستەم وماڵوێرانی نەبێت، هیچی دیکەی لێیان چنگ نەکەوتووە، کەوایە مانەوە لە تەک بەغدا، درێژەدان و قبووڵکردنی سیاسەتی ستەمکارانەی بەغدایە بەرانبەر گەلی کوردستان، بۆ ئەوەی ستەمیش رەتکاتەوە، پێویستی بە هەڵوێستی رەتکردنەوەی ستەمکاری هەیە لە رێگەی ریفراندۆم و دواییش دەوڵەتی کوردستان.

**رۆژنامەی خەبات، ٢٠١٧/٩/١٣**

## دەوڵەت بە دیموکراسییەت دروست دەبێت؟

له عێراقی خوێناویدا دیموکراسییەت تەنێ دەستەواژەیەکی گاڵتەجاڕانەیە و زۆربەی جارەکانیش سیاسییە مشەخۆرە مەزهەبییەکانی بەغدا بۆ چەواشەکردنی خەڵکە چەواشەکراوەکە بەکاری دەهێنن.

سەیرە لە عێراقێکدا کە مەزهەب و عەقڵی خێڵ و رەگەزپەرستی، جێگەی هەموو بەهایەکی مرۆیی و مەدەنییان گرتووەتەوە، کەچی هێشتا خەڵکانێک هەن، بێ شەرمانە باسی دیموکراسییەت و یاسا لە عێراقدا دەکەن!

یاسا و بەتایبەتی دیموکراسییەت لە عێراقدا نەک هەر نین، ئەوەی باسیشیان بکات، رێک پێویستی بە بەخۆداچوونەوەی تێگەیشتن لە خود هەیە، لە عێراقێکدا کە عەقڵی خێڵ و سۆزی مەزهەب و خورافاتی دینی، مێشکی خەڵکیان شۆردووەتەوە و سیاسییە فاشیلەکانیشی، جگە لە چەواشەکردن و بە گاڵتەجاڕبینینی ماف و ئیرادە و شکۆی خەڵک، بە هیچ شێوەیەک بیر لە خەڵک و کۆمەڵگە ناکەنەوە، عێراقێک کە گوایە وڵاتێکی خاوەن سەروەرییە، گوایە دیموکراسییە و یاسای تێدا سەروەرە، کەچی هێزی هەرچی دەوڵەت هەیە، تراتێنی تێدا

دەکەن و داعش بە ئارەزووی خۆی خاک و خەڵکی عێراقی دەگرێت و کاولکاری تێدا دەکات.

عێراق لە ئاست چەند چەتەیەکی داعش داییبیەکەی پڕکرد، کەچی دەیەوێ سۆزی سەروەری دەوڵەتبوون بەسەر کورددا بفرۆشێتەوە، چش لەو دەوڵەتەی کە زوورزوو خۆی پیس دەکات! نازانم سیاسییە دەبەنگ و مشەخۆرەکانی بەغدا، چۆن لە روویان دێت باسی دەوڵەت بکەن، تێناگەم بە چ ڕوویێکەوە باسی سەروەری عێراق دەکەن! نازانم شانازی بە کوێی عێراقی دروستکراوەوە دەکەن! باسکردن لە سەروەری عێراق، ڕێک قەشمەری کردنە بە خودی عێراق، چونکە هیچ کات عێراق سەروەری خۆی نەبووە تا ئێستا باسی بکەین، لەوەتەی هەیە ژێردەستی وڵاتانی دیکە بووە، چونکە بە سرووشتی خۆی دروست نەبووە، بەڵکو دەستکردی دەرەکییە بۆ ئامانج و بەرژەوەندی چەند وڵاتێکی زلهێزی پارەپەرست، واتە خۆی نەبووە، سەردەمێک بەریتانیا و ماوەیەک رووسیا، دەسەڵاتییان تێدا هەبووە، ئێستاش بەشێکی پاشکۆی تاران و بەشێکی دیکەشی دەسکەلای دەستی ئەمەریکایە، ئیتر کام عێراق!؟

جارێ باسکردن لە دیموکراسییەت، یان یاسا، گاڵتەجاڕییەکە و دەکرێ لە وانەکانی قوتابخانە بخوێندرێت، ئەگەر دیموکراسییەت ئەو قەشمەریاتەی بەغدا بێت، چش لە دیموکراسییەت خۆی وەک سیستەم، دیموکراسییەت ئازادییە، بەڵام تۆ وەرە لە بەغدا رەخنەیەک لە سیستانی بگرە، بە ریش دەخرێیت بە دارەوە، ئازادی ئەوەیە کە پیاوێکی دەستڕۆیشتووی وەک سەدر، دەیان مەفرەزەی دروستکرد بۆ گیانی ئیمۆکان، تەنێ لەبەر ئەوەی ستایلی قژ و پۆشینی جلیان جیاواز بوو! دەک ئەو ئازادییەم بە قوڕ گرت کە عامری لەژێر کەوای حەشدەوە پێشکەشی کۆمەڵگەی دەکات.

دیموکراسییەت کولتووری یەکتر قبووڵکردن و ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتە، بەڵام عێراق خاوەنی هەموو شت بێت، خاوەنی کولتووری قبووڵکردنی بەرانبەر نییە و دوای نزیکەی هەزار و چوار سەد ساڵیش، هێشتا جەستەی عێراقییەکان خوێنی لەبەر دەڕوات، کە لە نێو خاکی عێراقدا ئیمامی حوسێن کوژراوە، بەمەش ململانێی شیعە و سوننە، تا ئاستی بە کولتوورکردنی خوێنڕشتن هەنگاوی ترسناکی هاویشتووە، کەچی بانگەشەی دیموکراسییەت دەکەن، کاتێکیش کورد دەیەوێ یەکێک لە خاڵەکانی دیموکراسییەت جێبەجێبکات، هەزاران هەڕەشەی لێدەکەن، ئەگەر دیموکراسییەت ئەوەی بەغدا بێت، سەد خۆزگە بە دیموکراسییەتەکەی هیتلەر و سۆشیالیستەکەی بەشار ئەسەد!

دیموکراسییەت یانی یاسا، بەڵام لەم عێراقەدا هەرچی شتێک هەیە، بەدەر لە یاسا دەچن بەڕێوە، کێ حەشدی شەعبی کە میلیشیایەکی چەکدارییە دروستکرد؟ سیستانی و دواییش لە ترسی ئەو، پەرلەمانی عێراق یاسای بۆ دەرکرد، کەوایە هەر خۆی پەرلەمان نایاسایی کردووە، چونکە حەشدی شەعبی میلیشیای مەزهەبییە و بۆ دژایەتی کورد و سوننەی عەرەب دروستکراوە لەژێر بیانووی شەڕکردن دژی داعش، بەڵام خۆ دەکرا ئەو ئیمکانیاتە بدرێتە سوپا، نەک سوپا لەناو سوپا دروست بکرێت، ئەمە حەشدی شەعبی، کەچی لە کۆی بوارەکانی دیکەدا نایاسایی هەیە، هەرچی کارێک کە لەگەڵ دیموکراسییەتدا ناگونجێت، لەو بەغدایە دەیبینیت.

ئاخر دیموکراسییەت یانی دامەزراوەیی، بەڵام کۆی دامەزراوەکانی عێراق لەژێر فەرمانی مەرجەعی ئایینیدان، ئەگەر سیستانی بیەوێت، هەر ئێستا دامەزراوەکان هەڵدەوەشێنێتەوە، ئەوکات کەس جورئەتی قسە و ڕەخنە و بۆچوونی جیاوازی نییە، چونکە مەرجەعی شیعەکان لە سەرووی کۆی دامەزراوەکانی عێراقدایە، چش لەو عێراقی دامەزراوەییە.

هەڵبەت دیموکراسییەت بنەمای زۆری هەن، بەڵام لەو عێراقەدا هیچ یەکێک لە بنەماکانی تێدا ئامادە نییە، جگە لە قسە و دروشمی دیماگۆگییانە نەبێت کە پێچەوانەی ڕۆحی دیموکراسییەتن، بەگشتی ئەوەی باوەڕی بە دیموکراسییەتی عێراق هەبێت، بە سادەیی لە دۆخەکە دەڕوانێت و زیاتر وەک خۆشباوەڕ دەناسرێت، تا شتی دیکە، چونکە هیچ کۆدێکی دیموکراسییەت لێرە، واتە لە عێراقدا بەدی ناکرێت، تا بڵێین ئەمەیە دیموکراسییەتی عێراقی دوای سەددام حوسێن.

ئێستا کوردستان لە قۆناغی ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی دایە، هەڕەشەکان و گوشارە دیپلۆماسی و سیاسی و دۆستایەتییەکانیش چ لەسەر ئاستی عێراقی، یان دەرەوەی عێراق زیادبوونە بۆ دواخستنی ریفراندۆم، بەڵام تا ئەم چرکەساتە هیچ یەکێک لە گوشارەکان نەیانتوانیوە خواستی ئەنجامدانی ریفراندۆم لە کوردستان زەوت بکات، پێشبینی دەکرێ لە ئێستاوە گوشارەکان و هەڕەشەکانیش زیاتر بن، بەڵام سەرئەنجام هەڕەشەکان مانای جیدێتیی هەرێمی کوردستان دەگەیەنێت لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆی کە سەربەخۆییە، چونکە ئەگەر هەرێم بیەوێت بە ئاشتی یان دیموکراسی مافەکانی لە عێراق وەربگرێت، ئەوا خەیاڵی خاوە! چونکە عێراق بڕیاریداوە گوێ بۆ کورد نەگرێ و ئەگەر کوردیش بیەوێت لە ڕێگەی دیموکراسییەت و یاساوە لە عێراق جیابێتەوە، یان دەوڵەت دروست بکات، ئەوا ناتوانێت، چونکی باسکردن لە دیموکراسییەت لەگەڵ سیاسییە خێڵەکییەکانی بەغدا، لێدانی شمشماڵە بەناوی دیموکراسییەتەوە، واتە تۆ ڕۆژانە بڵێ ئێمە لە ڕێگەی ڕەگەزەکانی دیموکراسییەتەوە دەوڵەت دروستدەکەین، بەغدا تەقەی سەری دێت!

هیچ کات کورد بە لێدانی شمشماڵی دیموکراسییەت، کە لای سیاسییەکانی بەغدا و تاران قسەی قۆڕە، ئەوا نابێ بە خاوەنی هیچ

کیانێک، لەگەڵ بەغدا، جگە لە زمانی توند، هیچی دیکە بایەخی نییە، هاوکات دەوڵەت بە تەحەدا و بڕیاری سیاسی دروست دەبێت، نەک لێدانی شمشاڵی دیموکراسییەت، تۆ وەک کورد سەدان خاڵ بۆ بەغدا ریز بکە، کە کوردیش مافی دیاریکردنی کیانی خۆی هەیە، بەڵام گوێ ناگرێت و گاڵتەی بەو قسەیەت دێت، دەوڵەت بەو عینادییەی ئێستای هەرێمی کوردستان دروست دەبێت، ئەگەر ئەو گوتارە توندە نەبوایە، دەمێک بوو ئەگەری دواخستنی ریفراندۆم لە ئارادا دەبوو، بەڵام کاتێک هەرێم پێداگرییەکی سەرەختانە دەکات، هەر خۆی ئەنجامدانی ریفراندۆم یانی نیوە دەوڵەتێک، ئاخر دەوڵەت بەو شێوەیە دروست دەبێت، نەک لێدانی شمشاڵی دیموکراسییەت، کە کەس گوێی بۆ ناگرێت، جگە لە خاوەنەکەی نەبێت.

**رۆژنامەی خەبات، ٢٠١٧/٩/١٤**

## ریفراندۆمی کوردستان و دیموکراسییەتی ئەمەریکا و بەریتانیا

ئەمەریکا و بەریتانیا لەسەر ئاستی جیهاندا، بەو دوو وڵاتە زلهێزە دادەندرێن کە شانازیی بە یاسا و دیموکراسییەتی خۆیانەوە دەکەن و زۆرترین بانگەشەی رێزگرتنیش لە مافی مرۆڤ و چارەنووسی گەلان و بەرگریکردن لەو گەلە چەوساوانە دەکەن، کە بە هەر هۆکارێکەوە بێت لە لایەن دەسەڵاتەکانییانەوە دەچەوسێندرێنەوە، چ بە درێژکردنی دەستی هاوکاری و پشتگیری مەعنەوی، لە دیاریکردنی چارەنووسی ئەو گەلانەی کە دەخوازن لە تەک جیهاندا، ئەوانیش خاوەن کیانی خۆیان بن، بە کردەوەش زۆر شتیان کردووە.

قسەکردن لەسەر نەنگی دیموکراسییەتی ئەو دوو وڵاتە بەرانبەر چارەنووسی گەلی کوردستان و تەنانەت بە زمانی کوردیش، هیچ شوورەیی و نەخوێندەواریی نییە! هەر هیچ نەبێت لەو قۆناغە هەستیارەی کوردستاندا دەتوانین هەڵوێستی ئێستای ئەو دوو وڵاتە بۆ گەلی کورد روون بکەینەوە، هەڵبەت ئەوەی لەسەر شاشەکان روودەدات، نەک ئەوەی بە نهێنی دەگوزەرێت، بەوپێیەی دیموکراسییەت لە ئەرزی واقیعدا بەرجەستە دەبێت، نەک قسە و

دروشم و گوتاری سیاسی، دەکرێ ئەو دوو وڵاتە بۆ خۆیان دیموکراسی بن و هیچ گومانیش لەوەدا نییە کە دیموکراسین، بەڵام کاتێک ئەوان لە پرسێکی وەک دیارییکردنی چارەنووسی گەلی کوردستان لایەنداری دەسەڵاتگەلێکی خێڵەکی و فاشیلی نادیموکراسی ناوچەکە دەکەن، دەبێ ئێمەش بە زمانی خۆمان بڵێین، کە ئەو دوو وڵاتە بەرانبەر ئێمەی کوردی ستەمدیدە، دیموکراسییەتییان نەنگی تێدایە و بە لای تاکێکی کوردیشەوە هیچ جیاوازییان لەگەڵ تورکیا و ئێران و عێراقدا نییە، چونکە ئەوانیش هەر دەڵێن نابێ ریفراندۆم ئەنجامبدرێت، ئاخر تاکێکی کورد کە خاک و گەلەکەی دابەشکراوە، بێشک پشتگیری ئەو دوو زلهێزەی بەلاوە گرنگە و لە کاتێکیشدا کە کورد هاوپەیمانی ئەو دوو وڵاتەیە، بە تایبەتیش ئەمەریکای زلهێز، بەڵام هەر کە بە بیانووی شەڕی داعش بە دەرکردنی بەیاننامە داوای ئەنجامنەدانی ریفراندۆم دەکەن، ئەمەش بە پێوەری کوردی و بۆ ئێمە دیموکراسی نین!

کورد ئیشی بەوە نییە ئەو دوو وڵاتە ڕێز لە گەلانی دونیا دەگرن! کاتێک ڕێز لە ماف و خواستی گەلی کورد ناگرن، لای تاکەکانی کوردستان دیموکراسیبوونییان نەنگی هەیە، چونکە بە نیسبەت کوردەوە، دژی مافە یاسایی و مرۆییەکان هەڵوێست دەنوێنن، کە خۆیان واژۆیان لەسەری کردووە، لە کاتێکدا هەڵوێست و پشتگیری ئەوان، زۆر شت لە بەرژەوەندی گەلی کورد یەکلایی دەکاتەوە.

ریفراندۆم یەکێکە لە ڕەگەزە گرنگەکانی دیموکراسییەت و ئەو ڕەگەزەش بۆ دەنگ و هەڵبژاردەی زۆرینە دەگەڕێتەوە لە دیارییکردنی نوێنەرێک لە پرۆسەی هەڵبژاردندا، یان یەکلاییکردنەوەی پرسێک لە ریفراندۆمدا، واتە ریفراندۆم دەنگی جەماوەرە بۆ هەڵوێستوەرگرتن لەسەر پرسێکی دیاریکراو کە هی ئێمە مەسەلەی جیابوونەوەیە لە عێراقدا، هەڵبژاردنیش هەڵوێستوەرگرتنە لەسەر پرسێکی گشتییدا.

کاتێک تۆ دەنگ بە دەسەڵاتێکی گەندەڵ و دیکتاتۆر نادەیت، ئەوە مومارەسەکردنی هەڵوێستی مرۆیی تۆیە کە دیموکراسییەت دەستەبەری کردووە و کاتێکیش کورد ریفراندۆم بۆ جیابوونەوەی لە دەسەڵاتێکی فاشیل و ستەمکار ئەنجامدەدات، رێک مومارەسەکردنی یەکێکە لە رەگەزە گرنگەکانی دیموکراسییەت، هەرکە دژی ئەو مومارەسە ریفراندۆمییە دەوەستنەوە، پێشێلکارییە بەرانبەر خودی دیموکراسییەت، بەوپێیەی دیموکراسییەت تەنیا هەڵبژاردن نییە و دەیان بنەما و رەگەزی دیکەشی هەن و هەمووانیش پێکەوە کولتووری دیموکراسییەت دروست دەکەن، مادام ریفراندۆمیش رەگەزێکی گرنگی دیموکراسییەتە و کێشە دروستکردنیش لەبەردەمیدا پێشێلکارییە لە بەرانبەر دیموکراسییەت.

ئێستا هەرێمی کوردستان پێی ناوەتە قۆناغێکی تازەی سیاسی و دەیەوێت لە رێگەی ئەو رەگەزە گرنگەی دیموکراسییەتەوە، کە مەبەست ریفراندۆمە، چارەنووسی خۆی دیاری بکات، لەکاتێکدا دونیا و بە تایبەتی هەردوو وڵاتی زلهێزی وەک بەریتانیا و ئەمەریکا، شاهێدی ئەو کارەسات و جینۆساید و کاولکارییەن کە بەسەر کورددا هاتوون، تەنێ لەبەر کوردبوون و بزووتنەوە رزگاریخوازییەکەی، کەچی ئێستا ئەو دوو وڵاتە دژی ریفراندۆم بەیاننامە دەردەکەن، گوایە کاریگەری بەسەر شەڕی داعشدا دەبێت، لە کاتێکدا هەر خۆیان دەڵێن داعش لە عێراقدا بەرەو نەمانی یەکجارەکی دەچێت.

دەکرێ بە نیسبەت کوردەوە، ناویان وەک دژە دیموکراسی بێت، چونکە بۆ ئێمە هاوهەڵوێست نین و لە بەرژەوەندی سێ وڵاتەکە بڕیار دەدەن، لەکاتێکدا کورد هاوپەیمانی راستەقینەی ئەوانە و ئەم وتارەش لە روانگەیەکی کوردییەوە بۆ دیموکراسییەتی ئەو دوو وڵاتە دەڕوانێت، ئەگینا ئاشکرایە دیموکراسییەت لەسەر ئاستی ناوخۆیاندا لە

ترۆپکدایە، واتە بە نیسبەت خۆیانەوە تەواو دیموکراسین، بەڵام کاتێک دژی ریفراندۆمی هەرێم دێنە وەڵام، ئەوا لای ئێمە دیموکراسی نین، چونکە ریفراندۆم ڕەگەزێکی دیاری دیموکراسییەتە و دیموکراسییەتیش یەکتر قبووڵکردن و ڕێزگرتنە لە بۆچوون و خواستی ئەوی دیکە، هەوکات سەروەربوونی یاسایە و دیارییکردنی چارەنووس و ڕەخساندنی ئازادییەکانە بۆ تاک و گەلانی دونیا، کە لێرەدا کورد داوای ئازادی دەکات وەک میللەتێکی خاک داگیرکراو و خەڵک دابەشکراو، کەچی ئەوان داوای دواخستنی ئەو مافە یاساییە لە کورد دەکەن، کەواتە دژی دیموکراسییەتن و بەرژەوەندی خۆیان پێش دیموکراسییەت و پرەنسیپە یاسایی و مرۆییەکان دەخەن.

ئەمە لەو ڕووەوەی کە ئێمە هەمووان دەیزانین، بەڵام هەمیشە سیاسەت چەند ڕووێکی هەیە و دەکرێ ئەوەی دەربارەی ریفراندۆم و هەڵوێستی وڵاتان دەیزانین، هیچیان وا نەبن، چونکە ناکرێ لە سیاسەتدا ئێمە هەموو شت بزانین، نەخێر ئەوە چەند سیاسییەکە کۆی ئەوانە دەزانێت کە ڕوودەدەن و ئەگەری ڕوودانییان هەیە، ئەوەی ئێستا مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەبارەی ریفراندۆم و دەرئەنجامەکانی دەیزانێت، من و تۆ نایزانین، ڕەنگە بە زانینی هەموو شتەکان، یان شایی دەکەین، یان دەترسین، چونکە خودی ریفراندۆم پرسێکی ئاسایی نییە و ڕووداوە و ئەگەری گۆڕانکاریی گەورەی لێدەکرێت.

کەوایە هیچ گومانت نەبێت ئەوەی زۆرینە دەیزانێت، تەنیا قسەی سەر شاشەکانە و ڕەنگە هیچیان زانیاری دروست نەبن و ناکرێ کۆمەڵگەش هەموو شت بزانێت، ئاخر چۆن دەکرێ ورد و درشتی بڕیار و گۆڕانکارییە سیاسییەکان بخرێنە سەر شاشە!

ئێ ئەوە لە سیاسەتدا لۆژیکی نییە و ئەگەر هەموو شتەکانیش ئاشکرا کران، دەچێتە باری ساویلکەییەوە! دەزانن ئەوەی سی ئای ئەی دەیزانێت، رەنگە ترەمپیش هەموو وردەکارییەکانی نەزانێت، چونکە دەزگەی هەواڵگری ئیشی دۆزینەوەی نهێنییەکان و دروستکردنی نهێنی و بەکارهێنانی نهێنییەکانە بە ئامانجی پرسە گەورەکە کە خودی بەرژەوەندی دەوڵەتەکەیە. کەوایە هەمیشە لە سیاسەتدا دەبێ بە دوای شتە نهێنییەکاندا بگەڕێین، ئینجا دیوی ئەودیوی شتەکانی دیکەش دەبینین.

**رۆژنامەی خەبات، ٢٠١٧/٩/١٩**

# ریفراندۆم لە نێوان بەرگری و رەتکردنەوەدا

هەندێک کەس دەبینم، گوایە بەرگری لە ریفراندۆم دەکەن، کەچی ئەوەی من سەرنج دەدەم، بەپێچەوانەوە بەرەی دژە ریفراندۆم زیاتر دەکەن! چونکە خاوەن گوتارێکی قەناعەت پێکەر نین، لە بری دیالۆک هێرشدەکەنە سەر بەرانبەر، ئەوەش پەرچەکردار دروست دەکات، هەموو کات ململانێی حیزبی ئاسایی بێت، لە سەروبەندی ریفراندۆمدا شەڕە قسە کارێکی باش نییە و بە زیانی خودی پرۆژەکە دەکەوێتەوە.

هاوکات خەڵکێکی دیکەش بە شێوەیەک دژی ریفراندۆم دەوەستنەوە وەک ئەوەی ئەو ریفراندۆمە تەنیا دەنگدان بێت بۆ حیزبێکی دیاریکراو، ئەمجۆرە گوتارەش نەیتوانیوە قەناعەت دروستبکات کە بۆچی دژی ریفراندۆمە، تەنیا پەنای بۆ رەتکردنەوە بردووە بێ ئەوەی بیریش لەوە بکاتەوە، کە ئایا دواتر هیچ پەشیمان بوونەوەیەکی تێدا نییە کە بەمشێوەیە دژی ریفراندۆمە!

ریفراندۆم پرسێکی نیشتمانییە، بەڵام ئێمە کێشەی ناوخۆییمان هەیە، هەر کە کێشەکان چارەسەر بوون، ئیدی خەڵک بەبێ ئەوەی داوای لێ بکەیت، یان زەرووریەتی ریفراندۆمی بۆ روون بکەیتەوە، خۆی بەرەو

سندوقی دەنگدانی ریفراندۆم دەچێ و جیابوونەوە هەڵدەبژێرێت، بەڵام کاتێک کێشە سیاسییەکان زەق دەبنەوە، ئەوا کاریگەری لەسەر ئەو پرسەش دەبێت.

من چەندینجاری دیکەش گوتوومە پێویستە ماڵی بارزان لەو گەمە ترسناکە ئاگاداربن، کە هەندێک کەس هەن، نایانەوێت تەبایی سیاسی بێتە ئاراوە، بەوپێیەی نانیان لە ئاژاوەی نێوان حیزبەکان دایە، هەڵبەت ئەو جۆرە کەسە ئاژاوەچییانە، لەناو کۆی حیزبەکاندا هەن، ئیشی سەرەکی پارتی لەگەڵ حیزبەکانی دیکە، ئەوەیە لەم قۆناغەدا نییەتی ئەو ئاژاوەچیانە ئاشکرا بکات، بەتایبەتی ئەوانەی لە کاتی گفتوگۆی لایەنە سیاسییەکاندا، گوتاری ئاگرین دەدەن، بۆ تێکدانی زیاتری ڕەوشەکە.

سەیری گوتاری ئەو خەڵکە فیتنەچییە بکەن، لە بری ئەوەی دوو قسەی خێر بکەن، خەریکی دروستکردنی ڕەوشێکی سیاسی ئاڵۆزن و شتی بچووک زۆر گەورە دەکەن و ناتوانن لۆژیکی قسە بکەن. هیچ یەکێکیش لە خاوەنی ئەو گوتارە توندانە، هانی حیزبەکانیان نادەن کێشەکانی نێوانیان چارەسەر بکەن، تا ژیانی خەڵک ئاسایی بێتەوە، بەپێچەوانەوە کێشەکان قووڵتر دەکەنەوە، ژینگەیەکی وایان دروستکردووە کە سەرکردەکانیش ناتوانن لەبەر ئەو جنێودەرانە دوو قسەی ئاشتیخوازانە بکەن، چونکە ترسیان لە هەڵوێستی ئەو گوتارە فیتنەچییە هەیە.

پارتی و گۆڕان کەسیان لەیەکدی نەکوشتووە، ئەگەر ئەو فیتنەچیانە نەبن، هەر ئێستا نێوانی ئەو دوو حیزبە ئاسایی دەبێتەوە، بەڵام ئەو فیتنەچیانە کاریگەرییان دروستکردووە و ناهێڵن ڕەوشەکە بە ئاڕاستەی تەبایی بچێت، بەڵکو بووەتە هۆی وەڵام و وەڵامکاری.

بۆ سەرخستنی پرۆسەی ریفراندۆمیش، پێویستە پارتی و گۆڕان نێوانیان باش بکەنەوە، ئەوکات پرۆسەکە بەهێزتر دەبێت، چونکە کات بە خێرایی دەڕوات و رەوشەکەش بەرەو خراپتر دەچێت، کە کاریگەری لەسەر ریفراندۆم دەبێت، من دڵنیام لە ئاییندەدا ئەو رەوشە گۆڕانی بەسەر دادێت، چونکە نییەتی فیتنەچییەکان ئاشکرا دەبێت!

# کوردستان وەبەرهێنی نەوتە

ئێمە کاتێک باسی نەوتی هەرێمی کوردستان دەکەین، پێویستە لە دوو رەهەندەوە لێی وردبینەوە، رەهەندێکی سیاسی و رەهەندێکی ئابووری، لەڕووی سیاسییەوە لەوەتەی هەرێم نەوت دەخاتە بازاڕەکانەوە و پێگەی سیاسی بەهێز بووە، چونکە ئیدی کوردستانیش ژمارەیەکی بەهێزی بازاڕی نەوتە و دواجار بە گوێرەی ئەو سیاسەتەی ئێستای حکوومەتی هەرێم کە لە بواری گرێبەستە نەوتییەکان دایڕشتووە، یان ئیشی لەسەر دەکات، ئێرە واتە هەرێم و نەوتەکەی دەبنە شوێنگەی کێبڕکێی کۆمپانیا و وڵاتە زلهێزەکان، بەوپێیەی ئێستا نەوت یانی سیاسەت و بازاڕ و ئابووری بەهێز، کە دواجار ئەوانە دەبنە پێشکەوتنی وڵات، کەوایە ترسی ئێستای تورکیا و ئێران و عێراق لە ریفراندۆم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لە ئەگەری راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستاندا، ئێمە نەوتمان هەیە و دەتوانین لەسەر ئابووری خۆمان بژین، هەر بۆیەش دژایەتی ریفراندۆم دەکەن، چونکە دەزانن ئیدی کوردستان بە هۆی بوونی نەوتەوە دەتوانێت بێمنەتانە بژیەت، مەگەر سنوور دابخەن، بەڵام دواجار لە ئەگەری دەوڵەتبووندا، میکانیزمی دیکە و هۆکاری دیکە دێنەگۆڕێ بۆ هەناردەی نەوت و ئەوکات دەوڵەت

دەتوانێت زۆر شت بکات کە هەرێمێک ناتوانێت.

بە هەموو پێوەرەکان نەوت لەڕووی سیاسییەوە پێگەی هەرێم بەهێز دەکات، هەر خۆی ریفراندۆم بەشێکی هۆکارەکەی بۆ بوونی نەوت دەگەڕێتەوە، بەوپێیەی ئێمە دینارێک لە بەغدا وەرناگرین و تەنیا بەناو لەگەڵ عێراقداین، ئێستا هەرێم دەیەوێ ئەو ناوەش لە عێراق بکاتەوە، بۆیە ترس لە ریفراندۆم واتە ترس لە دروستبوونی دەوڵەتێکی دەوڵەمەند بە نەوت و گەلێکی دژە توندوتیژە کە لەسەر ئاستی جیهاندا قبووڵ دەکرێت.

لێرەدا رەهەندێکی ناوخۆییش هەیە، کە نەوت لەسەر ئاستی ناوخۆدا هێشتا نەیتوانیوە بۆشایی خەڵک پڕ بکاتەوە، ئاخر خەڵک گلەیی دەکات و ئەوەش بێ هیچ ئەملاوئەولایەک حەقی خۆیەتی رەخنە بگرێت، لەوەی لە وڵاتێکی نەوتیدا نەوت نەبێت بۆ پێداویستییەکانی زستان، یان کێشەی غاز و بەنزینی هەبێت کە زۆرجار ئەو پرسانە دەبنە هۆی بێئومێدی خەڵک لە نەوت، بۆیە دەبێ ئەو بۆشاییە لەڕووی ئیدارییەوە پڕ بکرێتەوە، بە مەبەستی گەڕاندنەوەی متمانەی خەڵک بە نەوت، سەرباری ئەوەی کە کێشەی سووتەمەنی هەیە، بەڵام دواجار هەر خۆی وەبەرهێنانی نەوت یانی ئومێدی گەلێک بە ئایندەی خۆی، ئەوەی تێبینی دەکرێ رەخنەی خەڵک لە وەبەرهێنانی نەوت نییە، وەک ستراتیژ، بەڵکو لەوەیە کە لەسەر ئاستی ناوخۆدا بۆشایی خەڵکی پڕ نەکردووەتەوە، ئەگینا لە ناخەوە نەوت تاکە ئومێدی خەڵکە لە ئایندەی کوردستاندا، جا هەرێم بێت یان دەوڵەتێکی سەربەخۆ.

یەکێک لەو کێشانەی لە چەند ساڵی رابردوودا هاتە پێش کابینەی حکوومەت، دابەزینی نرخی نەوت بوو، ئینجا بڕینی بوودجەشی هاتەسەر، بۆیە هەرێم کەوتە ژێر قەرزەوە، بەڵام لەمەودوا کە نەوت

بەرزبووەتەوە، هەرێم دەتوانێت جۆرێک گۆڕانکاری لە ژیانی خەڵکیدا بکات، بەو مەرجەی بتوانێت هەناردەی نەوتەکەی بێ کێشە جێبەجێ بکات، واتە بیخاتە بازاڕەکانەوە، چونکە ئێستا تورکیا ئەو هەڕەشەیە دەکات، گوایە کێشە بۆ هەناردەی نەوت دروست دەکات، گریمان تورکیا رایگرت، بەڵام خۆ بە تەنیا زیان بە هەرێم ناکەوێت، هەم نەوت گران دەبێت و هەمیش کۆمپانیاکانی وەبەرهێنی نەوتی لە هەرێم، خەتاکەی دەخەنە ئەستۆی تورکیا، ڕەنگە داوای زیانەکانیان لە تورکیا بکەن، واتە تورکیا دەبێ باجەکەی بدات، چونکە هەرێم کێشەی هەناردەکردنی نییە و پابەندە بە گرێبەستەکانەوە، کەوایە ئەو پرسە ڕەهەندێکی جیهانی وەردەگرێت، بە تایبەتی هەر کۆمپانیایەک وڵاتێکی زەبەلاحی لە پشتە، وەک رووسنەفت کە هی رووسیایە، لێرەدا دەتوانین بڵێین نەوت بەرژەوەندی گەورەی وڵاتانی هێناوەتە هەرێم و لەبەر خۆیان ڕێگە نادەن هیچ کێشەیەک بۆ هەرێم دروست بکرێت.

**زاری کرمانجی، ٢٠١٧/١٠/٩**

# سیاسەت ئەنجامە

کاتی خۆی حکوومەتی تورکیا هەڕەشەی هێرشکردنە سەر خاکی باشووری کوردستانی دەکرد، بەڵام دواتر کوردستان توانی بەرژەوەندیی تورکیا بهێنێتە هەرێمی کوردستانەوە، هەڵبەت بە رەچاوکردنی بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان لە پرسی ئاڵوگۆڕیی بازرگانی و دواتریش بووە هۆی ئەوەی کوردستان بتوانێت نەوت لە رێگەی تورکیاوە هەناردەی بازاڕەکانی جیهان بکات، کەوایە لێرەدا کورد ئەنجامەکەی بردەوە، بەوپێیەی ئێستا خاوەنی ئابووری سەربەخۆیە.

کوردستان بە هۆی بێئومێدبوونی لە سیاسییە مەزهەبی و فیتنەچییەکانی بەغدا ریفراندۆمی ئەنجامدا، کە هێندەی دروستبوونی دەوڵەتێک، تیری لە دڵی مەزهەبچییەکانی عێراق و دوو وڵاتە دراوسێکەی کوردستان داوە، ئەوەتا هەر رۆژە و سەعاتەی یەکێک لەو دوو وڵاتە و مەزهەبچییەکانی بەغدا، دژایەتی هەرێم دەکەن، عێراق فرۆکەخانەکانی کوردستانی راگرت و داواش لە تورکیا دەکات سنوور لەسەر هەرێم دابخات، هاوکات تورکیاش هەڕەشە دەکات و ئێرانیش وەک ئەوەی وەزعی خۆی زۆرباش بێت، ئەویش چاوسوور دەکاتەوە،

لە کاتێکدا ترەمپ خەریکە کۆمەڵێک بڕیار دژی ئێران دەردەکات، کە کاریگەری بەسەر ئێرانەوە دەبێت.

ریفراندۆم خۆی سیاسەتێکی بوێرانەی کورد بوو، ڕەنگە لە قۆناغێکدا مەزهەبچییەکانی بەغدا و دوو وڵاتە دراوسێکەی کوردستان، واتە ئێران و تورکیا، بتوانن شتێک بەرانبەر کورد بکەن، بەتایبەتی برسیکردنی خەڵکی کوردستان، بەڵام دواجار برسیبوون یەکسان نییە بە کەوتن، چونکە کورد هەر خۆی پێشووتر هەم برسی دەکرا و هەمیش دەکوژرا و ئەنفال دەکرا، بەڵام مایەوە!

ئێستاش ئەو ئیرادە بەهێزەی خەڵکی کوردستان، وای کردووە مەزهەبچییەکانی بەغدا و دوو وڵاتە دراوسێکە، زیاتر دووچاری فۆبیاکوردستان ببن، لە کاتێکدا ئەردۆغان فرمێسک بۆ موسڵمانانی بۆرما دەڕێژێت، کەچی دەیەوێت کوردی موسڵمان برسی بکات! تەنێ بە هۆی داواکردنی مافەکانی خۆی، واتە مافی گەلێکی ستەمدیدە، ئێران خۆی بەدەست شەڕی مەزهەبی ناوچەیی و گوشارەکانی ئەمەریکاوە گیریخواردووە، کەچی هەڕەشە لە کورد دەکات! ئەو بۆرمایە بتوانێت هێرشبکاتە سەر کوردستان، ئێران ناتوانێت! چونکە ئەمەریکا هەر خۆی لە بیانوو دەگەڕێت و کوردیش لەڕووی سەربازییەوە، هێڵی سووری ئەمەریکایە.

عێراق و تورکیا و ئێران، لە هەوڵی گوشار دروستکردنن دژی هەرێمی کوردستان، ڕەنگە هەندێک سزادان بێتە ئاراوە، بەڵام ئیدی کوردی دوای ریفراندۆم، کوردی پێش ریفراندۆمیش نییە، چونکە هەر پێش ریفراندۆم دەیزانی هەڕەشە دێتە ئاراوە، بەڵام سووربوو لەسەر ئەنجامدانی ریفراندۆم، کەوایە هەر خۆی ریفراندۆم هێندەی دەوڵەتێکی کوردستانی، کاریگەری هەبوو، چونکە ئەو سێ وڵاتە، بەتایبەتی و

هەندێک وڵاتی دیکەش، داوای ئەنجامنەدانی ریفراندۆمیان دەکرد، بەڵام ئێستا ئێمە لە قۆناغی پاش ریفراندۆم داین، واتە قۆناغێکی تازەی سیاسی هاتووەتە ئاراوە کە پێشبینی دەکرێت دواجار دەرئەنجام بە دڵی کورد بکەوێتەوە، لە سیاسەتدا دەرئەنجام گرنگە و سیاسەتیش بەشێوە گشتییەکەی واتە یاریکردن بۆ بەدەستهێنانی دەرئەنجامێکی باش، سیاسەتی ریفراندۆم فۆکەسی جیهانی خستەوە سەر پرسی کورد، کە دواجار ئەو فۆکەسە دەرئەنجامی دەبێت.

**رۆژنامەی خەبات، ٢٠١٧/١٠/٩**

## بەشی دووەم

# ڕووداوی ١٦ی ئۆکتۆبەر و پرسی دیالۆگ

## بەشی دووەم

## ڕووداوی ١٦ی ئۆکتۆبەر و پرسی دیالۆگ

# شەڕی سەرمێزی دیالۆگ

لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە، پێگەی سیاسی و ستراتیژییەتی کوردستان، دووچاری گۆڕانکارییەکی ناچاریی بووەتەوە، بەو پێیەی ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر، ڕەهەندی سیاسی و سەربازی و ئابوورییان هەیە و لە بنەڕەتیشدا پڕۆژەی نەیارەکانی کوردە بۆ لاوازکردنی پێگەی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی ناوچەکەدا، بە هاوکاری گرووپێکی کورد و لایەنی دەرەکی ئەم خیانەتە ئەنجامدرا. ڕووداوی ١٦ی ئۆکتۆبەر، کە بە خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر ناسراوە، بەرژەوەندی دەرەکی و عێراقی و گرووپێکی کوردی ناو حیزبێکی دەسەڵاتداری سلێمانی تێدا بوو، واتە ڕاستەوخۆ ریفراندۆم هۆکار نەبوو بۆ ڕوودانی ١٦ی ئۆکتۆبەر، بەڵکو تەنێ بیانوو بوو، ئێستا ئێمە دەرەئەنجامەکانی ڕووداوەکە دەبینین و سەرەڕای ئەوەی لەشکرکێشی حەشد و سوپاش وەستاوە، بەڵام هێشتا هەڕەشەکان بەردەوامیان هەیە، ڕەنگە لەم قۆناغەدا شەڕ ڕوونەداتەوە، لەبەر ئەوەی، ئەمەریکا نایەوێت لەوە زیاتر ئەزموونی هەرێمی کوردستان بکەوێتە بەردەم هەڕەشە و مەترسییەوە، هەر وەک داوای کرد لایەنە سیاسییەکانی کوردستان هاوکاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان بکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.

سەربارى ڕەخنەکانى هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەوە ماناى ئەوەیە هێشتا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا چاوی لەسەر هەرێمی کوردستان لانەداوە، واتە ئەمەریکا ئێستا دەیەوێت باڵانس وەربگرێتەوە، ئەگەرچی لایەندارى حکوومەتەکەی حەیدەر عەبادى کرد، هەر بۆیە بارزانی دەڵێت، ئۆپەراسیۆنی کۆنتڕۆڵکردنی کەرکووک بەسەرپەرشتیی ئێرانییەکان و ئاگادارى ئەمەریکا و بەریتانیا ئەنجامدراوە.

لێرەدا بارزانی دەیەوێت گلەیی لە ئەمەریکا بکات، بۆیەش ئێستا ئەمەریکا خۆی چاودێری دۆخەکە دەکات و لە ناهێڵێت نیگەرانییەکانی بارزانیش لەوە زیاتر بن، ئەگینا ئێستا حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق لە ڕێگەی حەشدی شەعبییەوە چەندان هێرشی دیکەشی دەکردە سەر هەرێمی کوردستان و هێزی پێشمەرگەش ڕووبەڕوویان دەبووەوە، ئاشکرایە ئەگەر بەغدا هێرشی دیکە بکات، ئاستی ئاڵۆزییەکان زۆر لەوە زیاتر دەبن کە ئێستا هەن، ئەوەش لە بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا دەدات، لەبەر ئەوەی دەرکەوت لە ناوچەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان، ڕووداوی ١٦ی ئۆکتۆبەر ڕووناداتەوە، واتە هێزی پێشمەرگە کە دەتوانین بڵێین ئەو هێزانەی پێشمەرگە کە لە ژێر فەرمانی پارتی دیموکراتی کوردستانن بە توندی بەرپەرچی هێزە عێراقییەکان دەدەنەوە، وەک ئاماژەیەک بۆ هەڵگیرسانی شەڕی گەورەتر، ئەگەر عێراق سووربێت لەسەر بەردەوامیدان بە هێرشکردنە سەر کوردستان.

دوای ئەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان داوای دیالۆگی کرد، ئەمەریکاش پێشوازی لەو داوایەی هەولێر کرد، ئێیستاش ئاڵۆزییەکان لە بەرەی شەڕدا نەختێک لاواز بوونە، بۆیە پێشبینی دەکرێ هەولێر و بەغدا بگەنە ڕێککەوتنێکی سەرەتایی، چونکە ئەمەریکا لەسەر خەتە و ناهێڵێت لەشکرکێشی حەشدی شەعبی بە پاڵپشتی سوپای پاسدارانی ئێران، ناوچەکە لەوە زیاتر ئاڵۆز بکات، لە کاتێکدا ئەمەریکا هێشتا ڕەوشی سووریای پێ چارەسەر نەکراوە، چۆن ڕێگە دەدات باشووری کوردستانیشی بێتە سەر!

هەڵبەت زەحمەتە ڕێگە بە شەڕی دیکە بدات، تەنیا لە دۆخێکدا نەبێت، بەغدا بێمنەتی ئەمەریکا بکات و دەستبکاتەوە بە هێرشکردنە سەر کوردستان، ئەوەش بڕیارێکی قورسە بۆ بەغدایەک کە هێشتا ئەمەریکا بەڕێوەی دەبات.

ئەمەریکا هەولێر و بەغدا دەباتە سەر مێزی دانوستاندن، بۆیە چاکتروایە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، داوای دانیشتنی ئەمەریکا بکات لەسەر ئەو مێزە و هەر ڕێککەوتنێکیش بکرێت، پێویستە بە نووسراوی فەرمی بێت و گرەنتی لە ئەمەریکا نەک عێراق وەربگیرێت، چونکە بەغدا جێگەی متمانە نییە و غروری دایگرتووە، دەکرێ لەسەر مێزی گفتوگۆکان لە قۆناغی ئێستادا، داوای ئیدارەی هاوبەش بکات لە کەرکووک و ناوچەکانی دیکە. لەبەر ئەوەی بۆ ئێستا بژاردەی شەڕ و چاوەڕوانکردنی دەرفەت، ڕەنگە لە بەرژەوەندی هەولێردا نەبێت، وەک لە بەرژەوەندی بەغداش نییە شەڕ لەگەڵ هەولێردا بکات، بەوپێیەی هەردوولا زیانیان پێدەگات و سەرئەنجام باجی قورس بۆ هاووڵاتییانی ناوچە داگیرکراوەکان دەبێت.

دەکرێ هەرێمی کوردستان لە دوای ڕێککەوتن، شەڕێکی دیکە لەگەڵ بەغدا بکات، ئەویش شەڕی دوای ڕێککەوتن، یان کاتی ڕێککەوتنیش، مەبەست لە هاویشتنی میلان نییە، بەڵکو شەڕی دەستووری و یاسایی و وەرگرتنی گرەنتییە لە ئەمەریکا و ئینجا بەغدا، ئەو شەڕە قورسە، بەڵام باشتروایە هەرێمی کوردستانیش پێداگری بکات بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی لە ڕێگەی یاساوە، ئەگەر هەر بەغدا ڕازی نەبوو لە ڕێگەی یاسا کێشەی کورد چارەسەر بکات، بە پێدانی مافەکانی و بەردەوامبوو لە پێشێلکارییەکان لە دژی هەرێمی کوردستان، وەک ئەوەی ئێستا لە پرسی کەمکردنەوەی پشکی هەرێم لە بوودجەی گشتیی عێراقدا دەبیندرێت، ئەوکات کوردیش پێویستە لەسەر ئاستی دادگە باڵاکانی نێودەوڵەتیی داوا تۆمار بکات، کە دیسانەوە مەترسی لەسەر ژیان و بژێوی و شکۆی خەڵکی کوردستان دروستبووەتەوە، هەروەها لۆبی و

هاوپەیمانی راستەقینە پەیدا بکات.

بەغدا ئێستا دەیەوێت ئاڵۆزی و شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوە لە کەرکووکدا هەبێت، دەکرێ لە ڕوویێکدا ئەوە بۆ کورد باش بێت کە بەغدا ناتوانێت بێ کورد ئیدارەی شارەکە بدات، بەڵام لە ڕوویێکی دیکەوە خراپە، بەوپێیەی بەغدا خۆی بەدوای بیانوویێکدا دەگەڕێت تا هێزەکانی لە شارەکەدا بهێڵێتەوە، یان زیاتری بکات، ئەمەشی بۆ ئەوەیە بە تەواوی دۆخی شارەکە کۆنترۆڵ بکات، لە ڕێگەی بەعەرەبکردن و بەشیعەکردنەوە، کەوایە کورد دەبێ بگەڕێتەوە شارەکە و ڕێگە چۆڵ نەکات دیسان ناوچە کوردستانییەکان بە ئاسانی بە عەرەبی بکرێنەوە، ئاخر ئەو ناوچە کێشەلەسەرانە، وەکچۆن عەرەب مافی ئەوەی هەیە، لێیان بێت، ئاواش کورد مافی هەیە تێیاندا مومارەسەی ژیان و دەسەڵات بکات.

کەوایە دەستوور ڕێگە نادات بە تەنیا عەرەب و تورکمان ئیدارەی ناوچەکان بکەن، کوردیش ئەو مافە دەستوورییەی هەیە، هەر بۆیەش ناوچەی کێشەلەسەرن، چونکە پێکهاتەی جیاوازیان تێدایە و هەمووان مافی ئیدارەدانی ناوچەکەیان هەیە، کەوایە ئیشی سەرەکی کورد پێویستە بۆ ئەم قۆناغە گەڕانەوە بۆ کەرکووک بێت بە پێکهێنانی ئیدارەی هاوبەش، بە تێگەیشتنی من لە ماوەی ئایندەدا دەتوانێت دەستبەسەر شارەکەدا بگرێتەوە، هەم بە هۆی زۆری ڕێژەی دانیشتوانی کورد و هەمیش دۆخی مەزهەبی لە عێراقدا، هەمیشە ئەگەری تەقینەوەی لێ چاوەڕێ دەکرێت کە بە قازانجی کورد بکەوێتەوە.

**زاری کرمانجی، ٢٠١٧/١١/١٣**

# پرۆژەی حکوومەتی رزگاری نیشتمانی

ئێستا مانگێک و چەند رۆژێک بەسەر رووداوی کەوتنی کەرکووکدا تێپەڕیوە، لەو ماوەیەشدا گۆڕانکاریی زۆر بە زیانی پێگەی کورد لە عێراقدا روویانداوە، تەنانەت هەڕەشەی جیدی لەسەر کیانی هەرێمی کوردستانیش لە ئارادایە، ئەمە جگە لە هەڕەشەی سەربازی و ئابووری، ئەگەری جینۆسایدیش لە هەندێک ناوچە لە ئارادایە، هاوکات میلیشیای حەشدی شەعبی خەریکی بە شیعەکردنی کەرکووک و خورماتوو و ناوچە داگیرکراوەکانی دیکەیە، لە لایەکی دیکەوە بەغدا دەیەوێ لە رێگەی پەرلەمان و دامەزراوە یاساییەکانەوە سزای سیاسیی هەرێم بدات، لە کاتێکدا هەرێمی کوردستان هەنگاوی زۆری هاویشتووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لە رێگەی دیالۆگەوە و وڵاتانی جیهانیش پێشوازی لە داواکانی هەرێم دەکەن بۆ دانوستاندن، بەڵام بەغدا جیدی نییە لە چارەسەرکردنی کێشەکان و خۆی وەک غرور و براوەی شەڕ نیشان دەدات.

لە دوای رووداوی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە، هەرێمی کوردستان لە کۆی سێ دامەزراوەی گرنگی سەرۆکایەتیی هەرێم و پەرلەمان، حکوومەت، تەنیا حکوومەتی ماوە، کە بەشێوەیەکی ئاسایی ئەرکەکانی بەڕێوەدەبات،

بەو پێیەی بارزانی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی دابەشکرد بەسەر دامەزراوەکانی دیکەدا، هاوکات پەرلەمانیش هێشتا نەیتوانیوە بەشێوەیەکی تەواو خۆی رێکبخاتەوە، تاکو ئێستاش سەرۆکی پەرلەمان نەگەڕاوەتەوە، کە ئەمە لە ئێستادا خەتاکەی لە ئەستۆی گۆڕاندایە، لە کاتێکدا هیچ رێگرییەک لەبەردەم گەڕانەوەی یوسف محەممەدی سەرۆکی پەرلەمان نەماوە بۆ سەر کارەکەی، قسەی ئێستاش لەسەر ئەوە نییە خەتای کام حیزبە بووە رەوشی پەرلەمان ئاوای لێهاتووە! چونکە زۆر گوترا و بە هۆیەوە کێشەکانیش زیاتربوون، گرنگ ئێستا ئەگەر گۆڕان بیەوێ، دەتوانێت سەرۆکەکەی لە رێگەی دێگەلەوە بنێرێتەوە هەولێر.

ئێستا هەرێمی کوردستان لە قۆناغێکی سەختی سیاسی و ئابووری و ئەمنیدایە، پێویستی بەوە هەیە، هێزە سیاسییەکان خواستی شەخسی و حیزبی خۆیان بخەنە لاوە و بە پرۆژەی سیاسی کوردستانییانە رووبەڕووی گۆڕانکاریی و پێشهاتەکان ببنەوە، بەتایبەتی چیتر رێگە نەدرێت بەغدا سزای سیاسی هەرێمی کوردستان بدات بەبیانووی ئەوەی کوردستان هەوڵی پارچەپارچەکردنی عێراقی داوە.

ئاخر عێراق خۆی ژینگەی لەبارە بۆ سەرهەڵدانی کێشە و ململانێ کە هەموو ئەوانە دەبنە هۆی ئەوەی عێراق ئایندەیەکی روونی نەبێت و کوردیش کاتێک ریفراندۆمی ئەنجامدا، رێک ویستی خۆی رزگار بکات لە کێشە و ململانێ مەزهەبییەکانی بەغدا، بەڵام ئەوەتا بەغدا چەکی بەکارهێنا بۆ وەڵامدانەوەی ریفراندۆم، کە رەگەزێکی گرنگی دیموکراسییە.

لە قۆناغی ئێستا بانگەشەکردن بۆ راگەیاندنی پرۆژەی حکوومەتی رزگاریی نیشتمانی، جگە لەوەی هیچ سوودێک بە خەڵک و پێگەی

هەرێمی کوردستان ناگەیەنێت، بگرە زیانی زۆریشی لێدەدات، هەر خۆی نیەتی حکوومەتی رزگاریی نیشتمانی، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان نییە، بەڵکو پڕۆژەیەکی حیزبییە و ئێستاش دۆخی هەرێم هی ئەوە نییە کۆی دامەزراوەکانی کێشەیان هەبێت، بەپێچەوانەوە دەبێ هەمووان هاوکاریی حکوومەت بن، بۆ ئەوەی لە ماوەی ئەو چەند مانگەی تەمەنیدا، بتوانێت هەندێک لە کێشەکان چ لەسەر ئاستی ناوخۆ و چ لەسەر ئاستی عێراقیش چارەسەر بکات، لە کاتێکدا هەرێم لە دۆخی داواکردنی دانوستاندایە لەگەڵ بەغدا و زۆرێک لە وڵاتە زلهێزەکانیش پێشوازی لە داواکانی حکوومەتی هەرێم دەکەن بۆ دیالۆگ لەگەڵ بەغدا، کەوایە لەم قۆناغەدا گرنگە حکوومەتی هەرێم لە لایەن حیزبەکانەوە کێشەی ناوخۆیی بۆ دروست نەکرێت، وەک ئەوەی لە چەند ساڵی رابردوودا بۆ سەرۆکایەتی هەرێم دروستکرا و دەرئەنجامیش ئێستا کوردستان بێ سەرۆکە! بەو پێیەی بارزانی دەسەڵاتەکانی دابەشی سەر دامەزراوەکانی دیکەی هەرێم کرد، هەر خۆی بۆ ئێستا دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم پێویستبوو، بەڵام کە ئەرکەکانی وەستاوە، ناکرێت حکوومەتیش سڕبکرێت لەژێر ناوی راگەیاندنی حکوومەتی رزگاریی نیشتمانی، چونکە بەڕاستی ئێستا هەرێم پێویستی بەو جۆرە حکوومەتە نییە، هەم ماوەیەکی زۆر لە پێش کابینەکەدا نەماوە، هەمیش لە قۆناغی سەختی ئابووری و سیاسی و دیالۆگ داین لەگەڵ بەغدا کە بەهێزی حکوومەتی هەرێم گرەنتیی بەدەستهێنانەوەی بەشێک لە مافە زەوتکراوەکانی هەرێمە لە بەغدا، بەو مەرجەی کۆی لایەنە سیاسییەکان پاڵپشتی ئەو کابینەیە بکەن بۆ سەرخستنی پرسی دیالۆگ لەگەڵ بەغدا و هاوکات پرسی چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکان.

بەپێچەوانەوە کوردستان دووچاری کێشەی تازە دەبێتەوە کە زیانی

**زۆری بۆ پێگەی هەرێم وەک کیانی سیاسی، بژێوی و ژیانی خەڵک وەک کۆمەڵگە دەبێت، هەموو ئەوانەش لە کاتێکدان ئەمەریکا دەیەوێت حیزبەکان هاوکاری حکوومەت بن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، چونکە ئەمەریکییەکان چەندانجار رایانگەیاندووە: ئەوان هەرێمێکی بەهێزیان دەوێت لە چوارچێوەی عێراقدا. دەکرێ ئەمە پرۆژەی درێژخایەنی ئەمەریکا بێت، کەوایە لەبەر ئەوەیە داوا دەکات حیزبەکان هاوکاری حکوومەت بکەن لە چارەسەرکردنی کێشەکان، ئاخر ئەمەریکا بەوپێیەی بەرژەوەندی لێرەدا هەیە، هەرێمی بەلاوە گرنگە و هەوڵی پاراستنی دەدات، گرنگە کوردیش خۆی، ئەو کیانە سیاسییەی بپارێزێت و بە یەکهەڵوێستی رووبەڕووی هەڕەشەکانی سەری بێتەوە، لەدەستچوونی کیانی هەرێمیش، ئازارەکەی دە هێندەی ئازاری کەوتنی کەرکووک قووڵترە!**

**زاری کرمانجی، ٢٠١٧/١١/٢٠**

# ١٦ی ئۆکتۆبەر..خیانەت و بێئاگایی

لە ماوەی ٤٣ ڕۆژی رابردوودا زۆر لەسەر رووداوی ١٦ی ئۆکتۆبەر گوترا، بەوپێیەی رووداوەکە راستەوخۆ پێوەندیی بە ئامانجی ستراتیژی کورد و چاوچنۆکی بەغداوە هەبوو، لە چەندان رەهەندی کوردی و عەرەبی و جیهانیشەوە شیکردنەوەی بۆ کرا، بەڵام ئێستا گرنگە لە رەهەندێکی دیکەی رەخنەیی ئەمنییەوە قسەی لەبارەوە بکرێت، چونکە کۆی ئەو قسانەی لەسەری کراون، لە نێوان خیانەت و بیانوودا دەخولێنەوە، ئەو گرووپەی تۆمەتبارن لە رووداوەکە، پاکانە دەکەن و ریفراندۆم بە هۆکاری ١٦ی ئۆکتۆبەر دەزانن، بەڵام لایەنەکەی دیکە، دەڵێت، رووداوەکە خیانەتە و ئەگەر بە رێککەوتنی ئەو گرووپەی ناو یەکێتی نەبایە، لەگەڵ حەشد و ئێران، هەرگیز کەرکووک بەو ئاسانییە نەدەکەوت و شارەکە دەبووە گۆمی خوێن بۆ حەشدی شەعبی و سوپای عێراق.

رەخنەی ئێستا قسەکردن نییە لەسەر خیانەتەکە و بیانووەکە، بە هەموو پێوەرێک و بە گوتەی خودی حەیدەر عەبادی، پێشمەرگە لە کەرکووک شەڕی نەکرد، ئەمە خۆی بەسە بۆ ئەوەی بزانین پێشمەرگە

لە کەرکووک شەڕی نەکردووە و بە فەرمانی ئەو باڵە دەستڕۆیشتووەی کەرکووک و سلێمانی کشاونەتەوە، لە کاتێکدا دەبوو شەڕ بکات، بەڵام کە شەڕ ناکات و شارێکی گەورە لە چەند کاتژمێرێکدا رادەستدەکرێت، ئەوە روونە لە پشتی پەردەوە چی گوزەراوە!

ئەمەش واتە خیانەتی نیشتمانی، بەوپێیەی هیچ ڕێککەوتنێکی پەرلەمانی کوردستان، یان سەرکرایەتیی سیاسیی کورد، لەگەڵ عێراقدا نەبووە بۆ هاتنە ناوەوەی حەشدی شەعبی بۆ ناوچە کێشەلەسەرەکان، کەوایە پێویستە لە گۆشەیەکی دیکەوە، رەخنە لە دامەزراوەکانی هەرێم بگرین لە بێئاگابیان لە پیلانی رووداوەکە، ئاخر ناکرێت لە قۆناغێکی هەستیاردا هەرێم هێندە بێخەم بێت لە ئاست نهێنی رووداوێکی لەمجۆرە، بەتایبەتی لە دوای نزیکبوونەوەی کۆتایی داعش و سەروبەندی بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆم و بەدیاریکراویش ڕێک دوای ٢٥ی ئەیلوول، کە رووداوێکی جیهانی بوو، بۆیەش ئەگەری گۆڕانکاریی لە ناوچەکەدا لە ئارادابوو، لە نێوان جیابوونەوەی کوردستان، یان گەمارۆی ناوچەیی دژی هەرێم، یاخود شەڕی چەکداری لە ناوچە کێشەلەسەرەکان.

کەوایە دەبوو چاوەڕوانی رووداوێکی لەمجۆرە بکەن، لە کاتێکدا ئێمە لە هەرێم چەندین دامەزراوەی سیاسی و ئەمنی و سەربازیمان هەن، ناکرێت پێشبینی رووداوێکی لەمجۆرەی وەک ١٦ی ئۆکتۆبەر نەکەن، چونکە لە کاتی دەستپێکردنی شەڕی مووسڵ، شیعەکان بە ئاشکرا دەیانگوت دوای مووسڵ دەچینەوە سەرجەم ئەو ناوچانەی سوپای عێراق جێیهێشتوون و پێشمەرگەی تێدا جێگیرکراون، شەڕی حەویجەش دواخرا بۆ ئەوەی زۆرترین هێز لە نزیک کەرکووک کۆبکرێتەوە، هەموو ئاماژەکان روون بوون کە شتێک روودەدات، بەڵام دیارە کورد هیچ پلانێکی نەبووە تا ڕێگری لە رووداوێکی وەک ١٦ی ئۆکتۆبەر بکات، یان زیانەکانی کەمتر بکاتەوە، بەتایبەتی دەبوو پارتی گومانی لەو

باڵەی یەکێتی لە کەرکووک هەبووایە لەوەی شەڕی عێراق ناکەن، هەر خۆی لەژێر گوشاردا بەشداری ریفراندۆم بوون، لێرەدا دەبێ بپرسین، ئەگەر دامەزراوەکانی هەرێم ئاگاداری ڕووداوەکە بوونە، بۆچی بەخێرایی فەرماندەکانی پێشمەرگەیان لەو ناوچانە نەگۆڕی بۆ ڕێگریکردن لە ڕووداوەکە؟ خۆ ئەگەر ئاگاداری پیلانەکەش نەبوون، دەبێ وەک وانەیەک بێت بۆ ئایندە و پێویستە چاوکراوەتر بن، چونکە ڕووداوێکی گەورەی وەک ئۆکتۆبەر، هی ئەوە نییە هەرێم درکی پێ نەکات، یان پێشبینی نەکات، بەڕاستی لێرەدا پێدەچێت خەتا لە راوێژکارەکان بێت، لەوەی نەیانتوانیوە هەست بە مەترسییەکی ئەوها بکەن، یان پلانیان نەبووە، مرۆ دەترسێت قەناعەتیان بە قسەکانی عەبادی هاتبێت، کاتێک دەیگوت: ئێمە هێرش ناکەینە سەر هەرێم! بەڵام ئەوەتا ئەو قسەیەی لە خشتەبردن و فێڵکردن بوو لە هەرێم، ئەگینا دەبوو ئەوکات گومانی لێ بکرابایە کاتێک ڕەتیدەکردەوە ئۆپەراسیۆنی سەربازی دژی هەرێم ئەنجامبدات، هەر خۆی ئەوە کۆدێک بوو کە ئەنجامدەدرا! بەڵام ئێمە دڵخۆش بووین بە فێڵەکانی عەبادی و دواییش بێ تەقە شاری کەرکووک ڕادەستی حەشدی شەعبی و پاسدارانی ئێران کرا.

ئێستا ئۆکتۆبەر ڕوویداوە و قۆناغێکی دیکەی سیاسی و سەربازییە بۆ هەرێم، بەجۆرێک هێشتا بەغدا هەڕەشە دەکات، ڕەنگە نەتوانێت لەژێر گوشاری ئەمەریکا ئێستا شەڕی سەربازی دژی هەرێم رابگەیەنێتەوە، بەڵام بە هەموو شێوەیەک خەریکی تێکدانی ڕەوشی سیاسی و ئەمنی هەرێمی کوردستانە، لە لایەک دەڵێت: مووچە دەنێرین و مووچەش نییە، ئەمەیان بۆ هاندانی هاووڵاتییانە دژی حکوومەتی هەرێم، لە لایەکی دیکەوە دامەزراوە یاساییەکانی عێراق بەکاردێنێت بۆ دەرکردنی بڕیاری سیاسی لە بەرگی یاسادا بۆ سزادانی هەرێم،

تەنانەت لە هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی قەوارەی هەرێمیشدایە، رەنگە بۆ ئەوەش پیلانی هاوشێوەی ١٦ی ئۆکتۆبەری هەبێت لە هەندێک ناوچەی کوردستان بە مەبەستی بچووککردنەوەی ناوبانگ و سنوور و پێگەی هەرێم لە هاوکێشە سیاسی و سەربازییەکان، بەتایبەتی لەو ناوچانەی لەژێر هەیمەنەی ئێراندان. کەوایە وەکچۆن شانزەی ئۆکتۆبەر بەرنامەی پێشوەختە بوو، هیچ دوور نییە، بەغدا بەرنامەی لەمجۆرەی بۆ هەندێک ناوچەی دیکەش هەبێت، بۆیە چاوکراوەیی لە ئاست هەنگاوە نهێنییەکانی بەغدا زۆر پێویستە بۆ رێگری لە روودانی رووداوی دیکەی هاوشێوەی ئۆکتۆبەر، ئەوکات بە خیانەت لە قەڵەمدان و رەخنەگرتن لە لایەنێک، هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت، وەکچۆن تاکو ئێستا هیچی لە کەرکووک نەگۆڕیوە، تەنانەت خودی گرووپە کوردییەکەی ئۆکتۆبەریش، ناتوانن پیاسەیەکی ئازادانەی رەحیماوا و خورماتوو بکەن، چونکە عەقڵی شۆڤێنی عەرەب ئەو گرووپەی تا شانزەی ئۆکتۆبەر ویستووە و دوای ئەوە هەموو شتێک کەوتووەتەوە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان.

دەکرێت رووداوی ١٦ی ئۆکتۆبەر وەک وانەیەکی بەخۆداچوونەوە وەربگیرێت و ئیدی کوردیش بە چاوی گومانەوە سەیری دەوروبەر و نەیار و تەنانەت دۆستەکانیشی بکات، بەو مەبەستەی چیتر فێڵی لێنەکرێت.

**زاری کرمانجی، ٢٠١٧/١١/٢٧**

# پاریس بەستەڵەکی قۆناغە سەختەکەی تواندەوە

لە دوای ئەنجامدانی ریفراندۆمەوە هەندێک ساردی کەوتە نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتانی رۆژئاوا، بەوپێیەی بەرژەوەندی وڵاتان لە عێراقدا، ئەوەی دەخواست لەم قۆناغەدا یەکپارچەیی خاکی عێراق بپارێزن، ئەگەرچی خۆشیان دەیزانن کە خودی عێراق ئێستا ئەو وڵاتە نییە کە بتواندرێت وەک وڵاتێکی یەکگرتوو و مەدەنی ناوی بهێندرێت، بەپێچەوانەوە بەرەو مەزهەبگەراییەکی تەواو دەچێت و هەر رۆژەی جۆرێک ئاڵۆزی مەزهەبی و سیاسی دێتە گۆڕێ، تەنانەت سیاسییەکی وەک ئەیاد عەلاوی لەم رۆژانە گوتی نازانم کێ فەرمانڕەوای عێراقە!

دیارە عێراق لە دوای١٦ ی ئۆکتۆبەرەوە غرورییەکی زۆری گرت و هەموو دیالۆگێکی لەگەڵ هەرێمدا رەتکردەوە، بە سەپاندنی کۆمەڵێک مەرجی نائاسایی و نایاسایی دژی حکوومەت و خەڵکی کوردستان، کە ناکرێت هەرێمی کوردستان قبووڵیان بکات، چونکە بەڕاستی نیەتی ئاشتەوایی نین، بۆ خۆفەرزکردنن بەسەر هەرێمی کوردستانەوە، ئەمەش وایکرد وڵاتانی دونیاش لەو داوا زۆر و بێتامانەی عێراق بێزار بن، تا ئاستی ئەوەی سەرۆکێکی وەک ئیمانوێل ماکرۆن، بانگهێشتی

نێچیرڤان بارزانی و شاندێکی هەرێمی کوردستان بکات بۆ پاریس، کە ئەمە وەک ئاماژەیەک وایە بۆ ئەوەی ئەگەر عێراق بەردەوام بێت لەسەر غرورییەکانی خۆی، ئیدی هەرێمیش بێمنەت دەکەن لەسەر ئاستی ناوچەکەدا.

سەردانی نێچیرڤان بارزانی و شاندەکەی بۆ کۆشکی ئێلیزێ و کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆکی فەرەنسا، ئیمانوێل ماکرۆن، ڕووداوێکی گرنگە، هەڵبەت بۆ قۆناغە سەختەکەی ئێستای کوردستان، چونکە لەسەر ئاستی ناوخۆ و عێراقیشدا خەڵکانێک دەخوازن هەرێم لەڕووی دیپلۆماسییەوە پەکی بکەوێت، بەڵام ئەو سەردانە بووە سەرەتایەکی دیکە بۆ دەربازبوونی هەرێم لەو قۆناغە سەختەیدا، کە بە ناهەق بەسەریدا سەپێندرابوو، چونکە ماکرۆن بەڕوونی هۆشداری دایە حکوومەتەکەی عەبادی، کە دەبێ ڕێزگرتن لە تەواوی بڕگەکانی دەستووری عێراقدا بێتە کایەوە، کە ئێستا هەولێر داوای دەکات، ئەمەش لە قازانجی هەولێردایە، لەبەر ئەوەی دەستوور زۆر شت بۆ هەولێر یەکلایی دەکاتەوە.

هاوکات ماکرۆن داواشی کرد کە میلیشیاکان دوای ئەم دیالۆگە نەمێنن بە حەشدی شەعبیشەوە، واتە چیتر ڕێگە بە چەتەگەرایی حەشدی شەعبی نادرێت بە ئارەزووی خۆی لەشکرکێشی بکات و غەدر لە پێکهاتەکانی دیکەی غەیرە شیعە بکات، بەتایبەتی کورد، لە کاتێکدا فەرەنسا ئەو قسانە دەکات، کە عێراق غرور بووە و ئەمەریکاش جۆرێک بێدەنگی نواندووە، بەڵام قسەی فەرەنسا ئاسایی نییە، بەتایبەتی لە ئەوروپادا کاریگەری زۆری بەسەر سیاسەتی یەکێتییەکەدا هەیە و دەتوانین وەک ئەمەریکای دووەم وێنای بکەین.

سەرۆکی فەرەنسا بە ڕوونی بە بەغدای گوت، دەبێ داهاتەکانی عێراق

بەشێوەیەکی یەکسان بەسەر هەموو خەڵکی عێراقدا دابەشبکرێن. دیارە ئێمە کێشەمان لەگەڵ بەغدا لەسەر ئەوەیە کە داهات یەکسانی تێدا نییە و تەنانەت ئێستاش هەوڵی کەمکردنەوەی پشکی هەرێم دەدەن، بۆیە ماکرۆن ئەو خاڵەی وروژاند، چونکە دەزانێت هەرێم غەدری لێدەکرێت.

ئێمە بەردەوام داوای جێبەجێکردنی ماددەی سەدوچل دەکەین، بەڵام عێراق چاوشارکێ لەگەڵ ئەو ماددەیەدا دەکات، کە بە لای کوردەوە گرنگە، ئەوەتا سەرۆک ماکرۆن لە بەرژەوەندی هەولێر و بە زمانی فەرمان دەڵێت: دەبێ ماددەی ١٤٠ لە ناوچە کێشەلەسەرەکان جێبەجێبکرێت و دیالۆگیش بەزووترین کات دەستپێبکات و تەواوی مافە دەستووری و شەرعییەکانی گەلی کوردستان لە بەرچاو بگیرێت.

لەڕووی دیپلۆماسییەوە ئەو سەردانە دەبێتە هۆی تواندنەوەی ئەو بەستەڵەکەی بەسەر پەیوەندییەکانی هەرێمدا هاتووە، پێشبینی دەکرێت دوای گەڕانەوەی شاندەکە، وڵاتانی دیکەش پێشوازی لە شاندی هەرێمی کوردستان بکەن، چونکە ئیدی بەستەڵەکی ئەو قۆناغە ساردەی پەیوەندییەکانی هەرێم توایەوە بەڕووی جیهاندا.

**رۆژنامەی خەبات، ٢٠١٧/١٢/٣**

## گەڕێکی دیکەی پەیوەندییەکانی هەولێر و ئەنقەرە

لە دوای بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆم، پێوەندییەکانی هەولێر و ئەنقەرە ساردی تێکەوت، بەتایبەتی لە سەروبەندی نزیکبوونەوەی وادەی ئەنجامدانی ریفراندۆم کە تورکیا زۆرترینجار داوای لە هەولێر کرد بۆ وەستاندنی ریفراندۆم، بەهەرحاڵ ریفراندۆم کرا و رووداوی ١٦ی ئۆکتۆبەریش روویدا و پەیوەندییەکانی هەولێر و ئەنقەرەش زیاتر ساردی تێکەوت، تا ئاستی ئەوەی تا ئێستا هیچ وەفدێکی هەرێمی کوردستان نەچووەتە تورکیا، سەرباری ئەوەی ئیبراهیم کالنی گوتەبێژی سەرۆکایەتیی تورکیا پێشتر رایگەیاندبوو، لە ماوەیەکی نزیکدا سەرۆککوماری تورکیا، رەجەب تەیب ئەردۆغان، پێشوازی لە نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان دەکات، بەڵام تا نووسینی ئەم وتارە هیچ ئاسۆیەکی ئەو سەردانە دیار نییە.

تورکیا لە ناوچەکەدا وڵاتێکی بەهێزە و بۆ کوردیش شوێنگەیەکی ستراتیژیی هەیە و ناکرێ بە ئاسانی هەولێر دەستبەرداری بێت، راستە ئێستا تورکیا جۆرێک غروری گرتوویەتی لە پەیوەست بە پرسی کورد لە سەرجەم بەشەکاندا، بەڵام هێشتا درەنگ نییە و

کورد دەتوانێت دووبارە دەستبکاتەوە بە پرۆسەی ئاشتەوایی لە باکوور و هەروەها گرێدانەوەی گەڕێکی دیکەی پەیوەندی هەولێر و ئەنقەرە لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەشی دوولایەنە، بەوپێیەی تورکیا یەکێکە لەو وڵاتانەی بەردەوام ڕەچاوی بەرژەوەندییەکانی خۆی دەکات، هەڵبەت خودی سیاسەتیش یانی بەرژەوەندی و قازانجکردن، کەوایە دەکرێت دیسانەوە هەولێر بە ستراتیژیی خۆیدا بچێتەوە و خۆی لە ئەنقەرە نزیک بکاتەوە، ئەو نزیکبوونەوەیەش سوودی زیاترە تا زیانگەیاند بە هەولێر.

تورکیا لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا زۆرترین قازانجی بۆ هەولێر هەبوو، ئەو وڵاتە بووە دەروازەیەکی گرنگ بۆ ئەوەی هەولێر نەوتی خۆی بەوێدا بگەیەنێتە جیهان و لە بەرانبەر عێراقیشدا زۆربەی جارەکان پشتی هەولێری دەگرت، بەڵام وەک گوترا لە دوای ریفراندۆمەوە ئەو هەڵوێستەی تورکیا بە هەڕەشە و هەتا چاوسوورکردنەوەش گۆڕا، ئەگەرچی تورکیا کۆی ئەو هەڕەشانەی کردی، بەتایبەتی هەڕەشەی داخستنی سنوور، هیچی نەخستە باری جێبەجێکردنەوە و تا نووکەش نەوتی هەولێر دەچێتە تورکیا و کاڵا و خۆراکی تورکیاش دێتە هەرێمی کوردستانەوە، کە کاریگەری زۆریان لەسەر راگرتنی بازاڕی کوردستاندا هەیە، ئەگینا ئێستا گرانی رووی لە کوردستان دەکرد، لەو حاڵەتەشدا تەنیا خەڵکە هەژارەکە زیانمەند دەبوون، لە لایەکی دیکەوە تورکیا زۆرترین هاوکاری بۆ زیانلێکەتووانی بوومەلەرزەکە رەوانەکرد، هەموو ئەوانەش پێماندەڵێن هێشتا تورکیا ئومێدی بە هەولێر ماوە، ئەگینا کۆمپانیا و کرێکارەکانی خۆی لە هەرێمی کوردستان دەکشاندەوە، بەوپێیەی تورکیا وڵاتە و دەتوانێت ئەو زیانانە پڕبکاتەوە، بەڵام کاتێک ئەو هەنگاوانە ناگرێتەبەر، بێشک چاوی لەوەیە دووبارە پەیوەندییە ساردەکەی لەگەڵ هەولێردا گەرمبکاتەوە.

هەڵوێستی تورکیای پێش ١٦ی ئۆکتۆبەر جیاوازە لەگەڵ دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر، پێش ئۆکتۆبەر بە ئاشکرا هەڕەشەی لە هەولێر دەکرد، بەڵام کاتێک بە هۆی ئۆکتۆبەرەوە هەرچی تورکمان هەن دەکەونە ژێر هەیمەنەی میلیشیا شیعەکانەوە، ئینجا تورکیا جۆرێک بێدەنگی لە بەرانبەر هەولێر نواند، کە لە سیاسەتدا بە مانای بەخۆداچوونەوە دێت، واتە تورکیای ئێستا زۆر جیاوازە لەگەڵ تورکیای پێش ئۆکتۆبەر، بەڕاستی تورکیا درکی بەوە نەکردبوو تورکمانەکان بەمجۆرە دەکەونە ژێر دەسەڵاتی حەشدی شەعبی کە هێزێکی شیعەمەزهەبن و لە ئایندەدا ناکۆکییان لەگەڵ تورکیاشدا بۆ دروست دەبێت، لەبەر ئەوەی حەشدی شەعبی دەیەوێت نموونەیەکی لوتبەرزی شیعەگەرایی بێت، ئەوەش بۆ تورکیا جێگەی نیگەرانییە، کەوایە لە ئێستاوە چاوەڕێی ئەوە دەکرێت نێوانی شیعەی دەسەڵاتداری بەغدا و تورکیای سوننەمەزهەب تێکبچێت، بەوپێیەی حەشدی شەعبی هێزێکی شۆڤێنییە و جگە لە شیعەی عەرەب، هیچ پێکهاتەیەکی نەتەوەیی و مەزهەبی دیکە لە تەک خۆیاندا قبووڵ ناکات، ئێ ئەمەش رێک سەرئێشەیەکە بۆ تورکیا و لێرەدا ئەنقەرە پێویستی بە کورد دەبێت، لەولاوەش شنگال کەوتووەتە دەست حەشد و پەکەکە و ئەگەری ئەوەش هەیە ببێتە قەندیلی دووەم، زاڵبوونیش بەسەر پەکەکە، جگە لە پارتی هیچ هێزێکی دیکە ناتوانێت ئەوە بکات، هەموو ئەو ئاماژانە دەڵێن لە ماوەیەکی دیکەدا بەستەڵەکی نێوان ئەنقەرە و هەولێر دەتوێتەوە و دووبارە دەستدەکەنەوە بە هەنگاوە دیپلۆماسییەکان.

مادام بە هۆی سەپاندنی واقعێکی تاڵ، هەولێر لە ئێستادا ناتوانێت لە عێراق جیابێتەوە، ئیدی پێویستی بەوەیە پێگەی خۆی وەک هەرێم بپارێزێت و دووبارە ستراتیژیی خۆی دابڕێژێتەوە لە پەیوەست بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراق و بەتایبەتی تورکیادا، دەرکەوت هێشتا

دونیا بێویژدانە لە ئاست پرسی سەربەخۆیی کوردستان و رەچاوی بەرژەوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ بەغدا دەکەن، کەوایە دەبێ کوردیش کارێکی وا بکات بەرژەوەندیی زۆرترین وڵاتی ناوچەیی و جیهانی بهێنێتە هەولێرەوە، ئەوکات دەتوانێت هەنگاوی دیکە بە ئاراستەی سەربەخۆییدا بهاوێژێت.

**زاری کرمانجی، ٢٠١٧/١٢/١١**

## ریفراندۆم.. مۆتەکەی سەرشانی عەبادی

لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە چاوەڕوانییەکی زۆری خەڵکی کوردستان کەوتووەتە سەر حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق گوایە بژێوی خەڵکی هەرێمی کوردستان چاک دەکاتەوە. بەشێکی ئەو چاوەڕوانییانەش رەنگە پەیوەندی بە سادەیی خەڵکی ئێمەوە هەبێت کە بەداخەوە ناتوانن رووداوەکان وەکخۆی درک پێبکەن، یان توانای ناسینەوەی سەرکردەی رێکلامچیان نییە. بەشێکی دیکەشی پەیوەندی بە نائومێدییەوە هەیە کە لە دوای ساڵی ٢٠١٤ەوە، پرسی مووچە بە هۆی دابەزینی نرخی نەوت و گەمارۆکانی بەغدا چارەسەر نەکرا و پڕۆژەکانیش وەستان.

تۆ ئارەزووی خۆتە ئومێدت بە عەبادی هەبێت، بەڵام راستییەکەی عەبادی هیچ کات نایەوێت هەرێمی کوردستان پێشبکەوێت، ئەگەر بوودجەش بکاتەوە سەدا حەفدەکە، هێشتا من گومانی لێدەکەم هەموو شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان سەرف ناکات و چاوشارکێی جۆراوجۆر لەگەڵ خەڵکی ئێمەدا دەکات تا دیسانەوە بودجە رەوانە نەکاتەوە.

عەقڵییەتێک لە بەغدا حوکم دەکات، نایەوێ کورد پێشبکەوێت، دەزانن بۆچی؟ لەبەر ئەوەی پێش بڕینی بودجە بە بەراورد بە بەغدا هەرێم لەڕووی بژێوی و پێشکەوتنەوە، جیاوازییەکی زۆری هەبوو کە ئیدی ئەو عەقڵییەتەی بەغدا ئەو پێشکەوتنەی پێ هەزم نەکرا، پێش ئەوەی تۆ ڕەخنەت هەبێت، منیش دەڵێم: بەفیرۆدانێکی زۆری پارەش لە هەرێمی کوردستان هەبووە، بەڵێ، خەڵکێکی زۆریش لە هیچەوە بوون بە پارەداری زەبەلاح و هەموو ئەوانەش دەچنە چوارچێوەی گەندەڵییەوە. بەڵام دیسانەوە ئەو پێشکەوتنەی هەرێم ناکرێت بەو بەغدایە بەراورد بکرێت.

لەبەر ئەوەیە ئەو عەقڵییەتەی بەغدا هەموو هەوڵێک بۆ شکستپێهێنانی هەولێر، وەک کیانێکی سیاسیی کوردی دەخاتەگەڕ و بەداخەوە لەو هەرێمیشەوە هاوکاری ئەو عەقڵییەتە شۆڤێنیستییە دەکرێت، ئەمەش بە هۆی ململانێی تەسکی حیزبی و بە هۆی ئەو پەروەردە سەقەتەی حیزبییەوەیە کە بەرچاوی هەمووانی ڕەشکردووە و لەبری بەرژەوەندی گشتیی نیشتمان، بەرژەوەندی حیزبی و گرووپەکانی ناو حیزب، لە سەرووی هەموو شتێکەوە دادەنرێن.

شوورەییەکی گەورە بوو، لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە، هەمدیسان حیزبە کوردییەکان بەردەوامییان بە دووبەرەکی و چەند لیستی و هاوپەیمانێتی جیاواز دایەوە، ئەو کۆمەڵە لیست و هاوپەیمانێتییە کە لە ئاییندەدا ڕادەگەیەندرێن، جگە لە ناشیرینکردن و لاوازترکردنی پێگەی کورد لە بەغدا، هیچی دیکە نییە.

لێرەدا بەغدا زۆرباش لە دوای ئۆکتۆبەرەوە کوردی هەڵسەنگاند، بەوەی لەبری ئەوەی هەموو بە یەکدەنگ دژی ئەو داگیرکارییە بوەستنەوە و هۆشداری نەتەوەیی و کشانەوە لە حکوومەتی بەغدا

بدەن، بەپیچەوانەوە هەمووان بە جیاواز و گرووپ گرووپ چوونەوە بەغدا، واتە حیزبەکان و تاقمی ناو حیزبەکان.

دەبوو لە دوای ئۆکتۆبەرەوە سەرباری هەموو رەخنەکان، هەمووان پاڵپشتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بوونایە بۆ ئەوەی لەم قۆناغە سەختەدا، گەلەکەمان لەو هەموو سووکایەتی و گەمارۆ نایاساییانەی بەغدا رزگاری بوایە، بەڵام ئیدی ئەوە کوردە دیسانەوە هەمووان دژی ئەزموونی خۆیان وەستانەوە و هەندێکیش رۆژانە هەواڵە ئیستیفزازییەکانی عەبادی وەک گرنگترین هەواڵ بۆ خوێنەری کوردی دەگوازنەوە، ئاخر نازانم ئەو عەبادییە کوێی ئەوها جوانە تا بەمجۆرە لای بەشێکی کورد خۆشەویست بێت!

تۆ ئارەزووی خۆتە کە باوەڕت بە عەبادی هەیە و ئومێدێکی زۆرت بە هاتنی مووچە لە بەغداوە هەیە، بەڵام گریمان هاتیش، ئەمە تا سەر نابێت و دیسانەوە کێشەکان سەرهەڵدەدەنەوە و رەنگە کورد زیانی دیکەش بکات، ئەگەر بەم ریتمەی ئێستای لەگەڵ عەبادیدا رێککەوتن بکات، لەبەر ئەوەی عەبادی خۆی نییە، لە سەرووی ئەوەوە، واتە مەرجەعی ئایینی و ئێران ئاڕاستەی دەکەن.

دەکرێ لێرەدا رۆڵی عەبادی لە رۆبۆتێک زیاتر نەبێت کە لە چەندین لای دیکەوە خاوەنەکانی ئاڕاستەی دەکەن، بۆیە ئومێدهەڵچنین بە بەڵێنەکانی عەبادی، رێک فێڵکردنە لە خودی خۆمان.

ئێوە دیقەت بدەن، دەزانن حەیدەر عەبادی، چەندە تامەزرۆی ئەوەیە لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستانەوە ئەنجامەکانی ریفراندۆم هەڵبوەشێندرێتەوە، دەزانن ئەگەر هەولێر ئەوە بکات، ئیدی ئەو عەبادییە هیچ حیسابێک بۆ کورد ناکات، ئێستاش ترسی گەورەی لە ئەنجامی ریفراندۆم هەیە و ئەو ئەنجامە مۆتەکەیەکە بەسەر شانی

عەبادی و تاقمەکەیەوە، خۆ ئەگەر کورد بە درێژایی مێژوو، چەند هەنگاوێکی گرنگی هاویشتبێت، بەدڵنیاییەوە ریفراندۆم یەکێکە لە گرنگترینی ئەو هەنگاوە سیاسییانەی کورد، چونکە بە فەرمیی کورد بە دونیای گوت، ئێمە بەشدار نین لەو عێراقە ستەمکارە کە هەر رۆژەی بەشدارە لە جۆرێک فەساد و دروستکردنی گرووپی توندڕۆی مەزهەبی و ئایینی و فەشەلی سیاسی.

بەڵام لێرەدا پرسی داخوازیی کورد بۆ دیالۆگ، ئەو گرنگییەی هەیە کە دیسانەوە کورد وەک نیازپاکییەک بە دونیا دەڵێتەوە هێشتا دەمانەوێت دەرفەتێکی دیکە بەو عێراقە بدەینەوە، کە ئێوە لەبەر چاوی کاڵی عەبادی چاوتان راستییەکان نابینێت و بێدەنگن لە ئاست ئەو پێشێلکارییانەی بەرانبەر مافەکانی کورد ئەنجامدەدرێن.

دیالۆگی هەرێمی کوردستان بۆیە زۆر پێویست بوو، چونکە عێراق فرچکی بە جەنگ و ماڵوێرانی گرتووە، رۆژێک شەڕفرۆشتن بە ئێران، رۆژێک کوشتنی کورد و کاولکردنی گوند و داگیرکاری لەسەر خاکی کوردستان، رۆژێک شیعە دژ بە سوننە، سوننە دژ بە شیعە و شیعەش دژ بەوانی دیکە دەوەستنەوە.

بیرمان نەچێت پرۆسەی شەڕفرۆشتن بە کورد پرۆژەیەکی شۆڤێنیستییە و بەردەوامی دەبێت، تەنیا لە حاڵەتی دروستکردنی دەوڵەت، رەنگە کەم بێتەوە، ئەویش بە هۆی سەروەری سنوورەوە، بەڵام ئەوەتا دونیا رێگری لەو خواستەی کورد دەکات و بە هۆیەوە حەیدەر عەبادی شیری تیژتر بووە.

بەڵێ، هەموو ئەوانە پیشەی هەمیشەیی ئەو عێراقەن و تازەش ئەو وڵاتە شەڕخوازە ناتوانێ وەک وڵاتێکی بێ کێشە بێت و لەسەر بنەمای دیموکراسییەت بەڕێوەبچێت. بەپێچەوانەوە ئەو عێراقە ئامادەیە

تەنانەت ئەگەر کوردیش نەبێت، شەڕ بە خودی خۆی بفرۆشێت!

مەگەر لەو عێراقەدا حوسێنی نەوەی پێغەمبەر گەمارۆ نەدراو و بە ناشیرینترین شێوە نەکوژرا! مەگەر رۆژانە سەدان کەس نابنە قوربانی ململانێ مەزهەبییەکان؟ ئەو عێراقە، وڵاتی شەڕ وماڵوێرانی، وڵاتی ستەمکاری و پێشێلکارییەکان، هەر بۆیە دیالۆگ گرنگ بوو، چونکە ئەو بیانووەی لە چنگ عەبادی دەرهێنا بەوەی دەیویست ستەمکاری دژ بە گەلی کورد ئەنجامبدات، بە پاڵپشتیی ئێران و چەکە ئەمەریکییەکان. ئەوە سیاسەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان بوو لەم قۆناغەدا، بە دونیای گوتەوە، ئێمە لەگەڵ ئاشتیداین و دەمانەوێ دەرفەتێکی دیکە بەو عێراقە خوێناوییە بدەینەوە.

بەڵێ، ئەگەر عەبادی و تاقمەکانی بەردەوام بن، ئیدی قۆناغێکی دیکە دێتەگۆڕێ و ئەگەری ئەوە هەیە، عەبادی ئەو پاڵپشتییە نێودەوڵەتییەی لە دەست بچێت!

# نابێ کورد لە بەغدا بکشێتەوە

دەی خەڵکی ئارەزووی خۆیانە بە عێراقچێتی، یان جاش و ئەو شتانە لە قەڵەمم بدەن، ئاخر ئێستا خەڵکێکی زۆری مشەخۆر، نان بەمجۆرە قسانەوە دەخۆن، گرنگ ئەوەیە لای خۆمەوە من جیاواز لە زۆرینە، هەر لە بنەڕەتدا باوەڕم بە عێراق و دەستوور و کولتوور و تەنانەت دین و فەرهەنگ و سیاسەتی ئەو وڵاتە ملهوڕەش نییە! بەڵام واقیع شتێکی دیکەیە و بە حەزی ئێمە نابێت.

لە ڕووی دەستوورەوە عێرق وڵاتێکی دینییە، واتە مەرجەعی دینی دەتوانێت هەموو شتێک یەکلایی بکاتەوە، بۆ نموونە دەتوانێ دەیان گرووپی دیکەی وەک حەشدی شەعبی دروستبکات و بڕیاری هێرشکردنە سەر کوردستانیشیان پێبدات. هاوکات ئایین سەرچاوەی یاساکانە، کە من دژی سیستەمی دینیم بۆ هەر وڵاتێک، لەڕووی سیاسیشەوە، پێکەوەژیان لە عێراقدا نییە و هێزەکانیش خەریکی سڕینەوەی یەکترین و هیچ شەراکەتێک باوی نەماوە. لەڕووی فەرهەنگییەوە توندوتیژیی بەرهەم دەهێنێت و دیموکراسی تێدا لەژێر هێڵی هەژاریدایە تا ئاستی نەبوو، کە دیموکراسییەت باشترین سیستەمی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەیە

لە هەر وڵاتێکدا، بەڵام لە عێراقدا وەڵامی ریفراندۆمێکی دیموکراسییانەی هەرێمی کوردستان بە تانک و تۆپ درایەوە، ئێستاش ئەوە ئەگەرێکە کورد دەبێ هەمیشە لەبەرچاوی بێت، بۆی هەیە لە هەر دەقەیەکدا هێرش بکرێتەوە سەر کوردستان.

کەوایە هەر لە ئێستاوە تۆمەتی عێراقچێتی لای من هیچ بایەخێکی نییە و چی دەڵێن بیڵێن و ئێوە ئازادن، گرنگ ئەوەیە هیچ کەسێک لە خۆم بە کوردپەروەرتر نازانم، کاتێکیش من پێشمەرگە بووم، زۆرێک لە پارەخۆرەکانی ئێستا، کە دەزانم لەسەر ئەم وتارە رەخنە و تۆمەتی عێراقچێتیم ئاڕاستە دەکەن، ئەوکات هەر بوونیشیان نەبوو، بەڵام ئەمڕۆ بە هۆی پارەی چەورەوە خۆیان لێمان کردووە بە کوردپەروەر و ئاڵاهەڵگری نیشتمان، لەوەدا بەختەوەرم کە بە قەد هەموویان بەرگریم لە ریفراندۆم کردووە و ئێستاش بە تاکە بڕیاری دروستی کوردستانی دەزانم.

بەڵام نابێت لەم قۆناغە هەستیارەدا کورد لە بەغدا بکشێتەوە، ئەمە لەڕووی تایتلەوە رەنگە لەگەڵ بۆچوونی زۆرینەی ئێستای خەڵکیدا هاوهەڵوێست نەبێت، راستە زۆرینە داوای کشانەوە دەکەن و خۆمیش پێش ریفراندۆم هەمان خواستم هەبووە، بەڵام دۆخی ئێستا جیاوازە لە پێش ریفراندۆم، بە هۆی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە پێگەی کورد لاوازبووە، ئەمە ناشاردرێتەوە.

ئەوانەی داوای کشانەوەش دەکەن دوو جۆرن، دڵسۆز و تێنەگەیشتووەکان لە دۆخی عێراق، زۆرێکیش کە داوای کشانەوە دەکەن، تێیاندایە ئێستا کاندیدی پەرلەمانی عێراقن و کەچی لەسەر شاشەکان داوای کشانەوەی کورد لە بەغدا دەکەن و لە ژێریشەوە خەریکی دەنگ کۆکردنەوەن! ئەمەش جگە لە دووفاقی هیچی دیکە نییە.

هەموو ئەو هەڵسوکەوتە سیاسییانەی لە دوای ریفراندۆمەوە لە عێراق دەبینرێن، هەموویان دوژمنکارانەن و هەوڵی راکێشانی کوردە بۆ ناو شەڕێکی درێژخایەنی سەددامییانە و نابێ کورد بچێتە ناو ئەم شەڕەوە، چونکە عێراق هەر لە بنەڕەتدا خەڵک و کولتوور و هەتا دینەکەشی فێرە شەڕن و ماندوو نابن لە کوشتار و ئازاردانی خەڵکی دیکە. کەوایە دەکرێ بەغدا نییەتی ئەوەی هەبێت دیسانەوە کورد دووچاری هەمان دۆخی سەردەمی سەددام بکاتەوە، لێرەدا پێویستە کورد ئەوە لەبەرچاو بگرێت!

کورد بە هۆی پێشێلکارییەکانی بەغدا ریفراندۆمی بۆ سەربەخۆیی ئەنجامدا و بەغداش ئەوەی کردە بیانوو و هێرشکردنە سەر کوردستانی خێراتر کرد، هاوکات ١٦ی ئۆکتۆبەر پێگەی کوردی لاوازکرد و ئەمەش خەیاڵ نییە، لەبەر ئەوەشە تا ئەم چرکەساتە بەغدا هێشتا نییەتی هێرشکردنە سەر کوردستانی ماوە، بەڵام سیاسەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لەم قۆناغەدا ئەو بیانووەی لە دەست بەغدا دەرهێناوە کە پاڵپشتی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەدەستهێناوە، لەوەی پێویستە کێشەکان لە رێگەی دیالۆگەوە چارەسەر بکرێن، چونکە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی شەڕ و جیابوونەوەی ناوێت، لە ئاست ئەو مافەی کورد نە چاویان هەیە، نە گوێ! کەوایە هەر هیچ نەبێت بۆ ئێستا شەڕ راگیراوە کە بەغدا پێی خۆش نییە، دەزانن راگرتنی شەڕ چ گرنگییەکی هەیە؟

ئەوانە لەو بایەخە تێدەگەن کە رۆڵەکانییان لە بەرەی جەنگن، ئەو پێشمەرگانە تێدەگەن کە لە بەرەی شەڕدا بە هۆی خیانەتەوە شکان، کەوایە دیالۆگ نەک شەڕ.

تا ئێستاش بەغدا تانکەکانی روویان لە هەولێرن و هەرچی تۆپ و چەکی قورسیشی هەن، لە سەنگەرەکانی شەڕی داعشەوە، بۆ

نزیکی هەولێر هێندراون، وەک ئاماژەیەک بەغدا نییەتی باش نییە و کشانەوە لە پرۆسەی سیاسیی بەغدا، هێندەی دیکە ڕەوشەکە بەرەو تێکچوونێکی دیکە دەبات، لە کاتێکدا کورد لە ١٦ی ئۆکتۆبەردا ئەوەی تاقیکردەوە هیچ پاڵپشتییەکی نێودەوڵەتی نییە.

لە کاتێکدا بەغدا هەر خۆی بیانوو دەگرێت و دەیەوێت بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بڵێت ئەوەتا کوردان نایانەوێت عێراقی بن! ئێ ئەمە ڕاستە کورد نایەوێت عێراقی بێت، بەڵام خۆ عێراق ڕازی نییە کورد جیابێتەوە، وەک ئەوەی لە ریفراندۆمدا بەرانبەر کورد گەڵەکۆمەکییەکی ناوچەیی ڕوویدا و دونیاش تەنیا سەیرکەرێکی شەرمن بوو، هەر بۆیەش بەغدا شەڕی بیانووپێگرتن بە کورد دەکات، ئەمەشی بۆ ئەوەیە ئەو ئەزموونەی بە خوێن و قوربانیدان و ئەنفال و پێشمەرگایەتی دروستمان کردووە، بە یەکجاریی کۆتایی پێبێنێت، لەبەر ئەوەشە هەموو دیالۆگ و شتێک ڕەتدەکاتەوە.

لە دیدی بەغدا ١٦ی ئۆکتۆبەر ئامانجی خۆی نەپێکاوە و دەخوازن تەواوکەری ئامانجەکانی ئۆکتۆبەر مسۆگەر بکەن، وەک گوتمان ئێستاش لوولەی تانکەکانی بەغدا ڕوویان لە هەولێرە و ڕۆژانەش جموجۆڵییان زیادی کردووە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش بە ئاشکرا لایەنگری بەغدان و داوای یەکپارچەیی ئەو عێراقە فاشیلە دەکەن، بەڵام چاویان ئەو هەموو زوڵمەی عەبادی نابینێت، ئەمەیە مەترسییەکە!

لە کاتێکدا دەزانن کورد تاکە میللەتی ناوچەکەیە هیچ کێشەیەکی کولتووری توندڕەوی نییە و دەتوانێت نموونەی دیموکراسییەت پێشکەشبکات، بەو مەرجەی ژینگەی بۆ بڕەخسێت، بەڵام ئەوە هیچ سوودێکی نییە، چونکی بەرژەوەندیی فراوانتریان هەیە و کوردیش دەکەنە قوربانی بەغدا و تاران و ئەنقەرە، وەک لە ریفراندۆم و ١٦ی

ئۆکتۆبەردا بە چاوی خۆمان دیتمان کورد هیچ پاڵپشتییەکی جیهانی نەبوو و تەنیاترین نەتەوەی ناوچەکەیە، ئەگینا بۆچی غەدری ١٦ی ئۆکتۆبەریان قبووڵکرد!؟

پرسی دیالۆگ ئەگەر هیچی نەکردبێت، شەڕی راگرتووە، لە کاتێکدا بەغدا شەڕی رانەگرتووە و ئێستاش نییەتی هێرشکردنە سەر کوردستانی هەیە، بەڵام مادام کورد داوای دیالۆگ دەکات و دەیەوێت دەرفەت بە بەغدا بدات، ئەوە عەبادی و گرووپە شەڕخوازەکەی دەستەوەستان کردووە، لەوەدا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کوردیان رازی بە گەڕانەوەی بۆ بەغدا کردووە و بەغداش وەختە دڵی شەق ببات بۆ هەڵگیرساندنەوەی شەڕ!

بە کشانەوەی کورد لە بەغدا، بیانوو دەدرێتەوە بەغدا بۆ هەڵگرتنی هەنگاوی خراپتر، چونکە هەر خۆی ئامانجی خراپە، بەڵام کات و هەڵوێستەکان ئەو دەرفەتەیان لە هێرش و پەلاماردانی کوردستان لەبەردەم حکوومەتەکەی عەبادی لاوازکردووە، لەبەر ئەوەشە عەبادی بە دوای دەرفەتی دیکەدا دەگەڕێت بۆ تەواوکردنی سیاسەت و ئامانجی ١٦ی ئۆکتۆبەر، هەر بۆیەش بەبێ کورد بوودجەی تێپەڕاند، ئاخر ئەگەر بە زۆرینەی پەرلەمانی ناوی هەرێمی کوردستانی هەڵوەشاندەوە، ئەوکات چی دەبێت!؟ خۆ دیسانەوە کورد دەگاتەوە چوارچێوەی پێش ئازادی عێراق و بگرە بەشێوەیەکی خراپتریش، ئەگەر ئەوکات سەددام حوسێن بۆی نەبوو هێرشبکاتە سەر کوردستان، کە ترسی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەبوو، بەڵام خۆ ئێستا عێراق هەر حیساب بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئەنجوومەنی ئاسایش ناکات، مەگەرە رۆژانە داوا لەو عەبادییە ناکەن، کێشەکانی لەگەڵ هەولێر چارەسەر بکات، کەچی عەبادی هەر گوێش ناگرێت و نایەوێت کیشەکان چارەسەر بکات، بەپێچەوانەوە دەخوازێت ئامانجی ١٦ی ئۆکتۆبەر تەواو بکات،

ئەگەر بە شەڕیش بێت، یان سیاسەتی برسیکردن و سزادانی خەڵکی کوردستان.

مادام کورد پاڵپشتی جیهانی نییە و ئەو عەقڵییەتە سەقەتەی بەغداش دەیەوێت کێشەکانی لەگەڵ کورد زیاتر بکات، ئیدی کورد پێویستە لە ڕێگەی کۆنفرانسێکی هاوبەشی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتان و بەتایبەتیش ئەمەریکا بکات، کە کورد بە مەرج لەگەڵ بەغدا دەمێنێتەوە، ئەمەش پێویستە نووسراوی فەرمی ئاراستەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکرێت و تێیدا داوای کۆبوونەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بکرێت، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە عێراقدا، هاوکات داوا بکرێت یان مافەکانی کورد دابینبکرێن، وەک هەر هاووڵاتییەکی دیکەی عێراقی، یان ڕێگە بە جیابوونەوەی ئارەزوومەندانە و تاکلایەنەی کورد بدەن، بەڵام ئەگەر کورد لە خۆیەوە بکشێتەوە، ڕەنگە باش نەبێت، چونکە بیانوو دەدرێتە بەغدایەکی شەڕخوازیی ملهوڕ کە ئاسانترین هەنگاوێک لای ئەوان، واتە عەقڵییەتی بەغدا، هەڵگیرساندنی شەڕ و تەنانەت کۆمەڵکوژیی و ئەنفالە، وەک ئەوەی لە ڕابردوودا ڕوویداوە و ئێستاش هەمان عەقڵییەت لە بەغدا فەرمانڕەوایی دەکات.

دەکرێت بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بگوترێت بەغدا بە ئاشکرا غەدر لە کورد دەکات و ناشیەوێت کورد وەک هاووڵاتی پلەیەکی عێراقی سەیر بکات و لە هەمان کاتیشدا ڕێگە نادات کورد جیابێتەوە، ئەگەر نایەڵێت، کەوایە پێویستە مافی کورد دابینبکات، ئەگینا دەبێ ڕێگە بە خۆبژێوی و سەربەخۆیی کوردستان بدرێت.

تێپەڕاندنی بوودجە بەبێ کورد، خواستی کشانەوەی لە بەغدای زیاد کرد، ئەمە لەڕووێکییەوە زۆر باشە کە گوشارەکان زیاتر دەبن، بەڵام

ئەوەی لە عەقڵییەتی ئێستای بەغدا دەخوێندرێتەوە، ئەوەیە بەغدا دەیەوێت کورد ناچار بەو بڕیارە بکات و دواتریش هەنگاوی خراپ و لەشێوەی گەلەکۆمەکی بەرانبەر کورد بگرێتەبەر، ئەمەش وەک جێبەجێکردنی عەقڵییەتی شۆڤێنیستی بەغدا، لەوەی یەکهەڵوێستن لەسەر ئازاردانی کورد. ڕەنگە باش نەبێت کورد ئەو دەرفەتە بداتە بەغدا و پرۆسەی سیاسی بۆ ئەوان جێبهێڵێت، لێرەدا دەکرێت کورد بە پرۆژەی سیاسی دەرفەتێکی دیکە بداتەوە بەغدا، هەڵبەت بە ئاگادارکردنەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی ماف و خواستی کورد دابینبکرێت، ئەگەر ئەوەش نەکرا، ئەوکات کورد دەرفەتی جیابوونەوەی لەبەردەمدا دەبێت، تەنانەت ئەگەر کۆمەڵکوژی کوردانیش بکرێت!

**ماڵپەڕی شارپرێس، ٢٠١٨/٣/٤**

# ریفراندۆم..هەوڵی توورڕهەڵدانی فیکری شوشکەییەکان

قسەی زۆر لەبارەی شوشکەیی کرا، راستی من هیچ رەخنەیەکی جیدی ئەوتۆم نەدی ئاڕاستەی ئەو پیاوە بکرێت، زۆربەی زۆری رەخنەکانیش بەهای رەخنەی سیاسییان نەبوو، قسەگەلێکی ئەوتۆ نەبوون کە بەهۆیانەوە شوشکەیی بەخۆیدا بچێتەوە و شەرم لە خۆی بکات لە دژایەتیکردنی خواستی گەلەکەی.

لە بری هێرشکردنە سەر شوشکەیی، دەبوو سەرەتا رەخنەیەکی زۆر لەو حیزبانە بگیرایە کە کارەکتەری مەلا دەبەنە ناو دامەزراوە سیاسی و یاساییەکانەوە، پێویست بوو، قسە لەسەر فیکری مەلای هاوشێوەی شوشکەییەکان بکرێت، کە بەڕاستی بە تەواوی کەوتوونەتە ژێر کاریگەری فیکری دواکەوتووی دینی و ئینجا عەرەبی.

یەکێکیش لە کێشەکانی دیکەی کۆمەڵگەی ئێمە ئەوەیە، رۆشنبیران و سیاسییەکانی، یان ئەوانەی بەشێوە گشتییەکەی دەنووسن و رەئی دەردەبڕن، رەخنەی جیدیان نییە بۆ دیاردە و شتە خراپەکان، بۆ تێڕوانینە دواکەوتووەکان، بەڵکو سەرپێیی لە هەر پرسێکدا دەڕوانن و بەگوێرەی هەلومەرجە سیاسییەکەش، گۆڕان لە تێڕوانینیان روودەدات،

واتە هیچ بنەمایەکی جێگیریان نییە بۆ ڕەخنەکردنی هەر دیاردەیەکی خراپی کۆمەڵگە.

بۆ نموونە ئەگەر ئەو مەلا شوشکەییە بیگوتبایە عەبادی پیاوێکی خراپە، یان وەک موجامەلەیەکیش بیگوتبایە ریفراندۆم باشە، جا بۆ پارەی بووایە، یان پۆست و هەر شتێکی دیکە، لە بری ئەوەی ڕەخنە بگرن، ئێستا دەکرایە ئەستێرەی هەواڵەکان!

کۆمەڵگەی کوردی کێشەیەکی ریشەیی هەیە، هێندەی لە خەمی دین و ترادیسیۆنە پڕ لە ئاریشە و دواکەوتووەکەی ئیسلامدایە، سەدا دەی ئەوەندە لە خەمی نیشتمان و کیانی خۆیدا نییە، وەک هەر نەتەوەیەکی دیکە.

شوشکەییەکان بەرئەنجامی ئەو فیکرە پاشکۆییەی مەلای کوردین، ئەوجۆرە فیکرەی کە زیاتر لە هەزار ساڵە خەریکی شۆردنەوەی مێشکی تاکی کوردە بۆ بەرژەوەندی فیکری خەلافەت لەسەر حسابی نەتەوەیەک، هەر بۆیەش نەتەوەیەکی نزیک بە پەنجا ملیۆنی لە جیاتی ئەوەی زلهێزی جیهان بووایە و خاوەن ڤیتۆ بووایە، تەنانەت ئێستا ریفراندۆمیشی پێ ڕەوا نابینن، ئەمە خەتای کورد خۆیەتی، شوشکەییەکانیش وەبەرهێنی ئەو فیکرە بە پاشکۆییکردنەی کوردن بۆ ئەوەی لە باوەشی خەلافەتدا بژین.

تورکەکان بە هۆی ئیسلامەوە توانییان دەوڵەتی تورکیای ئێستا دروستبکەن و ببنە ئەندامی ناتۆ و هێزێکی گەورەی جیهانی، فارسەکانیش توانییان ئێرانی ئێستا بە هۆی ئیسلامەوە دروستبکەن، کە ئەمەریکای زلهێز و هاوپەیمانەکانی بەخۆیەوە سەرقاڵ بکات، عەرەبەکان توانیویانە بە هۆی دینەکەی خۆیانەوە، واتە ئیسلام چەندان دەوڵەت دروستبکەن و وڵاتانی دونیاش موجامەلەیان بکەن، چونکە

خۆیان بە خاوەنی ئەو دینە دەزانن، کە شوشکەیی و هاوشێوەکانی لە پێناویدا دژایەتی نەتەوەکەی خۆیان دەکەن و پاشکۆیەتی هەڵدەبژێرن تەنیا بۆ مانەوە لە تەک عەقڵی خەلافەتدا.

شوشکەیی ناهەقی نییە بڵێت ریفراندۆم شومە، چونکە ئەو هەڵگری ئەو فیکرە ئایینییە پاشکۆیەیە، جگە ترادیسیۆنی خێڵەکی و خەلافەتی، هیچی دیکەی قبووڵ نییە و نایەوێت لە تەک دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی عێراقدا، دەوڵەتێکی سێکۆلاریستیی کوردستانی دروست بێت، چونکە زۆرباش دەزانێت، ئەوانەی ئیش بۆ پرسی دەوڵەتی کوردستان دەکەن، دەوڵەت و یاساکانی مەدەنی دەبن و ئایینی و مەزهەبی نابن، هەڵبەت دونیایەک رەخنەش لە سێکۆلاریزمبوونی ئەو حیزبانە هەیە، هێشتا ناتوانین بڵێین تەواو دیموکراسیین، بەڵام بەدڵنیاییەوە ناکرێت و شیاو نییە فیکری ئەو حیزبە نەتەوەییانە، سەرباری هەموو رەخنەیەک بە فیکری خێڵەکی شوشکەیی و هاوشێوەکانی بەراورد بکرێن، هەر هیچ نەبێت بانگەشەی دروستکردنی دەوڵەتی خەلافەتی ناکەن، هەر خۆی ئەوە پێشکەوتنە!

شوشکەیی لە چوارچێوەی پاڵپشتی و بەرنامەی حیزبێکدا گەیشتووەتە پەرلەمان، دوورونزیک پەیوەندییان بە فیکری دیموکراسییەتەوە نییە، بەڵام بۆ خەونی گەیشتن بە دەسەڵات و دروستکردنەوەی خەلافەتێکی ئیسلامی، دەچنە ناو پەرلەمانەوە، ئەو لە چوارچێوەی حیزبێکدا کاری سیاسی دەکات، ئیشوکارییان دنەدانی خەڵکە دژ بەپێکەوەژیانی ئایینی، تا ئەم چرکەیەش لە بری ئەوەی بڵێن دەوڵەتی ئیسرائیل، دەڵێن قەوارەی جولەکە، لە بری سوپای ئیسرائیلیش، دەڵێن، سوپای جولەکە، هەڵبەت ئەمەش هەم پاشکۆیەتییە بۆ عەرەب، هەمیش بۆ خۆشکردنی ئاگری دووبەرەکییە لە نێوان موسڵمان و جولەکەدا، چونکە خۆیان چاک دەزانن گەشەی ئەوان لە ناو فەوزای ئایینی و

بۆچوونی توندڕەویدایە.

شوشکەیی کاتێک پێیوایە ریفراندۆم شومە، ئەو لە خەمی ئەوەی نییە عەبادی و هێزە مەزهەبییەکانی، ریفراندۆمیان کردە بیانووی نیەتی لەمێژینەی هێرشکردنە سەر کوردستان، ئەو زۆرباش دەزانێت عەقڵییەتی بەغدا دەمێکە دەیەوێت هێرشبکاتە سەر کوردستان، ئەو لە خەمی ئەوە نییە بە بیانووگرتنی ریفراندۆم بووە هۆی لەدەستدانی کەرکووک و بەشێکی زۆر لە خاکی کوردستان، خەمی ئەوەی نییە هێزە مەزهەبییەکانی ئیسلامی لە خورماتوو، ئێستا سەرقاڵی سڕینەوەی ناسنامەی کوردن، لە خەمی ئەوەی نییە بەغدا شەڕی مەزهەبی لەگەڵ کوردستان دەکات، لە خەمی ئەوەی نییە داهاتی کوردستان کەمیکرد، لە خەمی ئەوەی نییە لەم قۆناغەدا خەونی میللەتێکی غەدرلێکراو لە گۆڕنرا.

بۆیە پێیوایە ریفراندۆم شومە، چونکە خەمی ئەوەیەتی، یان خەمی ئەوەی هەبوو، ئەگەر ریفراندۆم لە ئێستادا سەرکەوتووبایە، کورد خۆی لە پاشکۆیەتی و خێڵگەرایی و ترادیسیۆنی ئایینیی و مەزهەبی بەغدا جیادەکردەوە و بە ئاڕاستەی کرانەوەی دونیای سێکۆلاریزم و دیموکراسییەتدا هەنگاوی دەنا، بەڵێ ئەو هەترەشی لەوە چووە کورد لەو عێراقە جیابێتەوە، ئەو عێراقەی بەڕاستی شوێنگەی بێ بەهاکردنی مرۆڤ و بە کۆیلەکردنی هاووڵاتییانی خۆیەتی، شوێنگەی سەرهەڵدان سەددام و عەقڵی ئەنفالە، شوێنگەی پیاوە مەزهەبییەکانە، شوێنگەی سەرهەڵدانی داعش و هاوشێوەکانێتی!

٢٠١٨/١/٢

## خەونی کورد دەوڵەتە نەک پاراستنی لە هەرەشەکان

لە دوای راپەڕینەوە ئەمەریکا لە زۆر رووەوە کوردی پاراستووە و رێگەی نەداوە رژێمەکەی سەددام حوسێن چیتر هێرشی بکاتەوە سەر، بەڵام پێویستە بپرسین ئایا خەونی کورد تەنیا پاراستنە لە هەڕەشەکان؟ یان خەونی دیکەی مێژوییشی هەن، کە ئەویش دەوڵەتی کوردستانە؟

هەڵبەت پاراستنی کورد ئێستاش گرنگی خۆی لە دەست نەداوە، بەڵام ئەوەش هەموو شت نییە! خەونی کورد وەک نەتەوە زۆر لەوە گەورەترە تەنیا بپارێزرێت، بەو مانایەش نا، ئەوەی ئەمەریکا بۆ کوردی کردووە، نادیدە بگیرێت، هەرگیز نابێت کورد چاکەی ئەمەریکا و وڵاتانی رۆژئاوا نادیدە بگرێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز نابێ کورد ئەوەشی لە یاد بچێت، کاتێک رژێمەکەی سەددام حوسێن رووخا و عێراقیش وەک دامەزراوە و سوپا هیچی نەما و لێکهەڵوەشایەوە، ئەمەریکا دەیتوانی ئاستی ئەو قەوارەیەی ئێستای کوردستان بەرزتربکاتەوە، دەوڵەت یان کۆنفیدراڵی ئاسانترین کارێک بوو کە ئەمەریکا دەیتوانی بۆ کوردی بکات، بەڵام ئەوەش خەتاکەی تەنیا بۆ ئەمەریکا ناگەڕێتەوە، ئەو خواستی جیابوونەوەیەی ئێستا کورد لە عێراق هەیەتی، ئەوکات

نەیبوو، بەپێچەوانەوە هەوڵی دروستکردنەوەی عێراقی دەدا و کاتێکیش بەئاگاهاتەوە، عێراق بووە خاوەن ئابرامز و ئێف ١٦ و سوپایەکی مەشقپێکراو بە دیسپلینی ئەمەریکی و میلیشیای حەشدی شەعبی.

کاتێک داعش دێت، عێراق دیسانەوە لە هەڵوەشانەوە نزیک دەبێتەوە و سوپا چەک فڕێدەدات و تاکە هێزی شەڕکەریش لە گۆڕەپانی جەنگدا پێشمەرگە دەبێت، ئەوکاتیش ئەمەریکا دەیتوانی بەبیانووی داعش و مەترسی هێرشەکان، هەرێمی کوردستان وەک ناوچەیەکی پارێزراو لە عێراق داببڕێت، بەتایبەتی کە نێوانی هەولێر و ئەنقەرە زۆر باش بوو، دیسانەوە ئەمەریکا هیچی بۆ کورد نەکرد و کوردیش شەڕی داعشی کرد و بەردەوام بوو لەسەر پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا و بەغدا، هەڵبەت بەبێ خستنەڕووی مەرجەکانی خۆی، وەک نەتەوەیەکی ستەملێکراو.

شەڕی داعش نزیکەی سێ ساڵی خایاند و لەو هەلومەرجەشدا حەشدی شەعبی دروستبوو، هەر لە سەرەتاوەش هەڕەشە بوون بۆ کورد، ئەمەریکاش تەنیا رەخنەی گرت و کردەوەیەکی ئەوتۆی نەبوو بۆ هەڵوەشاندنەوەی حەشدی شەعبی، بەغدا هەرچی بۆی کرا دژایەتی کوردی کرد، کوردیش بە تەواوی بێزار بوو لە بەغدا و ریفراندۆمی وەک تاکە دەرچەی رزگاربوون لە ئاڵۆزییەکانی بەغدا کردە بەرنامەی سیاسی خۆی.

پێش هەموو وڵاتەکان ئەمەریکای هاوپەیمان دژی ریفراندۆمی کوردستان وەستایەوە و ئەمەش بووە هۆی زیادبوونی گوشارەکانی بەغدا بۆ سەر کورد، بەوپێیەی بەغدا تێگەیشت، ئەمەریکا پشتی لە کورد کرد و لەبەر ئەوەش دوای ریفراندۆم هێرشیکردە سەر کوردستان و ئەمەریکاش تەماشاکەرێکی بێدەنگبوو، تا ئەوکاتەی ئاستی شەڕەکە خەریک بوو گەورە دەبوو، لەبەر ئەوەی هەرێم بڕیاری شەڕکردنی

کۆتایی لەگەڵ حەشددا و بەمە ئەمەریکای نیگەرانکرد بەوەی لە ژێر چاودێری ئەودا خەریکە ناوچەکە ئاڵۆز دەبێت، بۆیە داوای راگرتنی شەڕی کرد.

هەموو ئەوانە لە کاتێکدان کە خواستی کورد تەنیا پاراستن نییە لە هەڕەشەکان، بەڵکو خواستی ئێستای کورد دروستبوونی دەوڵەتە، ئەگەر ئێستا داوای مانەوە لە تەک عێراقدا دەکات، لە ناچارییە، بەوپێیەی عێراق بێهەڵوێستی ئەمەریکای بە هەند وەرگرتووە و دەیەوێت لە رێگەی شەڕەوە هاوکێشەکان بە قازانجی خۆی بکەوێنێتەوە، کەچی ئەمەریکا لە رێگەی کاربەدەستەکانییەوە بەردەوام دەڵێن پشتیوانی کورد دەکەین!

بەڕاستی ئەمەریکا بەو قسانەی دەیەوێت بە جۆرێک لە جۆرەکان کات بە کورد بکوژێت، ئەوەتا بە ئاشکرا دەڵێن، پشتیوانی کورد دەکەین بۆ جێبەجێکردنی دەستووری عێراق.

ئەرێ کەی ئێستا خواستە راستەقینەکەی کورد مانەوەیە لە تەک بەغدا! خواستی چارەسەرکردنی کێشەکانی هەولێر و بەغدا لە رێگەی دەستوورەوە، ئارەزووی راستەقینەی هەولێر نییە بۆ مانەوە لە تەک بەغدا، بەپێچەوانەوە لە ناچارییە، لەبەر ئەوەی بە بەرچاوی ئەمەریکاوە  و لەژێر کاریگەری تاران، عێراق شەڕ بە کورد دەفرۆشێت بۆ تێکدانی ئەزموونی هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەو ئەمەریکایە تەنیا داوای دانوستاندن لە عەبادی دەکات و گوشاری جیدی ناخاتە سەر حکوومەتەکەی حەیدەر عەبادی. مرۆڤ گومان دەبات دەستی ئەمەریکا لەو گەمەیە دابێت!

کۆی سیاسەتەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا، پێویستە خوێندنەوەیەکی دیکەی کوردییانەیان بۆ بکرێت، بەو مانایە نا بڵێین ئەمەریکا دەیەوێت ئەزموونی کورد تێکبدات، رەنگە ئەمە راست نەبێت، بەڵام

کاتێک ئەمەریکا بە دەنگی بەرز دەڵێت پێویستە کورد لە تەک بەغدا بمێنێتەوە، ئەوە غەدرێکە لە کوردی دەکات و هێندەی دیکە عەبادی و تاران دژی کورد هاندەدات.

کورد پشتی بە ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی بەستووە، ئەگەر ئەوان ئەوە خواست و هەڵوێستییان بێت، بەدڵنیاییەوە شمشێرەکانی تاران و بەغدا زیاتر ئاڕاستەی خەون و بەرژەوەندییەکانی کورد دەکرێن!

کاربەدەستانی ئەمەریکا زوو زوو دەڵێن، ریفراندۆم بۆ دابەشکردنی عێراقی یەکگرتوو بوو، ئێستا کار لەسەر ئەوە دەکەین هەولێر و بەغدا پێکەوە بمێننەوە.

دەی خۆ ئێستا هەولێر لەسەر داوای ئەمەریکا و رۆژئاوا داوای دیالۆگ دەکات بۆ مانەوە لە تەک بەغدا، ئەی خێرە ئەمەریکا ئەو گوشارەی دەیخاتە سەر کورد، نایخاتە سەر حکوومەتەکەی عەبادی، لەبەر ئەوەی دیالۆگ رەتدەکاتەوە بەخستنەڕووی کۆمەڵێک مەرجی ئیستفزازی بەرانبەر کورد؟

لەو مەسەلەیەدا ئەمەریکا تەنیا قسەی کردووە و کردەوەی نەبووە، ئەگەر بەڕاستی هاوپەیمانی کوردە و دەیەوێت لە چوارچێوەی هاوپەیمانێتی خۆیدا بیهێڵێتەوە، هەر هیچ نەبێت بە گوشارخستنە سەر عەبادی، دەتوانێت لە چوارچێوەی عێراقدا مافەکانی کورد وەربگرێتەوە! لەکاتێکدا بە بەرچاوی ئیدارەکەی دۆناڵد ترەمپ و لەژێر گوشاری هێز و بە پاڵپشتی ئێران پرۆژەی لاوازکردن و غەدرکردن لە کورد جێبەجێدەکرێت!

**ماڵپەڕی کوردستان٢٤، ٢٠١٨/١/٥**

# بارزانی و ١٦ای ئۆکتۆبەر

ئێستا کە ئەم وتارەی تێدا دەنووسرێت، نزیکەی سێ مانگ بەسەر ڕووداوی ١٦ی ئۆکتۆبەردا تێدەپەڕێت، ١٦ی ئۆکتۆبەر، ئەو ڕۆژە شوومەی لە پڕێکدا دێتە ناو مێژووی کوردەوە، لە کاتێکدا کورد بە ئاڕاستەی بەدیهێنانی خەونەکانی هەنگاوی گرتبووەبەر، ١٦ی ئۆکتۆبەر، مێژوویێک دەکرێ دوای سەدان ساڵی دیکەش، دەرهاویشتە خراپەکانی ببیندرێن و بخوێندرێنەوە.

کاتێک بارزانی بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆم دەدات، دەیزانی ڕەنگە ئەنجامگەلێکی خراپی لێبکەوێتەوە و بە دڵی ئەویش نەبن، دەیزانی ریفراندۆم لە بەرژەوەندی زۆر لایەن و وڵاتدا نییە، بەوپێیەی ریفراندۆم پرۆسەیەکی سیاسی هەستیار و نەتەوەیی بوو، سەرباری ئەوەی نەیاری دەرەکی هەبوو، هاوکات ناوخۆییشی زۆر بوو.

سەرباری هەموو ئەوانە، بەڵام ١٦ی ئۆکتۆبەر ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراوبوو، نەک لەبەر ئەوەی ئەگەری ڕوودانی شەڕ لە ئارادا نەبوو، بەپێچەوانەوە هەر خۆی بەغدا نیازی هێرشی هەبوو، بەڵام لە شێوەی ١٦ی ئۆکتۆبەردا نەبوو، کە لە ژێر گوشاری گرووپێکی ناو حیزبێکی کوردی خاوەن پێگە، بەشێک لەو پێشمەرگانەی فەرمانی

شەڕکردنیان هەبوو، بەداخەوە بێتەقەکردن ڕێگە لەبەردەم میلیشیا شیعەکان چۆڵ دەکەن.

دەی ئێستا ١٦ی ئۆکتۆبەر ڕوویداوە و بەشێکی زۆریش لە خاکی کوردستان دووبارە کەوتوونەتەوە ژێر دەستی میلیشیا مەزهەبییەکان و کۆی نەوت و داهاتەکانی ئەو ناوچە داگیرکراوانەش بۆ دژایەتییکردنی کورد بەکاردەهێندرێن. بەڵام یەکێک لەو ئازارە قووڵانەی هێندەی ١٦ی ئۆکتۆبەر، ئەویش ئازاری ئەوانە دەدات کە بە دڵسۆزییەوە چوونە سەر سندوقەکانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان، ئەویش توانجگرتنە لە بارزانی، گوایە ریفراندۆم هۆکاری ڕوودانی ١٦ی ئۆکتۆبەر بووە.

ڕاستە بارزانی ریفراندۆمی ئەنجامدا و ئەو ئێستاش لێی پەشیمان نییە، بەوپێیەی لە سیاسەتدا بەبێ هەوڵدان هەرگیز ناگەیتە ئامانجە سیاسی و ئابووری و سەربازییەکان، ئێ بارزانیش لە قۆناغێکدا ریفراندۆم ئەنجامدەدات کە عێراق بە هەموو شێوەیەک پێشێلکاری بەرانبەر گەلی کورد ئەنجامدەدا و هێزە میلیشیاکانی بە چەکی ئەمەریکی تەیار دەکرد تا لە دوای داعش، هێرش بکاتە سەر پێشمەرگە، بەڵام خۆ بارزانی نەیگوت با لەناو خۆماندا ١٦ی ئۆکتۆبەرێک ڕووبدات!

بە ئازارتریش لە ١٦ی ئۆکتۆبەر، پاکانەکردنی ئەو گرووپەیە لە پەنای هێرشکردنە سەر ریفراندۆم و تۆمەتبارکردنی خودی بارزانی، گوایە ئەو هۆکاری هاتنە ئارای ئەو دۆخە بووە، لە کاتێکدا ئۆکتۆبەر ئەو ڕووداوەیە هەموو خەڵک ڕاستییەکانی دەزانێت، چۆن و بۆچی ئەنجامدرا.

مەگەر لە ١٦ی ئۆکتۆبەردا تەنیا پارتییەکان و ئەوانەی لایەنداری پرۆژەکەی بارزانی بوون، نەکەوتنە ژێر هەڕەشەی میلیشیاکان و گرووپە کوردییەکەوە؟! مەگەر ئەو گرووپە کوردییە دەستیان بەسەرماڵی تەنانەت هەڤاڵەکەی خۆشیاندا نەگرت، لەبەر ئەوەی وەک پارێزگاری

کەرکووک پاڵپشتیی ریفراندۆمی کرد؟! مەگەر ئەو گرووپە کوردییە لە ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە بەردەوام بانگەشەی وەرگرتنەوەی پۆستی پارێزگاری کەرکووک ناکەن، لە کاتێکدا ئەندامانی پارتی دەستگیر دەکرێن و دەکوژرێن؟! مەگەر پەرلەمانتارانی نزیک لەو گرووپە بە ئارەزووی خۆیان هاتووچۆی ناوچە داگیرکراوەکان ناکەن و لەگەڵ حەشدیش وێنەیان بڵاو نابێتەوە؟! لە کاتێکدا ئەوانەی پارتی، تەنانەت ناتوانن سەردانی ئەو شوێنانەش بکەن!

هەموو ئەوانەش پێماندەڵێت ١٦ی ئۆکتۆبەر دژی بارزانی و ئینجا پرۆژە نەتەوەییەکەی ئەنجامدرا، تەنیا لەبەر ئەوەی بارزانی بە جیدی دەیویست سوود لە دۆخەکە وەربگرێت، بەتایبەتی کە زانی ناوماڵی عەرەبی عێراقی تەبا نەبوون، بەڵام بارزانی خەتای چییە لە پڕێکدا گرووپێکی کوردی وەک کۆسرەت رەسووڵ گوتی: خەنجەری ژەهراوی دەوەشێنن. فەرمانی شەڕنەکردن بۆ پێشمەرگە دەردەکات و دەبنە رێنیشاندەری میلیشیاکان بۆ ناو کەرکووک.

بارزانی دەزانێت دامەزراندنی دەوڵەت کڕینی ئۆتۆمبێلێک نییە لە پێشانگەیەکدا، دەیزانی پرۆژەی سەربەخۆیی، چەندە نەیاری دەرەکی هەیە، هێندەش ناوخۆیی، دەیزانی بەشێک لە نەیارە کوردەکان لە بری ئەوەی پاڵپشتی پرۆژەکە بکەن، دەخوازن فەشەل بهێنێت، بەڵام خۆ ئەو وەک بەرپرسیارێتییەکی مێژوویی، پێویست بوو هەوڵبدات بۆ ئەوەی ئیدی کوردیش خەونەکانی، ئامانجەکانی ببن بە راستی و چیتر لە هەوڵی گەیشتن بە دەوڵەت سڵ نەکاتەوە و بە دەنگی بەرزیش بڵێت، ئێمەی کوردیش دەوڵەتمان دەوێ و دەمانەوێت وەک کورد هەبین و سەربەخۆمان بین، تەنانەت ١٦ی ئۆکتۆبەریش سەرباری ئاستەنگ خستنەبەردەم ئەو پرۆژەیە، بەڵام هەرگیز ناتوانێت خەونی راستەقینەی کورد بۆ سەربەخۆیی کۆتایی پێ بهێنێت.

ئەو گرووپە ئەگەر نەختێک هۆشیاری سیاسییان هەبایە، بەمشێوەیە نەدەکەوتنە ژێر کاریگەری درۆکانی بەغدا و نەدەبوونە سواری پێش کاروانی داگیرکەرانی کوردستان، بەوپێیەی بەغدا هەر خۆی دەیویست ناوچە کوردییەکانی ماددەی ١٤٠ داگیر بکاتەوە، کەچی ئەنجامدانی ریفراندۆمی کردە بیانووی ئەو هێرشە بەرنامە بۆ دارێژراوە، بەڵام کێشەکە زیاتر لەوەدایە کە گرووپی ١٦ی ئۆکتۆبەر پرۆسەی هێرشکردنە سەر کوردستانییان خێراتر کرد و کارەساتەکانی زیاتریش بوون، بەوپێیەی ئەگەر گرووپێکی وەک ١٦ی ئۆکتۆبەر ناوچەکەکانیان بێتەقە رادەستی حەشد و پاسداران نەکردایە، ئەوکات داستانی پردێ لە کەرکووک روویدەدا و ئەوکاتیش هاوکێشە سەربازییەکان بە قازانجی کورد دەکەوتنەوە، وەکچۆن لە دوای داستانەکانی پردێ و سحێڵا و مەحموودییە، کە چەند رۆژێک دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر روویاندا، چاوی دونیا هاتەوە سەر کورد و عەبادیش نەختێک لە غرووییە سەربازییەکەی پاشگەزبۆیەوە، بەوپێیەی ئابرامزە سووتاوەکە بووە مانشێتی رۆژنامە جیهانییەکان!

ئاخر ئەو هێزەی کەرکووکی داگیرکرد، هەمان ئەو هێزە بوون لە پردێ و سحێلا لە بەرانبەر ئیرادەی راستەقینەی پێشمەرگەدا دووچاری گەورەترین شکست بوونەوە، کەوایە ئەگەر ١٦ی ئۆکتۆبەر نەبایە، ئێستا ئەنجامەکانی ریفراندۆم شتی دیکە دەبوون و عەبادیش ئەو لووتبەرزەی ئێستا نەدەبوو. دەی ئەوە چانسی کوردە، عەبادی دەتوانێت بە پاڵپشتی گرووپێکی کوردی، ١٦ی ئۆکتۆبەر بخولقێنێت!

لە راستیدا بارزانی پێشبینی ئەوەی دەکرد، ئەو شەڕەی لە پردێ روویدا، لە کەرکووک رووبدات، بەڵام چاوەڕوانی رووداوێکی شوومی وەک ١٦ی ئۆکتۆبەری نەکردبوو، کورد خۆی کارەکتەری سەرەکی ئەو رووداوە خیانەتکارییە بێت!

ئاخر ١٦ی ئۆکتۆبەر بە هەموو پێوەرێکی سیاسی و نەتەوەیی و سەربازیش، خەنجەری ژەهراوی بوو لە جەستەی گەلێکی ستەمدیدە درا، ئاخر ئەوکات پێشمەرگە لە قۆناغی سەرکەوتنیدا بوو بەسەر داعشدا و ئەگەر خەتای گرووپەکەی ١٦ی ئۆکتۆبەر نەبایە، هێرشیش بکرابایە سەر کەرکووک، هەرگیز بەو ئاسانییە شارەکە رادەستی میلیشیاکان نەدەکرا و بەپێچەوانەوە دەبووە گۆمی خوێنی سوپا و حەشدی شەعبی.

کەوایە ١٦ی ئۆکتۆبەر بە پلە یەک لە رقی بارزانی ئەنجامدرا و وەک مێژوویێکی رەشیش بۆ ئەو گرووپە دەنووسرێتەوە، راستە پڕۆژەی سەربەخۆیی لە ئێستادا ئاستەنگی کەوتە پێش، بەڵام ئەوە بۆ بارزانی هیچ خراپەیەکی تێدا نییە و ئەو هەوڵی مێژوویی و سیاسی و دیموکراسی خۆیداوە، مەرجیش نییە هەموو کات پڕۆسە سیاسییەکان سەرکەوتوو بن و دەکرێت بۆ قۆناغێکی دیکە سوود لە ئەنجامەکانی ریفراندۆم وەربگیرێت، بەوپێیەی هێز نییە بتوانێت ئەنجامی ریفراندۆم هەڵبوەشێنێتەوە، مەگەر دیسانەوە ریفراندۆمێک بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەنجامی ریفراندۆم بکرێت، ئەمەش ناکرێت.

راستە دەگوترێت پڕۆژەکە هی بارزانی بوو، بەڵام لە جەوهەردا هی هەموو گەلی کورد بوو و بارزانی سەرپەرشتی کرد، کەوایە دژایەتییکردنی ئەو پڕۆژەیە، یان حەزکردن بە فەشەلی، رێک یەکسانە بە دژایەتییکردنی خواست و ئایندەی گەلی کورد، پاکانەکردنیش بۆ ١٦ی ئۆکتۆبەر، ناتوانێت ئەو ئازارە قووڵە لە رۆحی گەلی کورددا بسڕێتەوە، چونکە مێژوو راستی و ئازارەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر بۆ هەمیشە دەنووسێتەوە.

**ماڵپەڕی کوردستان٢٤، ٢٠١٨/١/١٢**

## پاپا فرەنسیس چی بە شاندەکەی هەرێم گوت؟

ئەوە راستە ئەورووپای ئێستا کاروباری ئایینی لە دەسەڵات جیاکردووەتەوە، بەڵام بەو مانایەش نییە، پیاوانی ئایینی کاریگەرییان لەسەر سیاسەتی ئەو وڵاتانە نەبێت، رەنگە ئەو کاریگەرییانە کەمتر سیاسی بن، لەبەر ئەوەی کاروباری سیاسی بۆ سیاسییەکان جێهێڵدراوە، ئەمەش دوای بە سێکۆلاریزمبوونی ئەو وڵاتانانە، بەڵام کاتێک پرسەکان دێتە سەر پێکەوەژیانی ئایینی، ئەوکات رۆڵی پیاوانی ئایینی دەردەکەوێت، بەتایبەتی کەسایەتییەکی وەک پاپا فرەنسیس کە پێگەیەکی بەرزی ئایینی و رۆحی لە ناو وڵاتانی رۆژئاوادا هەیە، بەوپێیەی ئەو زۆر لە خەمی پێکەوەژیانی پێکهاتە ئایینییەکان دایە، بەتایبەتی چاوی لەسەر ئەو شوێنانەیە، کە کەمینەی مەسیحی و کریستیانی تێدا نیشتەجێن، وەک عێراق و بە تایبەتی هەرێمی کوردستان.

لە چەند رۆژی رابردوودا شاندی حکوومەتی هەرێم، بە سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی، لە ڤاتیکان لەگەڵ پاپا فرەنسیس کۆبوونەوە، ئەوەی سەرنجی منی راکێشا، پاپا هیچ نیگەرانییەکی لە پرسی پێکەوەژیانی ئایینی لە هەرێمی کوردستاندا نەبووە، بەپێچەوانەوە بەپێی ماڵپەڕی حکوومەتی هەرێم لەو کۆبوونەوەیدا پاپا رایگەیاندووە ئەوان سوپاسی

حکوومەت و خەڵکی کوردستان دەکەن بۆ ئەو میوانداریيەی لە ئاوارەکان بەگشتی و کریستیانەکان بەتایبەتی کراوە، کە بە هۆی شەڕی چەکدارانی داعش ئاوارەی کوردستان بوون.

سەرباری هەموو قەیرانەکان، دەکرێ وەک خاڵێکی باش سەیری ئەوە بکرێت کە هەرێمی کوردستان توانیویەتی پێکهاتەی جیاوازی ئایینی و غەیرە نەتەوەییش لە خۆبگرێت، ئەگینا پاپا موجامەلەی نەدەکرد و رەخنەی جیدی دەبوو، ئەمە بە لای رۆژئاواوە بەتایبەتی ئەوروپاییەکانەوە کاریگەری خۆی دەبێت، لەبەر ئەوەی مەسەلەی پێکەوەژیان، جێگە بایەخی ئێستای ئەو وڵاتانەیە، بەوپێیەی روودانی هەر گرژییەکی ئایینی، پرووشکی بەر ئەوانیش دەکەوێت و کارە تیرۆریستییەکانیش زیاتر دەبن، لەناو جەرگەی ئەوروپادا.

پاپا زۆرباش دەزانێت، ئێستا گرووپگەلی سیاسی لە ژێر چەتری حیزبی ئیسلامیی سیاسییەوە، دنەی خەڵکی موسڵمان دەدەن بۆ دژایەتییکردنی کریستیانەکان و هەتا پرسە نەتەوەییەکانیش، تاکو وەک کارتی سیاسی لە دژی حکوومەتی هەرێم بەکاری بهێنن، بەڵام پاپا بە شاندەکەی حکوومەتی گوتووە، پێویستە ئاشتی و پێکەوەژیان لە کوردستان بەردەوام بێت، بەردەوامیش بە مانای هەبوونی دێت، هەڵبەت پاپا مەبەستی پێکەوەژیانی ئایینییە، نەک سیاسی، چونکە ئەو ئیشوکاری راستەوخۆی لە تەک مەسەلە ئایینییەکان دایە، هەروەک چەندجارێکیش هەڵوێستی باشی هەبووە بۆ خزمەتکردنی ئەو پەنابەرە موسڵمانانەی روو لە وڵاتانی ئەوروپا دەکەن و داوای پێشکەشکردنی هاوکاری بۆ کردوون، کەوایە پرسی پێکەوەژیانی ئایینی، لای ئەو زۆر گرنگە و دەتوانێ لەو گۆشەنیگایەوە کاریگەری لەسەر وڵاتانی ئەوروپاش دروستبکات.

لەگەڵ هاتنی داعش کریستیانەکان و ئێزیدییەکان، جارێکی دیکە وەک

دوو پێکاتەی ئایینی، دووچاری زۆرترین ئازار و کوشتار بوونەوە، ئەوە وایکرد هەر زوو وڵاتانی دونیا هەرێمی کوردستان وەک ناوەندێکی پاراستنی ئەو دوو پێکهاتەیە بناسێنن، بەوپێیەی زۆرترین ئاوارەی کریستیان و ئێزیدییەکان روویان لە هەرێمی کوردستان کرد، کەوایە حکوومەتی هەرێم دەتوانێت ئەو خاڵە وەک گەشاوەترین خاڵی سەرکەوتوویی خۆی لە پرسی پێکەوەژیاندا بەراشکاوی لەگەڵ رۆژئاوا باس بکات. لە کاتێکدا عێراق بۆ ئەو پێکهاتانە وڵاتێکی کارەساتبارە و تا دێت رێژەی کریستیانەکان لە عێراقدا رووی لە کەمی دەکەن، بەشێکی دێنە هەرێم و ئەوەی دیکەش کۆچ دەکەن بۆ ئەوروپا.

لێرەدا حکوومەتی هەرێمی دەتوانێت ئەو خاڵە زەقبکاتەوە و هەتا دەسکەوتی سیاسیشی لێ بەدەست بهێنێت، چونکە ناکرێت لە ناوچەکەدا هیچ شوێنێک بۆ پێکەوەژیانی ئایینی نەبێت! بەڕاستی ئێستا کارەساتە و هیچ شوێنێک هێندەی هەرێم لەوڕووەوە باش نییە، مەبەست لە ناوچەکەیە، بۆیە پێویستە هەرێم ئەوە لە پرسە دیپلۆماسییەکاندا بیخاتە خزمەتی پرسە سیاسییەکانەوە، بەمەش کاریگەری بەسەر تێڕوانینی رۆژئاوا بۆ کوردستان دەگۆڕدرێت بە ئاڕاستەی باشتر و ئومێدی ئەوەش هەیە لە پرۆسە سیاسی و دیپلۆماسییەکاندا بە قازانجی کوردستان رەنگبداتەوە.

کەوایە سەردانی شاندی حکوومەتی هەرێم بۆ ڤاتیکان گرنگییەکەی لەوەدایە کە هەرێمی کوردستان جارێکی دیکە بە رۆژئاوای گوتەوە، ئێمە لە ناوچەکەدا شوێنگەیەک دەبین کە کریستیان و ئێزدیی و هەموو پێکهاتەکانی دیکە دەگرینەخۆ و وێنایەکی جوانیش نیشانی جیهان دەدەین بە جیاواز لە ناوچەکانی دیکەی عێراق مەسەلەی پێکەوەژیان خاڵێکی تری جیاکەرەوەی هەرێم دەبێت لە عێراق.

**رۆژنامەی خەبات، ٢٠١٨/١/١٤**

## عەبادی نایەوێت کێشەکانی لەگەڵ هەولێر چارەسەر بکات

لە دوای ڕووداوی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە، عەبادی ئەو عەبادییەی کاتی خۆی نییە و هەموو کردەوەکانی، قسەکانی، هەنگاو و بڕیارەکانیشی ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە بەرژەوەندییەکانی خۆیەوە هەیە، تەنانەت سوودی بۆ هەموو عێراقییەکی عەرەبیش نییە و تەنیا گرووپەکانی نزیک لە خۆی لە بڕیارەکانی ڕازین.

واتە ئەو پیاوە چونکی بەرەو هەڵبژاردن دەچێت و گۆڕەپانی سیاسیی عێراقیش لەسەر بنەمای سۆز و چاوسوورکردنەوە و گەندەڵی بەڕێوەدەچێت، ئەو پیاوە هەموو دەسەڵاتە سەربازی و دارایی و کارگێڕییەکانی بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکارهێناوە و لە سەرووی هەمووشیانەوە ڕاستەوخۆ دژایەتی کورد دەکات و خاڵی لاوازی کوردی لە ١٦ی ئۆکتۆبەردا دۆزیوەتەوە.

١٦ی ئۆکتۆبەر تەنیا ڕووداوێک نەبوو کە کورد بە هۆیەوە شارێکی لەدەستدابێت، بەپێچەوانەوە لە تەک ئەوەشدا ئەو عەبادییەی کردە لوتبەرزێکی سیاسی بەوەی کەیسی کەرکووکی کردە کەیسێکی هەڵبژاردن بۆ ئەوەی دەنگی زیاتر بهێنێت، ئاخر عەبادی ئەوەندەی

شانازی بە داگیرکردنی کەرکووکەوە دەکات، نیو هێندە شانازیی بە کۆتایی هاتنی داعش ناکات، ئەمەش وەک بەڵگەیەک لەسەر ئەوەی ئەو پیاوە ناتوانێت بەجیدی سەرۆکێکی دادپەروەر بێت و هەموو عێراقییەک بە سەرۆکی خۆیانی بزانن، بەتایبەتی بە ئاشکرا دژایەتی کورد دەکات و ئەگەر ئەو دژایەتییانەش بەردەوام بن، ئەگەری ئەوە هەیە، دیسانەوە کورد هەنگاوێکی دیکەی هاوشێوەی ریفراندۆم بنێتەوە، چونکە خودی ریفراندۆم لە تەک مافی کورد بۆ سەربەخۆیی، ئەوا بەشێکی لە هۆکارەکەشی بۆ نائومێدبوونی لە بەغدا دەگەڕێتەوە، واتە ریفراندۆم هەم مومارەسەی مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کورد بوو، هەمیش نائومێدی بوو لە عێراق، کە نەیتوانی عێراقی هەمووان بێت.

بە دیقەتدان لە عەبادی و هەڵسوکەوتەکانی، ئەو پیاوە نایەوێت بەمزووانە لەگەڵ هەولێر بگاتە ڕێککەوتن، دەیەوێت کەیسی دژایەتیکردنی کورد، لە پڕۆسەی هەڵبژاردن بەکاربهێنێت، خۆ ئەگەر بگاتە ڕێککەوتن، ڕەنگە نەتوانێت ئەمە بکات، بەتایبەتی پێشبینی دەکرێت داگیرکردنی کەرکووک و دەستبەسەرداگرتنی کێڵگە نەوتییەکان بکاتە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن و زۆرباشیش دەروونی عێراقییە شۆڤێنییەکانی خوێندووەتەوە، دەترسێت ئەگەر لەگەڵ هەرێم ڕێکبکەوێت، عەرەبەکانی دیکە ئەو کەیسە دژی بەکاری بهێنن، گوایە لەگەڵ کورد ڕێککەوتنی کردووە، هەر بۆیە دەیەوێت لە دژایەتییەکانی بەردەوام بێت، بۆ ئەوەی دەنگی زیاتر بهێنێت.

ڕەنگە عەبادی بە هۆی ئەو دژایەتییەی بەرانبەر کورد گرتوویەتییەبەر، دەنگی زۆر بهێنێت، چونکە ژینگەی خێڵەکیی عێراق وایە، ئەو گرووپانە سەرکەوتوو دەبن، کە ڕازیکەری شۆڤێنییەکان بن، ئێ عەبادیش ڕێک ئەوە دەکات و هەموو هەوڵێکیشی بۆ ئەوەیە لە سەرووی هەموویانەوە

شۆڤێنییەکان لە خۆی ڕازی بکات. بەڵام ئاڕاستە سیاسییەکانی بەغدا هەمیشە لە گۆڕاندان و گرووپەکان بەتەواوی دژایەتی یەکتری دەکەن، بۆیە دەرکەوتنی هێزی تازە، شتێکی مەحاڵ نییە.

سەربای هەموو ئەو شتانە، بەڵام پێدەچێت عەبادی دووچاری ڕووبەڕووبوونەوەیەک بێتەوە لەگەڵ شیعەکانی نزیک لە مالیکی، ئەوەی ئێستا عەبادی شانازی پێوەدەکات، داگیرکردنی کەرکووک و شەڕی داعشە، بەڵام خۆ هەموو گرووپەکانی دیکە، پشکیان لە حەشد هەیە، موقتەدا سەدر، نووری مالیکی، هادی عامری، زۆربەیان پشکیان لەو گرووپە میلیشیاییەدا هەیە و دەنگیش دەهێنن، کاتی خۆشی چەند لایەک لە هاوپەیمانێتییەکەی عەبادی کشانەوە، لەوانە خالید عوبێدی، عامری و عەممار حەکیم، کە ئەوانە چەند کەسایەتییەکی گرنگی عێراقن و بەدڵنیاییەوە کاریگەری خۆیانیش لەسەر دروستکردنی کابینەی داهاتووی عێراقدا دەبێت، بەتایبەتی گرووپەکەی موقتەدا سەدر کە خاوەنی خۆپیشاندانی ملیۆنین لە بەغدا.

ئەو لوتبەرزییەی عەبادی و زیادبوونەوەی پشتگیری نێودەوڵەتیی بۆ هەرێمی کوردستان، ئەگەرێکە لەبەردەم عەبادیدا و لە ئەگەری بەردەوامی عەبادی لەسەر ئەو ریتمە سەقەتەی سیاسەتکردنیدا، دیسانەوە هەرێم لە بەغدا بێمنەت دەبێتەوە، چونکە عەبادی هیچ نییەتێکی چارەسەری کێشەکانی نییە و ئەوەش سەرئەنجام بێزاری زیاتری هەرێمی لێدەکەوێتەوە، بەتایبەتی لە پرسی مووچە و بودجەدا، عەبادی ناعەدالەتی بەرانبەر هەولێر دەکات، تەنانەت دەنگۆی ئەوە هەیە دیسانەوە لە پڕۆژە یاسای بودجە پشکی هەرێمی کەمکردووەتەوە، لە کاتێکدا ئێمە دوو مانگە ڕەخنە لەو پڕۆژە یاسایەی بودجەیە دەگرین، کەچی لە بری ئەوەی خواستی کورد لەبەرچاو بگرێت، بەپێچەوانەوە دیسانەوە دەستکاری بەشی هەرێمی کردووە بە کەمکردنەوەی زیاتر،

**ئەمەش ڕێک نییەتخراپی بەغدا نیشاندەدات، لەوەی نایەوێت کێشەکانی لەگەڵ هەرێمدا چارەسەر بکات.**

**ئێستا قۆناغێکی هەستیارە بۆ کورد، هەم خاکی داگیرکراوە، هەمیش ئابوورییەکەی، بەغداش دەیەوێت بە کردەوە هەولێر لاواز بکات و دەستبگرێت بەسەر جومگە گرنگەکانی هەرێمدا، بۆیە لێرەدا یەکهەڵوێستی کورد زۆر پێویستە، وەک ئەوەی لە پرسی بودجەدا هەموو ان بە یەکەوە دژی ئەو پڕۆژە یاسایەی بودجەیە وەستاونەتەوە و بەمەش سەنگی کورد دەرکەوتووەتەوە، بەڵام ئەگەر هات و هەر لایە و خۆی بڕیار بدات، ئەوا دیسانەوە بەغدا حیساب بۆ کورد ناکاتەوە، بەپێچەوانەوە کاتێک کورد یەکهەڵوێست دەبێت، بەغدا بەمجۆرەی ئێستای ناتوانێت بەردەوام بێت لەسەر ئەو ریتمە سیاسەتکردنی شۆڤێنیستییانەی خۆی بەرانبەر کورد. کەوایە یەکهەڵوێستی کورد تاڕادەیەک سنوور بۆ لوتبەرزییەکانی بەغدا دادەنێت.**

**ماڵپەڕی شارپرێس، ٢٠١٨/٢/١٢**

## حکوومەتی هەرێم لەبەردەم هەڵبژاردەی شەڕ و دیالۆگدا

کاتێک بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆمی کوردستان لە لایەن کۆمەڵێک حیزبی کوردییەوە دەرچوو، ئیدی لەو ڕۆژەوە قۆناغێکی دیکەی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا هاتەگۆڕێ، قۆناغێک لەبەردەم سەربەخۆیی، یان شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوە.

بەداخەوە شەڕ ڕوویدا، شەڕێک کورد چاوەڕێی ئەمجۆرەیانی نەکردبوو، ڕاستە کورد ئامادەسازی بۆ شەڕ هەبوو، بەڵام شەڕێکی لەمەی ١٦ی ئۆکتۆبەر پێشبینی نەکراو بوو، هەرچەندە لە سیاسەتدا پێویستە بیر لە هەموو ئەگەرەکان بکرێتەوە، بەوپێیەی لە کاتی ریفراندۆمدا دۆخی سیاسیی کوردستان ئاڵۆزیی زۆری تێدابوو، بەجۆرێک هێزەکان وەرەقەی یەکتریان نەدەخوێندەوە، هەر بۆیە لە ئۆکتۆبەردا هەموو شتەکان پێچەوانەی پێشبینییەکانی هەرێم کەوتنەوە.

هەرێمی کوردستان پێی وابوو لە هەندێک ناوچەی کێشەلەسەر، وردە شەڕ ڕوودەدات و پاشانیش دەبێتە واقیع، بەڵام دواتر شارێکی گەورەی وەک کەرکووک، بەبێ تەقە دەکەوێت و بە هۆیەوە پێگەی هەرێم لەبەردەم عێراقدا تەواو لاواز دەبێت. کەوایە هیچ شوورەیی نییە

ئەگەر ئێمە بڵێین ١٦ی ئۆکتۆبەر بووە هۆی شکستی کوردستان لە بەرانبەر بەغدا، لە سیاسەتدا هەمیشە شکست و هەڵسانەوە هەن، ئێ لە ئۆکتۆبەردا کورد دووچاری جۆرێک شکست بۆیەوە، بەڵام ئێستا هەمان ڕۆژی ڕووداوی ئۆکتۆبەر نییە و بەرنامەی ئۆکتۆبەریش لە لایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە وەستێندراوە، چۆن؟

کورد لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە کەوتە بەردەم دوو هەڵبژاردەی شەڕ یان دیالۆگ، دواجار حکوومەتی هەرێم شەڕی ڕەتکردەوە و تاکلایەنانە دیالۆگی ڕاگەیاند، بە سڕکردنی ئەنجامی ریفراندۆم، ئەمەش لە کاتێکدابوو تەنانەت حکوومەتی هەرێم درکی بەوە کردبوو کە دیالۆگیش بەو ئاسانییە نایەتەدی، لەبەر ئەوەی حکوومەتی عێراق لە هەندێک ناوچەدا بەسەر حکوومەتی هەرێمدا سەرکەوتنی بەدەستهێنابوو، هەمیشە ئەو هێزانەی لەبەرەی شەڕدا سەرکەوتوو دەبن، یەکەمجار دیالۆگ ڕەتدەکەنەوە و هەوڵی شکستهێنانی تەواوەتی بەرانبەرەکەیان دەدەن.

ئاخر ئێمە پێمان خۆش بێت، یان ناخۆش، ئەمە واقیعە و ناکرێت خۆمانی لێ بشارینەوە، لەوەی کورد پێویستی بە شەڕ نەبوو، مەگەر شەڕی ناچاری وەک ئەوەی پردێ و سحێلا نەبووایە، بۆیەش کاتێک حکوومەتی هەرێم بە ڕژدی بانگەشەی دیالۆگی بەرزکردەوە و بە هۆیەوە هەندێک لە بیانووە شەڕئامێزەکانی بەغدای پووچەڵکردەوە و تەنانەت خودی عەبادیش لە پەیامی دیالۆگ نیگەران بوو و تا ئەم چرکەساتەش نایەوێت لە خەونی هێرشکردنە سەر کوردستان بە ئاگابێتەوە! ئاخر ئەو تەنیا مەبەستی کەرکووک نەبوو، ئامانجی هەرێمی کوردستانیش بوو، بەجۆرێک پڕۆژەکە زۆر لەوە گەورەتر بوو هەندێکجار و هەندێک بەناو سیاسی باسی لێوە دەکەن!

مادام ئێمە ئەنجامی ریفراندۆممان سڕکرد و لەژێر گوشاری نێودەوڵەتی، یان هەر جۆرێکی دیکە، بڕیاری چوونەوە بەغدامانداوە، مادام دەکرێ هەموو هەوڵێک چڕبکرێتەوە بۆ ئەوەی دیسانەوە لە بەغدا لە ڕێگەی یەک تیمەوە قەرەبووی شکستەکان بکرێتەوە، هەڵبەت ئەمەش باش نییە کێشەکانی هەولێر ببرێن بۆ بەغدا و دواجاریش بەغدا لێیان سوودمەند بێت.

دروستە حکوومەتی هەرێم رووبەڕووی چەند کێشەیەکی ئابووری و سیاسی بووەتەوە و هەندێک حیزبیش کشانەوە لە حکوومەت، بەڵام ئەو ئەزموونە بە تەنیا هی پارتی، یان یەکێتی نییە، هی هەموو گەلی کوردە بە سەرجەم حیزب و لایەنەکانەوە و شکست و هەڵسانەوەش هی هەموومانە، ئەسڵەن بەغدا ناخوازێت ناوماڵی کورد لەو ئاڵۆزییەی تێیدایە رزگاری بێت و ڕووداوێکی وەک ١٦ی ئۆکتۆبەریش لە دەرئەنجامی ئەو ململانێ حیزبییە هاتووەتەدی، ئەگینا هیچ کات کورد دووچاری ١٦ی ئۆکتۆبەر نەدەبوو، ئاخر ڕووداوەکان روونن و ڕەنگە قۆناغی سیاسیی کوردستانیش ئەوە نەخوازێت دیسانەوە قەوانەکان لێبدرێنەوە.

ئەو ماڵوێرانییەی ١٦ی ئۆکتۆبەر لە خۆیەوە ڕوویندەداوە، چەندە خەونی بەغدایە، هێندەش پەیوەندی بە کێشە ناوخۆییەکانی کوردستانەوە هەیە، بەتایبەتی باڵباڵێنی ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کە هەرچەند کەسە و لە لای خۆیانەوە بڕیار دەدەن و هەڵسوکەوت دەکەن، ئەمەش بەشێکی دیکەیە لە ماڵوێرانییەکانی کوردستان، لەبەر ئەوەی ناکۆکی ناو حیزبێکی باڵادەستی وەک یەکێتی دواجار گەل باجەکەی دەدات، ئەوەمان لە ئۆکتۆبەردا بینی.

زۆر دەگوترێ حکوومەتی هەرێمی کوردستان تەنازول بۆ بەغدا دەکات،

بەڵێ، منیش نیگەرانم لەوەی هەموو ڕۆژ هەرێمی کوردستان داوای دیالۆگ دەکات و کەچی بەغدا چاوپۆشی دەکات و خۆی لە واقیعەکە دەدزێتەوە، بەڵام ناکرێت بیرمان بچێت، واقیعەکە بۆ کورد باش نەبوو، ئەگەر بچووبایەتە ناو شەڕەوە، لێرەدا گومان لە ئازایەتی پێشمەرگە نییە و هەموو لایەک دەزانین ئەو هێزە بووە مانشێتی میدیاکانی جیهان لە شەڕی داعشدا، بەڵام نیەتی شەڕخوازیی بەغدا زۆر لەوە فراوانتر بوو کە ئێمە بڵێین تەنیا عەبادی بوو، نەخێر، عەبادی تەنیا ڕۆڵی جێبەجێکاریی فەرمانێکی ناوچەیی و هەتا جیهانیشی دەبینی، ئاخر عێراق کەوتووەتە ناو بازنەی بەرژەوەندییەکانی نێودەوڵەتی.

بەریتانیا دەیەوێ پشکی خۆی ببات، ئێران دەیەوێ بەغدا بکاتە پایتەختی دووەمی ئێران لە عێراقدا، ئەمەریکا دەڵێت ئێمە خوێنمان بۆ ڕزگارکردنی عێراق ڕشتووە، تورکیا بەناوی تورکمانەکانەوە و هەروەها ویلایەتی مووسڵی کۆن، هەمیشە چاودەبڕێتە ناوچە سوننییەکان، تەنانەت ئێستاش هێزەکانی لە عێراقدا ماون.

بەگشتی عێراق تەنیا بەناو دەوڵەتێکی خاوەن سیادە و سەربەخۆییە، بەپێچەوانەوە دەوڵەتێکە تەنیا ئیشوکاری جێبەجێکردنی فەرمانە ناوچەیی و جیهانییەکانە و تەنانەت ناتوانێت بەبێ هەندێک وڵات دوو دەبابەش لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە بگوازێتەوە و هەر ئەو کۆمەڵگە نێودەوڵەتییە بەرژەوەندخوازەش بوون، کاتێک زانیان هێرشی زیاتر بۆ سەر کوردستان دەرئەنجامی خراپ دەخاتە سەر بەرژەوەندییەکانیان، بەخێرایی داوای ڕاگرتنی شەڕیان کرد، دوای ئەوەی لە پردێ سوپای عێراق بە پاڵپشتی حەشدی شەعبی تێکشکا.

سەرباری هەموو ئەو هۆکار و شتانە، بەڵام هێشتا کورد پێویستی بە دیالۆگ هەبوو، ئێستاش وەک ستراتیژییەتی حکوومەتی هەرێم،

ئەو پرسی دیالۆگە گەشەی کردووە، ئەگەرچی هێشتا کاریگەرییە قووڵەکانی دەرنەکەوتوون، بەڵام سەرۆکوەزیرانی هەرێم کە ئێستا کەسی بڕیاربەدەستی یەکەمە لە کوردستان، لە ئەڵمانیاوە گوتی، گەمارۆکان نەمان.

مەبەستی گەمارۆکان ئەوەیە ئیدی هێرش ناکرێتەوە سەر کوردستان و دۆخەکە بەرەو چارەسەربوون دەچن، ئەگەرچی هێشتا ساردی هەیە، دەی ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دیکەوە گرنگییەکەی لەوەدایە شەڕ بوەستێت، چونکە ئەو شەڕە نە لە بەرژەوەندی عێراقدایە، نە لە بەرژەوەندی کوردستانیش. بەتایبەتی دوای ئەوەی ریفراندۆم وەک بیانووی شەڕ بەکارهێندرا، کەوایە لێرەدا حکوومەتی هەرێم سەرکەوتوو بوو لەوەی بیانووی بۆ شەڕکردن لەبەردەم عەبادیدا نەهێشتووەتەوە!

**ماڵپەڕی ئێن ئاڕ تی، ٢٠١٨/٢/٢٣**

# عەبادی نییەتی ڕێککەوتنی نییە

لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەمەبەستی سڕینەوەی ئارەقی شەرمەزاری سەر رووخساری خۆیان، چەندانجار داوایان لە حکوومەتی هەرێم کرد تا کێشەکان لەگەڵ بەغدا لە ڕێگەی دیالۆگ و جێبەجێکردنی دەستوورەوە چارەسەر بکەن، سەرباری ئەو هەموو غەدر و پێشێلکارییەی بەغدا و خواستی راستەقینەی کوردیش بۆ جیابوونەوە لە عێراق، بۆ دوورخستنەوەی شەڕ و ڕێزگرتن لە خواستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، حکوومەتی هەرێم بەوە رازی بوو کێشەکان لە ڕێگەی دیالۆگ و دەستوورەوە لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکات و تەنانەت ئەنجامی ریفراندۆمیش سڕبکات، کەچی بەغدا و بەتایبەتی خودی حەیدەر عەبادی، تا ئێستاش هیچ هەنگاوێکی نیازپاکیی کردەییان بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ هەولێر نەناوە و بەپێچەوانەوە کەیسی برسیکردنی خەڵک و گەمارۆدانی کوردستان کراوەتە کارتێکی سیاسی و راوە دەنگی هەڵبژاردن.

راستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی داوای دیالۆگ دەکات، بەڵام هیچ یەکێک لەو داوایانە نەبوونەتە هۆی ئەوەی بەغدا و عەبادی تۆزێک لەو لوتبەرزییەی کە بە هۆی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە دووچاری بوونە، بۆ

ئاستی دیالۆگ و داننان بە مافەکانی کورد دابەزن، ئەمەش جێگەی پرسیارە، ئایا ئەو داوایانەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ دیالۆگی هەولێر و بەغدا ڕاستەقینەن؟ یان خۆدزینەوەن لە ڕاستییە تاڵەکان؟ بەپێچەوانەوە ئەوەی ئێستا لە بەغدا بەرانبەر کورد دەگوزەرێت، هەمان مۆدێلی حوکمڕانێتیی پێش ئەنجامدانی ریفراندۆمە، مۆدێلێک وایکرد هەولێر لە ناچارییەوە ریفراندۆم ئەنجامبدات بۆ ڕزگاربوون لە سیاسەتی شۆڤێنییەتی بەغدای مەزهەبگەر، کاتێکیش کورد ریفراندۆم ئەنجامدەدات، نەبووە هۆی ئەوەی بەغدا تۆزێک سیاسەتی چەوتی خۆی بەرانبەر هەولێر ڕاستبکاتەوە، بگرە ئێستا بەشێوەیەکی ترسناکتریش هەوڵی سڕینەوەی بوون و خواستی کورد دەدرێت لە عێراقدا و کۆی عەقڵە خێلەکی و مەزهەبییەکانی بەغدا بە تیم ئیش لەسەر نەهێشتنی قەوارەی هەرێمی کوردستان دەکەن.

سەرئەنجام ئەو هەنگاوە خراپەی بەغدا، لێشاوی تووڕەیی خەڵکی کوردستانی لێدەکەوێتەوە و ئەمەش ئەگەرێکی چاوەڕوانکراوە دژ بەو مۆدێلە خراپەی حوکمڕانێتی بەغدا و ئیدی هەولێریش بێتاقەت دەبێت لە داواکردنی دیالۆگ، ئاخر لە دوای ئۆکتۆبەرەوە هەولێر بەردەوام داوای دیالۆگ و دانوستانی کردووە و لە بەرانبەریشدا بەغدا ئەو دۆخە خراپەی دارایی و شکستی کوردی لە کەرکووک بۆ بەرژەوەندی شۆڤێنییانەی خۆی بەکاردەهێنێت و هیچ نیازپاکییەکی بۆ ئاشتەوایی لەگەڵ هەولێردا نییە، کەچی بۆ شاردنەوەی نییەتخراپی خۆیان، کۆمەڵێک لیژنەی بێدەسەڵاتیی ڕەوانەی هەرێمی کوردستان کردووە بە بیانووی وردبینیکردن لە لیستی مووچەی فەرمانبەران.

ئەمەش لەکاتێکدایە هێزەکانی وەک حەشد و سوپای عێراق زۆرترین گەندەڵییان تێدایە، بەڵام عەبادی ناچێت لە ڕیزەکانی سوپا و حەشدەوە دەست بە چاکسازی بکات، کەچی بۆ ئیستفزازکردنی هەولێر لیژنەی

بێکردار ڕەوانەی فەرمانگەکانی کوردستان دەکات و لە بنەڕەتیشدا مەبەستی ناردنی مووچەی نییە و تەنیا یارییەکی سیاسی لەگەڵ هەولێر و فیلێیش لە کۆمەڵگەی نێودەولەتی دەکات، بۆ ڕاوە دەنگ و لاوازکردنی شەراکەتی پێکهاتەکانی عێراق.

مۆدێلی حوکمڕانێتی ئێستای بەغدا لەسەر بنەمای دەوڵەتداری و یاسا بەڕێوەناچێت، ئەوەی فەرمانڕەوای ئەو وڵاتە دەکات کەسانی مەزهەبین و لە پشتی پەردەوە عێراق بەرەو دەوڵەتێکی تەواو ئیسلامی دەستەگەری شیعەیی دەبەن. ئەو مۆدێلەی ئێستا ناخوازێت پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق قبووڵ بکات، بەڵکو بە تیم و بە پرۆژەی سیاسیی مەزهەبی، عێراق بەرەو ئاقارێکی مەزهەبی دەبردرێت و دواجاریش خودی ئەو ئەمەریکایە لەبری ئەوەی تەنیا شەڕی ئێران بکات، ئەوا پێویستی بەوە دەبێت سەرەتا تانکەکانی خۆی لە عێراق بشکێنێت، لەبەر ئەوەی عێراق سەرەتاکانی دژایەتیکردنی ئەمەریکای تێدا دەرکەوتوون، ئەوەی ئەمەریکا دەیەوێت و کاری بۆ دەکات، بەغدا نایەوێت، ئەگەر ئەمەریکا تۆزێک دیقەتی حەشد بدات، هەڵبەت دیقەتیداوە و درکیشی بەوە کردووە ئەو هێزە لە بنەڕەتدا بۆ دژایەتی ئەمەریکا و پێکهاتەکانی غەیرە شیعە دروستکراوە بە دیاریکراویش کورد.

لە ئایندەیەکی نزیکدا حەشد دەبێتە مەترسییەکی جیدی بۆ سەر پێگەی هەندێک لە گرووپی سیاسی شیعەش، چونکە حەشد عەقڵییەتی شیعەگەری دروستیکردووە بۆ ئەوەی هەندێک پرۆسە ئەنجامبدەن کە نابێت سوپا ئەنجامی بدات، کەوایە هەم ئەمەریکا و هەمیش کورد، ئەگەر دۆخەکە بەمجۆرە بچێتە سەر، هیچ ئایندەیەکی ئەوتۆیان لە بەغدا نابێ و سەرەتای تۆخبوونەوەی دژایەتییەکان لە مۆدێلی قسەوە بۆ کردار دەستیپێکردووە، ئەگەر جاران بە قسە دژایەتی

کورد دەکرا، ئێستا تانکی ڕووبەڕوو دەکرێتەوە و بە یاسا نانی کورد دەبڕن و گەمارۆی نێودەوڵەتی لەڕووی ئاسمانییەوە دەخەنە سەر، بەردەوامیدان بەو سیاسەتە شەرمنانەی ئەمەریکا و ئەو دەستەیەی فەرمانبەرانی واشنتۆن لە عێراق، پێگەی واشنتۆن لە بەغدا تەواو لاواز بکات و دواجاریش سەرباز و دیپلۆماتەکانی واشنتۆن تەنانەت لە بەغداش ژیانیان دەکەوێتە ژێر هەڕەشەی دەستەگەری شیعە، مەگەر ئێستا سەرکردەکانی حەشد هەڕەشەی دەرکردنی ئەمەریکا لە عێراقدا ناکەن؟

ئەو عەقڵییەتەی ئێستای بەغدا، هەموو پێکهاتەیەکی دیکە، جگە لە خۆیان ڕەتدەکەنەوە و ئامانجییان دروستکردنی دەوڵەتی شیعەگەری هاوشێوەی ئێرانە، سەرباری هەموو ئەوانە، هێشتا ئەمەریکا نایەوێت عێراق لە دەستبدات، بۆیە پێویستە ماوەیەکی دیکەش دیقەت لە سیاسەتی ئەمەریکا بدرێت لە عێراقدا، بەوپێیەی هەڕەشەکانی سەر پێگەی واشنتۆن لە عێراقدا تا دێت زیاتر دەبن و پێناچێت ئەمەریکاش بەو ئاسانییە دەست لە عێراق بەربدات، ئاخر سرووشتی ئەمەریکییەکان وایە، کە چوونە شوێنێک بە هی خۆیانی دەزانن!

**ڕۆژنامەی خەبات، ٢٠١٨/٢/٢٨**

# بە ئامانجگرتنی کورد و نیگەرانییە ساختەکانی ئەمەریکا

لە دوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر، دەرکەوت ئەمەریکا هاوپەیمانێکی ڕاستەقینەی کورد نییە، لە کاتێکدا لە دوای ڕاپەڕینەوە، کورد خۆی وەک هاوپەیمانی ئەمەریکا هەژمار کردووە، بەڵام لە کاتی پێویستدا کە دەبوو واشنتۆن پشتگیریی کورد بکات، بەپێچەوانەوە پێش بەرژەوەندی کورد، سەیری بەرژەوەندییەکانی خۆی دەکات.

ڕاستە لە سیاسەتدا هەر وڵاتێک بەدوای بەرژەوەندییەکانی خۆیەتی، بەڵام کورد جیاوازە و هەمیشە چاوی لە دەستی ئەمەریکا بووە و زۆر شتیشی بۆ واشنتۆن کردووە. لە ساتەوەختی ڕووخانی ڕژێمەکەی سەددام حوسێن، واشنتۆن بە سانایی دەیتوانی لە بری هەرێم، دەوڵەت لەو بەشەی کوردستان بۆ کورد دروستبکات، بەوپێیەی کۆی سەروەری و دامەزراوەکانی عێراق لە جانتاکەی واشنتۆن دابوون، دواتریش پشتکردنی لە کورد لە پرسی ریفراندۆمدا، ڕێگەی بۆ عێراق خۆشکرد، یاخود گڵۆپی سەوزی بۆ حەشد پێکرد وەک ئاماژەیەک بە ڕازیبوون بۆ هێرشکردنە سەر پێشمەرگە.

لێرەوە ڕووێکی دیکەی ڕاستەقینەی ئەمەریکا دەرکەوتەوە، ئاخر ئەگەر

ئەمەریکا خواستی لەسەر نەبێت، باڵندەش نەیتدەوانی لە کەرکووک نزیکی پێشمەرگە بکەوێتەوە نەک حەشدی شەعبی و سوپای عێراق! بەڵام ئەمە روونە ئەمەریکا لەو پرسەدا قازانجی زیاتری دەکرد، واتە عەبادی زیاتر لە کورد خێری بۆ واشنتۆن هەبوو، هەم پارەی باشتر و هەمیش عێراق شیعەی زۆرە و ئەمەریکاش دەیەوێت لە رێگەی عەبادییەوە ململانێی ئێران بکات.

لێرەدا ئەو ئیدارەیەی ئەمەریکا نەیانتوانیوە ناخی عەبادی بخوێننەوە، لەوەی زیاتر کاریگەرە بە ئێران، تا ئەمەریکا، لەو رووداوەشدا، واتە هێرشی حەشد بۆ سەر پێشمەرگە، واشنتۆن چەندجارێک نیگەرانی ساختەی دەربڕی و سەرئەنجامیش ئێستا دەبینین حەشد دەستی بەسەر زۆرترین خاکی کورد داگرتووە.

دەی تازەترین رووداوی چاوەڕوانکراوی دژ بە کورد، پرسی هێرشی تورکیایە بۆ سەر عەفرین، بەداخەوە لە ماوەی نزیکەی دوو مانگی ئۆپەراسیۆنەکەدا، ئەمەریکا یەکهەڵوێستی توندی کردەیی نەبوو، تورکیا ناچار بە راگرتنی هێرشەکە بکات، سەرئەنجام ئەو کۆمەڵە نیگەرانییە ساختەیەی ئەمەریکا، لەبارەی هێرشەکە، سوپای تورکیا و میلیشیا ئیسلامییەکانی بردە ناو عەفرینەوە، عەفرینێک کە جیاوازە لە کەرکووک، هەر هیچ نەبێت، کەرکووک بە گوێرەی دەستوور و قانوون شارێکە لە چوارچێوەی عێراقدا، بەڵام عەفرین، هیچ پەیوەندییەکی بە تورکیاوە نییە.

ئەوە بێدەنگی ئەمەریکایە، سوپا و میلیشیا ئیسلامییەکان سووکایەتی بە سیمبۆلەکانی کورد لە عەفرین دەکەن! رووداوی عەفرین، پێیگوتین ئەمەریکا یان وەهمە، یان لە بنەڕەتدا دژی کوردە و کەچی کورد پێی نەزانیوە، یان فێڵ لە خۆی دەکات!

ئەگینا خێرە ئەمەریکایەک خۆی پێ گەورەی دونیا بێت و وێنایەکی زۆر گەورەشی لە ناوچەکەدا بۆ خۆی کێشاوە و هاوکات کوردیش وەک هاوپەیمان و دۆستی خۆی دەناسێت، کەچی لە ماوەی تەنیا شەش مانگدا دوو گەورەترین کارەساتی مرۆیی و سیاسی و نەتەوەیی، بەسەر هاوپەیمانەکەی ئەمەریکا دێت، واتە کورد، ئەویش داگیرکردنی کەرکووک و عەفرینی کوردان، کەچی ئەمەریکا هەر بەردەوامە لە دەربڕینی بەیاننامەی نیگەرانی و ئەو جۆرە قسانە کە هیچ بایەخێکی کردەییان لای نەیارەکانی کورد نییە و چش لەو نیگەرانییانەی واشنتۆن کە لەو دوو پرسەدا عەبادی و ئەردۆغان هەر گوێشی پێ نادەن.

ئەگەر ئەمە هاوپەیمانێتی ئەمەریکا بێت بۆ کورد، بۆ لەمەودوا کورد پێویستی بە دۆزینەوەی هاوپەیمانێکی دیکە هەیە و باشتریش وایە، دژی ئەمەریکا بێت، بەدڵنیاییەوە ئەوە دەبێتە دەرسێک بۆ نیگەرانییەکانی واشنتۆن!

لە تازەترین هەڵوێستی ئەمەریکا سەبارەت بە عەفرین، دیسان دەڵێت، ئێمە نیگەرانین. ئەرێ کەس نییە بڵێتە ئەمەریکا، نیگەرانییەکانی ئێوە سوودی تووڕێکی قوڕاوی ناهێنن! گرنگە کورد بە فەرمی بڵێتە واشنتۆن نیگەرانییەکانت نەبوونەتە هۆی ئەوەی هەڕەشە لەسەر کورد کەمبکەنەوە، هەڵبەت قۆناغی ئێستامان مەبەستە، ئەگینا تا رووخانی سەددام حوسێن، واشنتۆن رۆڵی باشی هەبووە لە پاراستنی کورد لە باشوور، دواتر سیاسەتی بووە دەرکردنی بەیاننامەی نیگەرانی، کە دەکرێت لە رەهەندێکی ترەوە ئاماژەی پێکردنی گلۆپی سەوز بێت بۆ هێرشکردنە سەر کورد!

ئەمەریکا لە بری ئەوەی داوای کشانەوەی تورکیا لە عەفرین بکات، دیسانەوە نیگەرانی دەردەبڕێت، هەموو کەس ئاشنایەتی لەگەڵ

ئەو جۆرە نیگەرانییە ساختانەی واشنتۆن پەیدا کردووە و بە دیاریکراویش تورکیا هەر گوێ ناگرێت و ئەگەر کوردیش چاوی لەم شێوە هاوپەیمانێتییەی ئەمەریکا بێت بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی، بە تێگەیشتنی من، زیانی زۆرتری بەردەکەوێت، رەنگە دانوستان لەگەڵ نەیارەکانی کورد، سوودی زیاتر بێت تا ئومێدهەڵچنین بە نیگەرانییە ساختەکانی ئەمەریکا، ئاخر لێرە نیگەرانی هیچ سوودی نییە و هێرشکردنە سەر کوردیش قۆناغی مەترسیداری بڕیوە، هەر هێزەی دێت، بە ئەللاهوئەکبەرەوە کورد دەکوژێت و ئەمەریکاش هەر نیگەرانە.

ئەگەر ئەمەریکا بەڕاستی دۆستی کوردە و نیگەرانییەکانیشی ساختە نین، دەتوانێت تورکیا ناچار بە کشانەوە لە عەفرین بکات و ئیدارەیەکی هاوباشی کوردی عەرەبییش لە کەرکووک و ناوچە کێشەلەسەرەکان دروستبکات، ئەوکات دەتوانین باوەڕ بەو نیگەرانییانەی واشنتۆن بکەین، ئەگینا کورد دەبێ بیر لە بەدیلی ئەمەریکا بکاتەوە!

**ماڵپەڕی ئێن ئاڕ تی، ٢٠١٨/٣/٢٠**

# پەتای ئۆپۆزسیۆنی ناڕاستەقینە لە کوردستان

هەرێمی کوردستان حیزبگەلی ڕەخنەگر و بە ڕووکەش ئۆپۆزسیۆنی زۆری تێدایە و ماوە ماوەش لە ناوچەیەکی تژی لە ململانێ و باڵباڵێن و سنووردراری کوردستاندا خۆپیشاندانی ناخۆڕسکی حیزبیانە لە ژێر تایتلی جیاوازەوە سازدەکەن.

دەی ئێستا پێویستە بپرسین، هەر حیزبێک ڕەخنەی گرت و دژی دەسەڵات وەستایەوە، ئەرێ دەکرێ ناوی بنێین حیزبی ئۆپۆزسیۆن؟ ڕەنگە ئەم پرسیارە بۆ هەندێک نامۆ بێت و بڵێن: کوردستان دەیان حیزبی ڕەخنەگری دەرەوەی دەسەڵاتی تێدایە و لە میدیاکانییانەوە وێنای ئۆپۆزسیۆنبوونی خۆیانیش نیشاندەدەن، بەڵام ڕاستییەکەی هەرێمی کوردستان هەرگیز حیزبی ئۆپۆزسیۆنی تێدا نەبووە، هەبوونی کۆمەڵێک حیزبی دەبەوەشێن و بایکۆتچی، مانای ئۆپۆزسیۆنبوون نییە و ئەمجۆرە مۆدێلە لە حیزبایەتییەش بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ وێناکانی ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینەدا یەکناگرێتەوە، بەوپێیەی ئەو مۆدێلە نائۆپۆزسیۆنەی کوردستان تەواو پێچەوانەی ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینەیە.

ئەو مۆدێلەی هەرێمی کوردستان ئیش لەسەر تێکدان، بچووککردنەوە، لاوازکردن و هاوکات ناشیرینکردنی پێگەی حکوومەت و هەرێمی کوردستان بەگشتی دەکات، کە ئۆپۆزسیۆنی راستەقینە هەرگیز بۆ گەیشتن بە دەسەڵات بەمجۆرە ئیش ناکات و نیشتمان و دەوڵەتەکە وەک رۆحی خۆی دەبینێت، سەرکەوتن و پێشکەوتنی دەوڵەتیش بە هی خۆی دەزانێت و ناخوازێت لە رێگەی تێکدان و ناشیرینکردنی دەوڵەت و نائومێدکردنی خەڵکەوە دەسەڵات وەربگرێت، بەپێچەوانەوە لە هەرێمی گوردستاندا ئۆپۆزسیۆنی ناڕاستەقینە هەموو ئەو شتانە دەکات کە دەچنە چوارچێوەی ئاژاوەگێڕیی و تێکدانی وڵات، تەنیا بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، گەلیش جگە لە هۆکارێک بۆ دەنگ کۆکردنەوە هیچ بەهایەکی دیکەی نییە.

بەڵام ئۆپۆزسیۆنی راستەقینە نایەوێت حکوومەتەکەی دووچاری شکست بێت، چونکە شکستی حکوومەت یەکسانە بە دروستکردنی کاریگەریی خراپ لەسەر ژیان و باری دەروونی خەڵک بەگشتی، ئێ ئەو وەک ئۆپۆزسیۆن بۆ تێکدان نەهاتووە، بۆ باشترکردنی ژیان و گۆڕانکاری، ململانێی دەسەڵات دەکات و لە خاڵی خۆشویستنی وڵاتیشدا هەمووان دەبنەوە بە یەک حیزب و کۆمەڵەیەک، بەڵێ ئۆپۆزسیۆنی راستەقینە دەیەوێت لە گۆشەیەکی دیکەدا خزمەتی خەڵک بکات کە دەسەڵات نەیکردووە، یان درکی پێ نەکردووە، بۆ نموونە ناچێت ئومێدی درۆینە دروستبکات، لەبەر ئەوەی دەزانێت کاتێک دێتە دەسەڵاتەوە خەڵک بە دوای بەڵێنەکاندا دەگەڕێن، ئەگەر بزانن درۆبوونە لەسەر سندووق سزای دەدەن، بەڵام هی کوردستان لە رێگەی چەواشەکردنی خەڵک و پێدانی سەدان بەڵێنی درۆینە بە خەڵک ئیش دەکەن و کاتێکیش بەشێک لەو ئۆپۆزسیۆنە ناڕاستەقینەیە دەگەن بە دەسەڵات، ئینجا دەزانن جێبەجێکردنی بەڵێنەکان بە درۆ مسۆگەر ناکرێن، بۆیە بەخێرایی بۆ

خۆدزینەوە لە بەڵێن و بەرپرسیارێتی، ژینگەیەک دروستدەکەن حیزبی دروستکەری حکوومەت، بە ناچاری بڕیاری دەرکردن لە حکوومەتییان دەدات، چونکە بە جیدی نە بەشدارێکی باش بوون، نە ئۆپۆزسیۆنێکی راستەقینە، بەڵام پێچەوانەی ئەو مۆدیلە لە شکستخواردووەی ئۆپۆزسیۆنی ناراستەقینەی کوردستان، ئۆپۆزسیۆنە راستەقینەکە کەمتر پەنا بۆ بەڵێنی درۆینە دەبات، لەبەر ئەوەی ترسی جیدی لە جەماوەر هەیە و دەنگدەریش وەک مێگەڵ نابینێت کە چۆنی بوێت بە ئارەزووی خۆی ئاڕاستەی بکات.

ئۆپۆزسیۆنی ناڕاستەقینەی کوردی ئامادەیە زۆرترین رەخنەی هەبێت لە بەرانبەر کوژانەوەی یەک کاتژمێر کارەبادا، بەڵام بێباک و بێدەنگە لە هەمبەر رووداوێکی وەک ١٦ی ئۆکتۆبەردا، لەبەر ئەوەی پێیانوایە ئەو رووداوە پێگەی هەرێم لاواز دەکات و حکوومەت نەوتی نامێنێت، ئێوە دیقەت بدەن، ئەو بێدەنگییە زۆر مەترسیدارە، ئەو رووداوە لە وڵاتێکی دیکە بووایە، ئۆپۆزسیۆن هەرگیز دڵخۆش نەدەبوو، بەڵام لە هەرێم چەپڵەی خۆشی دەکوترێت کە هەرێم خاک و زۆرترین کێڵگەی نەوتی لە دەستداوە.

ئینجا دیقەتێکی دیکە، لە دونیادا ئەو حیزبانەی ئۆپۆزسیۆنن، رووخساری تازەن، خاوەن دیدی تازەن بۆ کۆمەڵگە، بۆ دەوڵەتداری، بەڵام لە هەرێمی کوردستان حیزبی وا هەیە بانگەشەی ئۆپۆزسیۆنبوون دەکات، نەک هەر خاوەن دیدێکی تازە نییە، بەپێچەوانەوە دەخوازێت سیستەمی حوکمڕانێتی هەرێم لەسەر بنەمای مەزهەبی، ترادیسیۆنی خێڵەکی عەرەبی دابمەزرێنێت، کەچی بانگەشەی ئۆپۆزسیۆنبوون و دیموکراسییەت دەکات.

ئۆپۆزسیۆنبوونی راستەقینە دیدی و ستراتیژیی تازەیە بۆ داڕشتنەوەی

سیستەمی وڵات لەسەر بنەمای گۆڕانکارییە تازەکان لە پێناو خۆشگوزەرانکردنی کۆمەڵگە بە گشتی، بەڵام ئەو مۆدێلەی هەرێمی کوردستان رێک پێچەوانەکەیەتی و ئەوەی دەگوزەرێت بە هیچ جۆرێک مۆدێلی ئۆپۆزسیۆنیی نییە، بەڵکو گردبوونەوەیەکی هەمەجۆری بێ بەرنامەیە و دەخوازن کۆمەڵگە لەناو خەونە یۆتۆپیاییەکانییاندا بە ئاگانەیەتەوە، رێک بەپێچەوانەی ئۆپۆزسیۆنی راستەقینە کە دەخوازێت هەمووان لە بەرانبەر ماف و ئەرکدا هۆشیار بن و وڵاتیش رۆحی هەمووان.

**ماڵپەڕی کوردستان ٢٤، ٢٠١٨/١/٢٥**

# دیالۆگ تەسلیمبوون نییە

سیاسەت رووبەرێکی فراوان و ئاڵۆزە، دەیان و بگرە سەدان لقوپۆپی جۆراوجۆریشی لێدەبێتەوە و دیارترینیان هەردوو کایەی دیالۆگ کە لێرەدایە مەبەست دیپلۆماسییەتە، هەروەهاش شەڕ و رووبەڕووبوونەوەیە.

راستییەکی تاڵیش هەیە لە دوای ئەنجامدانی ریفراندۆمەوە بەغدا بە هەموو شێوەیەک ئاستی بیانووەکانی زیاتر و خێراترکرد بۆ هێرشکردنە سەر ئەو ناوچانەی ئێستا کورد پێیاندەڵێت داگیرکراو، واتە بە پلە یەک کەرکووک و شنگال و مەخموور و ناوچە داگیرکراوەکانی دیکە.

کاتێک ١٦ی ئۆکتۆبەریش روودەدات، ئیدی بەغدا بەجۆرێک غرور دەبێت تەنانەت ئامادەی دیالۆگیش نابێت، ئەمەش بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە، بەتایبەتی لەسەر ئاستی ناوخۆی هەرێمی کوردستان کە لایەنەکان تەبا نەبوون و حکوومەتەکەی عەبادیش ئەوەی وەک دەرفەت بینی، کە لە سەرەتاکاندا هەموو جۆرە دیالۆگێک رەتبکاتەوە، لایەنێکی دیکەش، واتە هۆکاری چێژبینینی شۆڤێنییەکان بوو لە ئازاردانی کورد، مەبەست ئەوەیە کاتێک حەشدی شەعبی کەرکووکی

داگیرکرد، ئەو هێزە میلیشیاییە چاوی بڕییە ناوچەکانی دیکەی هەرێمیش بە تایبەتی هەولێر.

هەولێر دوو ڕێگەی لە پێشدا بوو، شەڕ یان دیالۆگ، دیارە خودی نێچیرڤان بارزانی، وەک سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان، ڕێگەی دیالۆگی هەڵبژارد، ئەمە ڕاستە خەڵکانێکی زۆریش گوتیان ئەو هەموو داوایەی نێچیرڤان بارزانی بۆ دیالۆگ بە مانای تەسلیمبوون دێت، بەڵام ئەگەر لە ڕووی لۆژیکییەوە سەیری ئەو هەموو دیالۆگەی سەرۆکوەزیران بکرێت، ڕێک دیوەکەی دیکەی ڕاستە، ئەو لە قۆناغێکدا داوای دیالۆگ دەکات، هێشتا لوولەی ئەو هەزاران تانک و تۆپ و هاوەن و ڕاجیمە و هەزاران جۆری دیکەی چەکی پێشکەوتووی ئەمەریکی و ڕووسی ڕوویان لە پێشمەرگە کردووە!

ڕاستە پێشمەرگە شەڕ دەکات، بەڵام مەرج نییە هەموو کات شەڕکردن باش بێت، یان ئامانجەکان بپێکێت، بەتایبەتی گەلێکی وەک کورد کە ئازاری زۆری بە دەست شەڕەوە چەشتووە و پێویستی بە پشوودانیش هەیە. هاوکات کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش بە هەموو شێوەیەک لەگەڵ دیالۆگدان و پشتگیری دیالۆگ و چارەسەری کێشەکان دەکەن لە ڕێگەی دەستوورەوە و ناشکرێت بەپێچەوانەی خواستی دونیاوە سیاسەت بکرێت، بەتایبەتی ئێستا ئەمەریکا داوای دیالۆگی نێوان هەولێر و بەغدا دەکات، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.

توانجگرتنی ئەوانەی پێیانوایە داوای دیالۆگی هەرێم تەنازولکردنە، دوو جۆرن، جۆرێکیان لە خەمی پرۆسەکەدان، جۆرێکی دیکەیانیش دەیانەوێت بە هەموو شێوەیەک ئەزموونی کوردستان دووچاری ئاڵۆزیی زیاتر بێت، بۆ ئەوەی خۆیان بگەنە ئامانجی سیاسی و بەرژەوەندییە حیزبییەکانیانیش مسۆگەر بکەن.

ئێستا ئەمەریکا هاتووەتەوە سەرخەت و چەند ڕۆژێکیش پێش ئێستا

وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لەپەیوەندییەکدا پشتیوانی وڵاتەکەی بۆ چارەسەری کێشەکان دەربڕی، لە ڕێگەی دیالۆگ و دەستوورەوە، هەروەها هەر پاش ئەویش برێت مەکگۆرک، نوێنەری سەرۆکی ئەمەریکا لە عێراق، دێتە لای نێچیرڤان بارزانی و ئەمانەش ڕووداوی سیاسین و دەکرێت لە پرسی سیاسییدا بەهەند وەربگیرێن، بەتایبەتی لە ڕووی دیبلۆماسییەتەوە کە دەگوترا ئیدی ئەمەریکا بە تەواوی پشتی لە کورد کردووە، کەوایە ئەم بۆچوونە ڕاست دەرنەچوو و هێشتا ئومێد ماوە بۆ هەڵسانەوەیەکی نزیکی دیپلۆماسییەتی هەولێر بە ئاڕاستەی دونیادا.

لێرەدا پێویستە بە دیقەتەوە خوێندنەوە بۆ دۆخەکە بکەین، ئەو هەموو بانگەشەی دیالۆگەی حکوومەت، ئەگەر قازانجی گەورەشی نەبووبێت، بەڵام زۆر مەترسی دیکەشی ڕەواندەوە و هاوکات دووبارە پشتگیریی نێودەوڵەتی بۆ هەولێر بەدەستهێنایەوە، ئەگەرچی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی خاوەنی هەڵوێستی شەرمنانە بوون لە پرسی ریفراندۆم و دواییش ١٦ی ئۆکتۆبەردا، بەڵام ئەوان بڕیار بەدەستن و ناکرێت کورد فەرامۆشییان بکات.

پێویستە بە هەر جۆرێک بێت، بەتایبەتی لە ڕێگەی دیپلۆماسییەتەوە دیسانەوە فۆکسی ئەوان بهێنێتەوە سەر هەولێر و بەمەش سوودی گەورە بۆ پێگەی هەولێر دروستدەبێتەوە.

دەکرێت سەردانی شاندی حکوومەتی هەرێم بۆ تاران سەرەتایەکی تر بێت بۆ دیالۆگی دیکە لەسەر بنەمای دەستوور، چونکە تاران ڕۆڵی گەورەی هەیە لەسەر ئەدا و ئەجێندای ئەو باڵە دەستڕۆیشتووەی شیعەکانی بەغدا، واتە ڕۆبۆتێکن بەدەست تارانەوە و زۆربەی سیاسەتەکانی عێراق، لە ئێستادا لە تارانەوە دادەڕێژرێنەوە.

**ڕۆژنامەی هەولێر، ٢٠١٨/١/٢٨**

# هەولێر دەتوانێت قەرەبووی شکستەکان بکاتەوە

لە دوای رووداوی١٦ ی ئۆکتۆبەرەوە، عەبادی ئەو عەبادییەی جاران نییە و هەموو کردەوەکانی، قسەکانی، هەنگاو و بڕیارەکانیشی راستەوخۆ پەیوەندییان بە بەرژەوەندییەکانی خۆیەوە بە تەنیا هەیە، بەجۆرێک تەنیا گرووپەکانی نزیک لە خۆی لە بڕیارەکانی رازین ئەو پیاوە چونکی بەرەو هەڵبژاردن دەچێت و گۆڕەپانی سیاسیی عێراقیش لەسەر بنەمای سۆز و چاوسوورکردنەوە و گەندەڵی بەڕێوە دەچێت، هەموو دەسەڵاتە سەربازی و دارایی و کارگێڕییەکانی لە پێناو بەرژەوەندی تەسکی خۆی بەکارهێناوە و لە سەرووی هەمووشیانەوە راستەوخۆ دژایەتی کورد دەکات، لێرەدا خاڵی لاوازی کوردی لە خیانەتی١٦ ی ئۆکتۆبەردا دۆزیوەتەوە.

کەوایە١٦ ی ئۆکتۆبەر تەنیا رووداوێک نەبوو کورد بە هۆیەوە شارێکی لەدەستدابێت، بەپێچەوانەوە لە تەک ئەوەشدا ئەو عەبادییەی کردە لوتبەرزێکی سیاسی و دواجار کەیسی داگیرکردنی کەرکووکی کردە کەیسێکی هەڵبژاردن بۆ کۆکردنەوەی دەنگ، ئاخر عەبادی ئەوەندەی شانازی بە داگیرکردنی کەرکووکەوە دەکات، نیو هێندە شانازیی بە

کۆتایی هاتنی داعش ناکات! ئەمەش وەک بەڵگەیەک لەسەر ئەوەی ئەو پیاوە ناتوانێت سەرۆکێکی دادپەروەر بێت و هەموو عێراقییەک بە سەرۆکی خۆیانی بزانن، بە ئاشکراش دژایەتی کورد دەکات و لە ئەگەری بەردەوامی ئەو دژایەتییانە پێشبینی دەکرێت دیسانەوە کورد هەنگاوێکی دیکەی هاوشێوەی ریفراندۆم بنێتەوە.

خودی ریفراندۆم لە تەک مافی کورد بۆ سەربەخۆیی، ئەوا بەشێکی لە هۆکارەکەشی بۆ نائومێدبوونی کورد لە بەغدا دەگەڕێتەوە، واتە ریفراندۆم هەم مومارەسەی مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کورد بوو، هەمیش نائومێدی بوو لە عێراق، کە نەیتوانی عێراقی هەمووان بێت.

داخستنی فڕۆکەخانەکانی هەرێمیش، هێندەی ئەجێندای سیاسی و پەراوێزخستنی هەولێری لە پشتەوە بوو لەڕووی دیپلۆماسییەوە نیو هێندە رێکارێکی کارگێڕیی نەبوو بەرانبەر هەولێر گیرابێتەبەر، داخستنی فڕۆکەخانەکان بەو ئامانجەیە تا هەولێر ببێتە دوورگەیەکی پەراوێزخراو، بەڵام دیپلۆماسییەتی حکوومەتی هەرێم، ئەگەرچی هێشتا کێشەی زۆری هەیە، وایکرد ئەو خەونەی عەبادی نەیەتەدی، ئەوەتا هەولێر میوانداریی وەزیری دوو وڵاتی زلهێزی ئەورووپا دەکاتەوە و داخستنی فڕۆکەخانەکانیش هیچ سوودێکی بۆ عەبادی نەبووە، بگرە تەنیا زیانی بە خەڵکە ئاساییەکەی کوردستان گەیاندووە بەپێچەوانەوە کاریگەری خراپی بەسەر پێگەی حکوومەتی هەرێمەوە نەبووە، چونکە شاند دێن و شاند دەڕۆن.

سەردانی شاندی هەرێم بۆ پاریس چەندە گرنگ بوو، هاتنی وەزیری بەرگری ئەڵمانیا، ئۆرسۆلا ڤۆندێرلاین، بۆ هەولێر، لەڕووی سەربازییەوە هێندە گرنگی هەبوو، دەکرێت وەک پەیامێکیش لێکدانەوەی بۆ بکرێت، کە ئەڵمانیا پاڵپشتی پێشمەرگە دەکات، ئەڵمانیایەکی خاوەن

پێگەی سەربازی و ئابووری بەهێز لە ئەورووپادا، هەروەها هاتنی وەزیری دەرەوەی فەرەنساش، جان ئیڤ لودریان، لەڕووی سیاسییەوە ئەویش گرنگی خۆی هەیە، بەوپێیەی فەرەنسا پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ هەولێردا هەیە، کەوایە هاتنی جان ئیڤ لۆدریان، لەڕووی دیپلۆماسییەتەوە دەکرێ گرنگی ئەوەی هەبێت سەرباری هەموو کێشەکان، هێشتا هەولێر بە تەواوی دەرگەی بەڕوودا دانەخراوە و پێشبینیش دەکرێت دوای لۆدریان وەزیری وڵاتانی دیکەش روو لە هەولێر بکەن، ئەمەش لە کاتێکدایە بەغدا هەموو هەوڵێک دەدات بۆ ئەوەی ئەمجۆرە کەسایەتییانە سەردانی هەولێر نەکەن، بەڵام ئەوەتا دێنە هەولێر.

دروستە هەولێر لەڕووی سەربازییەوە هەندێک ناوچەی لەدەستدا و بە هۆی خیانەتی ئۆکتۆبەریشەوە جۆرێک شکستی سەربازی بینی، لێرەدا نامەوێت بە وردی لاپەڕەکان هەڵدەمەوە، بەوپێیەی راستیی ١٦ی ئۆکتۆبەر هەموو خەڵک دەیزانێت! بەڵام هێشتا درەنگ نییە و هەولێریش دەتوانێت دووبارە پەیوەندییەکانی بەهێز بکاتەوە، ئەوەی لەڕووی سەربازییەوە لەدەستییداوە، لەڕووی دیپلۆماسییەتەوە دەکرێت قەرەبووبکرێتەوە، بەوپێیەی تا ئەم چرکەساتە، جگە لە وڵاتانی ئیسلامی ناوچەیی، هیچ وڵاتێک بە فەرمی ئامادە نین بڵێن کورد مافی سەربەخۆیی نییە، بەڵکو تەنیا کێشەی ئەوان، زیاتر لەگەڵ کاتدابووە و هەندێکیش بەرژەوەندییەکانی خۆیان رەچاو دەکەن، واتە زۆربەی بەرژەوەندییەکانیان لە بەغدایە، هەولێریش دەکرێ لەڕووی دیپلۆماسییەوە بەرژەوەندی ئەو وڵاتانە بهێنێتە هەرێمی کوردستانەوە، بۆ ئەوەی لە کاتی پێویستدا لەپێناو بەرژەوەندی خۆیاندا، داکۆکی لە هەولێر بکەن وەک کیانێکی کوردی.

هاتنی ئەو دوو کەسایەتییە بۆ هەولێر، ئاماژەیەکە دیسانەوە هەولێر

دەتوانێت بچێتەوە ناو بازنەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتاندا، لە کاتێکدا ئێستا ئەو وڵاتانە ڕێککەوتنییان دەوێت و ناخوازن ڕەوشەکە لەوە زیاتر ئاڵۆزتر بێت، بەوپێیەی بەرژەوەندییان لە عێراقدا هەیە، هەروەها سیاسەتی داواکردنی دیالۆگ لە لایەن حکوومەتی هەرێمەوە زۆر گرنگە و لەسەر عەبادیش دەبێتە گوشارێک لە ئەگەری زیاتر پێشێلکردنی مافەکانی کورد و لە ئەگەری بەردەوامیشی لەسەر لوتبەرزییەکانی، ئەوکات وڵاتانی زلهێز کە کاریگەرییان بەسەر عێراق و ناوچەکە هەیە بە ناڕاستەوخۆ سزای دەدەن بەجۆرێک پێگەی لاواز دەکەن و هاوکات مافیش بە کورد دەدرێت وەک نەتەوەیەک بیر لە ئایندەی خۆی بکاتەوە.

**ڕۆژنامەی خەبات، ٢٠١٨/٢/١٤**

# فرەلیستی.. ئازارێکی دیکەی دوای ئۆکتۆبەر

پێناچێت ١٦ی ئۆکتۆبەر بە زیندوویی لە زاکیرەی گەلی کوردستاندا بمێنێتەوە، ئەو رووداوە خراپەی کورد نەیتوانی لە رەهەندێکی دیکەوە قەرەبووی هەندێک لە شکستەکانی خۆی پێ بکاتەوە، رووداوێک دەکرا لە گۆشەیەکی دیکەوە، بە ئەجێندایەکی دیکە وەبەرهێنانی تێدا بکرێت، لە تەک خراپییەکانیشیدا لەڕووی نەتەوەیی و سیاسییەوە سوودی لێوەربگیرێت، بەوەی کورد لەو پەرتەوازەییە خۆی رزگار بکات.

راستە ئۆکتۆبەر رووداوێکی خراپ بوو و لەم قۆناغەدا هەیبەتی کوردی خستە بەردەم پرسیارەوە، لە کاتێکدا پرسی سەربەخۆیی کوردستان فۆکەسی جیهانی لەسەر بوو، ئیدی ئەوە قەدەری کوردە، هەمیشە دەرئەنجامی ململانێی تەسکی حیزبی بە زیانی خۆی و لە بەرژەوەندیی نەیارەکانیدا کەوتووەتەوە، واتە چەندە ناکۆکی ناوخۆیی کوردستان قووڵتر دەبێتەوە، هێندەی دیکە سوود بەو پرۆژە سیاسی و هەواڵگرییانە دەگەیەنێت کە لە دژی کورد لە ئارادان.

١٦ی ئۆکتۆبەر وەک رووداوێکی گەورەی ناوچەیی، راستەوخۆ شکۆی کوردی کردە ئامانج و کوردیش پێی خۆش بێت یان ناخۆش، ١٦ی

ئۆکتۆبەر شکست بوو بۆ پێگەی کوردستان، لەڕووی سیاسییەوە پرسی سەربەخۆیی دواخست، لە کاتێکیشدا کوردستان لە قەیرانێکی سەختی داراییدایە، بە هۆیەوە نیوەی ئەو کێڵگە نەوتییانەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەرپەرشتی دەکردن، کەوتنە ژێردەسەڵاتی گرووپەکانی حەشدی شەعبی و هیچ داهاتێکیش بۆ هەولێر رەوانە ناکرێت و بەمەش نیوەی داهاتی کوردستان کەمی کرد و رۆژانەش بە هۆی رووداوی ئۆکتۆبەرەوە هەڕەشەی جۆراوجۆر لە هاووڵاتییانی کوردی سنووری ١٦ی ئۆکتۆبەر دەکرێت و حکوومەتەکەی عەبادیش چاوپۆشی لە هەموو ئەو هەڵسوکەوتە خراپانەی حەشد دەکات، کە بە بەرنامە دەرهەق بە خەڵکی سڤیلی کورد لە ناوچە داگیرکراوەکان دەکرێن.

بەوپێیەی ئەو عەقڵییەتەی لە بەغدا حوکمڕانە دەخوازێت لە رێگەی ترس و تەعریبکردنەوەوە پێگەی خۆی لەو ناوچانەدا زیاد بکاتەوە و کورد بە یەکجاری لە کەرکووک و ناوچەکانی دیکە بسڕێتەوە، هەر بۆیەش نایەتە سەر مێزی دیالۆگ.

١٦ی ئۆکتۆبەر لەبری ئەوەی ببێتە هۆی بەخۆداچوونەوەی حیزبە کوردییەکان بە سیاسەت و ئەجێندایان و کەمێکیش لەو ناکۆکی و پەرتەوازەییەی نێوانیان کەمبکەنەوە، بەپێچەوانەوە ئەو رووداوە لەڕووی سیاسییەوە کوردی دووچاری شۆک نەکرد، بەتایبەتی لە دوای ئەوەی حکوومەتی هەرێم بۆ رێگەگرتن لە بەردەوامی شەڕ و پێکدادانی نێوان پێشمەرگە و گرووپەکانی حەشد و سوپای عێراق، ئەنجامی ریفراندۆمی سڕکرد و لەو دۆخە ناسکەشدا پێویست بوو کورد بەرانبەر ئەو هەموو گوشارە زۆرەی عەبادی یەکهەڵوێست بن و رووداوی ئۆکتۆبەریان بە دیوێکی دیکە بۆ بەگژداچوونەوەی گوشارەکانی بەغدا بەکاربهێنایە، بەوپێیەی زۆر روونە عەبادی سوودی لەو پەرتەوازەییەی نێوان حیزبە کوردییەکان لە پێش ئۆکتۆبەر و دوای ئۆکتۆبەریش بینی

بۆ زیادکردنی گوشارەکانی، هەروەها خۆدزینەوەی لە دیالۆگ، کەچی کورد لەبری ئەوەی بە پرۆژە قەرەبووی ئازارەکانی ئۆکتۆبەر بکاتەوە، بەپێچەوانەوە دەستکرایەوە بە دژایەتی حکوومەتی هەرێم و تەنانەت خواستی ئەمەریکاش لەبەرچاو نەگیرا، کاتێک داوای لە حیزبەکان کرد پاڵپشتی حکوومەت بن بۆ ئەوەی ئەو قۆناغە ئاسایی بکرێتەوە، دەکرا ئەو پەیامەی ئەمەریکا بەگرنگییەوە وەربگیرێت، بەتایبەتیش دوای ئەوەی ئەمەریکاش هەستی کرد لە رووداوی ئۆکتۆبەردا ئەویش زیانی بەرکەوتووە، چونکە پێگەی ئێرانی لە عێراقدا بەهێزتر کرد.

بەداخەوە کورد ئەوەشی هەڵنەقۆستەوە و حیزبەکانیش دەستیانکردەوە بە دروستکردنی لیست و هاوپەیمانێتی جیاواز بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی عێراق.

لە کاتێکدا هەرێمی کوردستان پێویستی بەوە هەبوو وەک ئاماژەیەک بۆ وەڵامدانەوەی گوشارەکانی عەبادی، حیزبەکان یەکهەڵوێست بن و بە تیمێکی یەکگرتووەوە بەرپەرچی سیاسەتی ئێستای عەبادی بدەنەوە و لەم قۆناغەدا کێشە حیزبییەکان بەلاوە بنێن، بەپێچەوانەوە برینەکانی جەستەی کوردییان قووڵتر کردەوە و حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بە پەرتەوازەیییەوە دەچنە ناو پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی عێراقەوە، ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ ئەو هەموو غرورەی عەبادی بەرانبەر کورد هەیەتی و ناخوازێت مافەکانی کورد دابین بکات.

ئەو پەرتەوازەییەی کورد باشترین کارتی دەست حکوومەتەکەی عەبادییە تا بە هۆیەوە چاوشارکێ لەگەڵ مافە دارایی و سیاسییەکانی کوردستاندا بکات، هەروەها خودی کوردیش زیانی بەردەکەوێت لەوەی پێشبینی دەکرێت رێژەی دەنگەکانی کەم بکات. کەوایە ئازارەکانی پەرتەوازەیی کورد لە قۆناغی دوای ئۆکتۆبەردا، زۆر لە ئازارەکانی

خودی ئۆکتۆبەریش گەورەتر دەبن و نائومێدی زیاتریش دروست دەکات، نائومێدییەک ڕەنگە متمانەی هاووڵاتییان بە حیزبە کوردییەکان بخاتە ژێر پرسیارەوە، بەوەی لە هەستیارترین دۆخی سیاسی و ئەمنی و قەیراندا، ناتوانن بە یەک تیم کار بکەن، بۆ بەگژداچوونەوەی سیاسەتی ناعادیلانەی بەغدا کە بە کردەیی ئیش لەسەر پەراوێزخستنی کورد دەکات و تەنانەت دەخوازێت ئەو قەوارە یاساییەی هەرێمی کوردستانیش بخاتە ناو ململانێکانەوە و لەسەر مێزی گفتوگۆ وەک گرێبەستی نەوت و بودجە، مامەڵەی لە تەکدا بکات.

عەبادی ئامادە نییە تەنانەت ناوی هەرێمی کوردستانیش بهێنێت و لە زۆر بۆنە و ڕێوڕەسمدا، لەبری هەرێمی کوردستان، ناوی پارێزگاکانی باکووری عێراقی بەکارهێناوە.

ئۆکتۆبەر و هەڵوێستە خراپەکانی بەغدا، نەبوونە هۆی ئەوەی ئیدی کوردیش پەند لە شکستەکانی خۆی وەربگرێت و چاوێک بە ئایندەی خۆیدا بگێڕێتەوە، ئاخر دەکرا تەنیا بۆ ئەم خولەی پەرلەمانی عێراق بە یەک لیست، یان یەک هاوپەیمانێتی، بچنە کێبڕکێی هەڵبژاردنەوە و بەمەش پەیامێکی سیاسی بە عێراق و ناوچەکە و هەتا جیهانیش بگەیەنن، بەڵام کاتێک فرەلیستی جێگەی ئەوە دەگرێتەوە و حیزبەکان بەردەوامی دەدەن بە پەرتەوازەیی خۆیان، بەپێچەوانەوە ئاماژەیەکە کە ئۆکتۆبەر لە زاکیرەی کورددا لاواز بووە و ئایندەی کوردیش لە بەغدا لەبەردەم ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەدایە لەگەڵ ئەو گرووپە مەزهەبییانەی تەنیا لە دژایەتییکردنی کورددا هاوهەڵوێستن.

**هەفتەنامەی ڕووداو، ٢٠١٨/٢/١٩**

## غروری ئێستای بەغدا و ئەگەری ئەنجامێکی پێچەوانە

لە ڕووکەشدا عێراق دەوڵەتە و خاوەن دەستوور و سەروەری خۆیەتی و لە دونیاشدا پاڵپشتییەکی زۆری دەکرێت تا بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە، بەتایبەتیش لە دوای ڕووخانی ڕژێمەکەی سەددام، ئەمەریکای زلهێز بە هەموو شێوەیەک بەشێک لە توانای سیاسی و سەربازی خۆی خستەگەڕ تاکو عێراق بکاتە دەوڵەتێکی مەدەنی دیموکراسی، هاوکات پڕچەک و بەهێز لەڕووی سیاسییەوە. لێرە خەونی ئەمەریکا دروستکردنی عێراقێکی بەهێزە لە بەرانبەر ئێران، کەچی ئەو عێراقە نەبووە دەوڵەتێکی دیموکراسی و کاتێکیش کەمێک بەهێز دەبێت، ئیدی دووچاری هەمان غرورییەکەی سەردەمی سەددام دەبێت و لە بری پێکەوەژیان، هەوڵی پەراوێزخستنی پێکهاتەیەکی سەرەکی وەک کورد دەدات. هاوکات لە بری ئەوەی بەرانبەر ئێرانیش بەهێز بێت، بەپێچەوانەوە دەبێتە ڕۆبۆتێک و تا ئاستێکی زۆریش لە تارانەوە ئاڕاستە دەکرێت.

ئەو عێراقەی ئەمەریکا پێیوابوو دەبێتە نموونەیەکی دیموکراسی و مەدەنی لە ناوچەکەدا، ڕێک بەتاڵبوونەوەی پێشبینی و خەونی ئەمەریکای لێکەوتەوە، بەوەی عێراق دوای نزیکەی ١٥ ساڵ لە ڕووخانی

رژێمەکەی سەددام حوسێن، ئەوەتا ئێستا عێراق تەواو بەرگی ساختەی دیموکراسییەت و مەدەنی فڕێداوە و بووە بە دەوڵەتێکی مەزهەبی نامەدەنی.

راستە عێراق دەستووری هەیە و دەکرێت هەندێک بەهای جوانی مەدەنی یان دیموکراسیش لە دەستوورەکەیدا بەدی بکرێن، بەڵام ئەوەی لە دەستووردا هاتوون، رێک پێچەوانەکەی پەیڕەو دەکرێت، چونکی هەر خۆی ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی عێراق، ناتوانێت خۆی لەگەڵ دیموکراسییەت و مەدەنییەتدا بگونجێنێت، ژینگەیەکە هەمیشە لە دوای هەر شەڕ و ئاڵۆزییەکدا، شەڕی دیکە دەخوڵقێنێت و هەمیشە ئەو سەرکردانەی دێنە سەر کورسی دەسەڵات بە زوویی غرورییەت دەیانگرێت و ئەگەر هیچ لایەنێکی دەرەکی نەبێت، رێک بەگژ پێکهاتەکانی ناوخۆی عێراقدا دەچنەوە. بە دیاریکراویش بۆ دژایەتییکردنی کورد هەمیشە ئامادەن و هەوڵدانیش بۆ سڕینەوەی کورد پرۆسەیەکی بەردەوامە، هەر دەموچاوێک بێتە سەر کورسی دەسەڵات لە بەغدا، یەکەم کاری بەگژداچوونەوەی کورد دەبێت.

کێشەی ئێستای کورد لەگەڵ عەبادی نییە، بە هەمان شێوەیە لەگەڵ مالیکی و جەعفەریش نییە، بەڵکو واقیعێکی تاڵ لە عێراقدا باڵادەستە، ئەویش عەقڵییەتێکی شۆڤێنیی بەسەر زاکیرەی عێراقدا زاڵە و ناتوانێت کورد وەک پێکهاتەیەکی سەرەکی عێراق سەیر بکات و نایەوێت کورد خۆشگوزەران و بەهێز بێت، نایەوێت کورد لەناو خۆیدا یەکڕیز بێت، چونکی یەکڕیزیی کورد و بەهێزبوونی، وەک مەترسییەک بۆ سەر خۆیان دەبینن.

ئەو عەقڵییەتەش رەگوڕیشەیەکی مێژوویی نزیکەی هەزار ساڵەی هەیە و پێیوایە جگە لە عەرەب هیچ نەتەوە و پێکهاتەیەکی دیکە لەو

ناوچەیەدا مافی ئەوەیان نییە مومارەسەی جیاوازیی نەتەوەیی خۆیان بکەن، زۆرجاریش ئەو عەقڵییەتە شۆڤێنییە لە پەنای ئایینەوە هەوڵی چەوساندنەوەی نەتەوەکانی دیکە دەدات.

دەتوانین بڵێین داعش هەمان عەقڵییەت بوو لە بەرگی ڕێکخراوێکی تیرۆریستیدا خۆی نوێکردەوە، ئەوەی داعش بەرانبەر کوردی کرد، هەمان خواستی ئەو عەقڵییەتەی ئێستای بەغدایە، بەڵام لە بەرگی داعش ئەنجامیدا، ئەگینا بۆچی عێراق لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی شەڕە گەرمەکەی کورد لەگەڵ داعشدا، بەغدا هیچ هاوکارییەکی پێشمەرگەی نەکرد! نە بە پارە، نە بە مووچە و چەک و تەقەمەنی، لە کاتێکدا پێشمەرگە بەبێ مووچە و بە چەکی کۆن، شەڕی داعشی دەکرد، کەچی سوپایەکی پڕچەکی مەشقکراوی دیسپلین ئەمەریکی هەڵدەهاتن و ناوچە لە دوای ناوچەیان رادەستی ئەو هێزە تیرۆریستییە دەکرد و سەرئەنجامیش یەکەم شکانی داعش لەسەر دەستی پێشمەرگە ڕوویدا، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە دژی داعش دروست بێت و دیسانەوە پارچە شکاوەکانی شکۆی عێراق لە لایەن پێشمەرگە و هێزە نێودەوڵەتییەکانەوە لێکبدرێنەوە، کەچی ئەو عێراقە چونکی عەقڵییەتی شۆڤێنییەتی تێدا باڵادەستە، هەر دوای شەڕی داعش، لولەی تانکە ئەبرامز و چەکە ئەمەریکییەکانی لە هەولێر کرد!

لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس، واتە ڕژێمی دیکتاتۆرییەتی سەددام حوسێن، دەسەڵاتدارە مەزهەبییەکانی بەغدا بەشێواز و قۆناغی جیاواز دەستیانکردەوە بە دژایەتییکردنی کورد و لەگەڵ هەر کابینەیەکی حکوومەتی عێراقیشدا، ئاستی دژایەتی و هەوڵی سڕینەوە و پەراوێزخستنی خواست و مافەکانی کورد بەرزتر دەبنەوە و تا ئاستی ئەوەی کورد نانبڕاو دەکرێت بۆ ئەوەی برسێتی وەک چەکێک بۆ لاوازکردنی کورد بەکاربهێندرێت، ئەمە سەرباری ئەوەی هیچ مافێکی دەستووری و یاسایی

و هەتا کۆمەڵایەتی کوردیش جێبەجێ نەکران و بگرە بە ئەنقەست کێشە بۆ هەموو خواستێک و مافێکی کورد دروستکراوە.

عەقڵییەتی شۆڤێنی بەغدا بە بەرنامەی سیاسی تەنانەت ناوخۆی هەرێمیشی دووچاری کێشەی سیاسی کرد، بەجۆرێک هێزەکان بوونە دوژمنی یەکتری و سەرئەنجام ناکۆکییەکان هێندە گەورەکران، ئێستاش کاریگەرییەکانی ماون و ڕەنگە بەمزووانەش کۆتاییان نەیەت.

کاتێک کورد بە تەواوی لەگەڵ عێراقدا لەڕووی پێکەوەژیانی ئاشتییانە و ڕێزدارانە دووچاری نائومێدی قووڵ دەبێت، بڕیاری ئەنجامدانی ریفرامدۆم دەدات، ریفراندۆمیش لە بری ئەوەی عێراق بە هۆیەوە بە سیاسەتە چەوتەکانیدا بچێتەوە، بەپێچەوانەوە هەر لە یەکەم ڕۆژی بڕیارەکە بەغدا هەڕەشەی کرد، پێچەوانەوە دەبوو بۆ دڵدانەوەی کورد جۆرێک بەخۆداچوونەوە لە ستراتیژییەتییاندا بەرانبەر کورد ڕوویدات، بەڵام هەر زوو ئاسمانی لەسەر هەرێمی کوردستان داخست و داوای لە وڵاتانی ناوچەییش کرد سنوورەکانییان بەڕووی هەرێمدا دابخەن تا کورد برسی بێت و دواتریش بە ناچاری تەسلیم بێت.

ریفراندۆم ئەنجامدرا، نزیکەی ٢٠ ڕۆژێکیش دوای ئەو ڕووداوە ناوچەیی و دیموکراسییە، عێراق لەپڕێکدا لولەی ئەبرامزە ئەمەریکییەکان دەکاتە کەرکووک و دواتریش هەولێر، بەمەش هەموو شتەکان گۆڕان و هیچ شتێک لە شوێنی ئاسایی خۆیدا نەمایەوە و بەغداش کۆی دەرفەتەکانی دیالۆگی سەرەوژێرکرد و لۆژیکی چەکی کردە بەدیلی لۆژیکی دیالۆگ و بۆ ڕێگریش لە شەڕ، حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئەنجامەکانی ریفراندۆمی سڕکرد، بەڵام هێشتا ئەمە نەبووە هۆی ئەوەی بەغدا بە سیاسەتە چەوتەکانی خۆیدا بچێتەوە، تا ئەم چرکەیەش کە ئەم ڕەخنانەی تێدا ئاڕاستەی بەغدا دەکرێت، عێراق بەردەوامە لەسەر گەمارۆکانی و

نییەتی باش نییە، چونکە ئەو عەقڵییەتە شۆڤێنییەی بەغدا ناخوازێت بە ئاسانی و ئاشتییانە لەگەڵ کورد هەڵبکات، واتە بە بەرنامەی سیاسی هەوڵی سڕینەوەی کورد دەدات و ئەوەی بۆی بکرێت لە پەراوێزخستنی کورد و خواستە نەتەوەییەکانی، دریغی ناکات، سیاسەتی برسیکردن و گەمارۆدانی کورد بووە بە ستراتیژییەتی ئایندەی ئەو دەوڵەتەی کە ئەمەریکا پێشتر ئومێدی مەدەنیبوونی لەسەر هەڵچنی بوو، بەڵام ئەوەتا ئێستا جگە لە دیوەخانێکی مەزهەبگەرا، ئەنجوومەنەکەی عەبادی هیچی دیکە نییە، واتە ئەوەی لە بەغدایە حکوومەت نییە بە مانا یاسایی و دەستوورییی و دیموکراسییەکەی، بەڵکو ئەنجوومەنی خێڵ و پیاوە مەزهەبییەکانە، مەگەر بە بڕیاری مەرجەعی شیعەکانی عێراق، هێزێکی میلیشایی وەک بەدیلی سوپا دروست نەکرا! مەگەر ئەو هێزە بە ئارەزووی خۆی هاووڵاتییانی کورد ناکوژێت و نارفێنێت! خێرە دەوڵەتی عێراق هیچ هەڵوێستی نییە و بگرە ئەو چەکانەشی رادەست دەکات کە ئەمەریکا بۆ سوپای دەنێرێت تا شەڕی داعشی پێبکات، کەچی چەکەکان روویان دەکرێتە پێکهاتەیەکی سەرەکی وەک کورد، تەنیا لەبەر ئەوەی خواستێکی یاسایی و نەتەوەیی خۆی مومارەسەکردووە، ئاخر کەی لە دەوڵەتی دیموکراسی و مەدەنیدا، چەک بەرانبەر هاووڵاتییانی ئەو وڵاتە بەکاردەهێندرێت! ئەویش لە بەرانبەر ئەنجامدانی ریفراندۆمێک کە رەگەزێکی سەرەکی دیموکراسییەتە و تەنیا پرسیاری ئەوە لە خەڵک کراوە، ئایا دەیەوێت لەگەڵ عێراقدا بمێنێتەوە یان جیابوونەوەی دەوێت؟ ئاخر ئەمە لە وڵاتی دیموکراسی راستەقینەدا، کوفر نییە و یەکێکە لە بنەماکان و مرۆڤ دەتوانێت بە ئازادانە خواستی راستەقینەی خۆی بخاتەگەڕ لەوەی چی دەوێت، ئەسلەن بەغدا دەبوو لە دوای ریفراندۆم هەموو شتێک بکات بۆ ئەوەی کورد ئاشت بکاتەوە، نەک بە هۆی ریفراندۆمەوە چەندان گەمارۆی جۆراوجۆری بخاتە سەر و سەرئەنجامیش دەبێ ئەو گەمارۆیانە بشکێن، چونکە غەدری ئاشکران لە کورد.

سیاسەتی چەوتی ئێستای بەغدا کە لە دوای ریفراندۆمەوە پەیڕەوی دەکات، هیچی کەمتر نییە لەوەی سەردەمی سەددام و ئەگەر درێژە بکێشێت، ئەگەری ئەوە زۆرە دیسانەوە کورد بڕیاری دیکە بدات، بەڕاستی ئیدی بەغدا نایەوێت کورد وەک هاووڵاتیی عێراقی سەیر بکات، ئەمە سەرباری ئەوەی کورد بە سڕکردنی ئەنجامی ریفراندۆم ویستی دەرفەتێکی دیکەش بداتەوە بەغدا، بەڵام سوودی ئەوتۆی نەبووە و عەبادی و کابینەکەی کات دەکوژن و بەردەوامیش خەریکی یاریکردنن بە کات و دەیانەوێت شکستەکانی کورد کە بە هۆی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە دووچاری بوون، وەک کارتێکی سیاسی بۆ لاوازکردنی کورد بەکاربهێننەوە.

پێشبینی دەکرێت سەرئەنجام کوردیش زیاتر لەوەی ئێستای بێتاقەتتر بێت و دواتر بە گرتنەبەری بڕیارێکی چارەنووسسازی نەتەوەیی، ڕەنگە بڕیاری کشانەوە لە بەغدا بدات، بەتایبەتی ئێستاش زۆرینەی خەڵکی کوردستان گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی بەغدا نایەوێت دان بە مافەکانی کورد بنێت، بە دیاریکراویش لە پرسی کەمکردنەوەی پشکی هەرێم لە بوودجەدا بە بڕیارێکی سیاسی کە ئامانجی زیاتر برسیکردنی کوردە، بۆیە کشانەوە گەورەترین چەکی دەستی کورد دەبێت لە ئەگەری بەردەوامی بەغدا لەسەر ئەو سیاسەتە دوژمنکارانەیەی، لە کاتێکدا ئێستا کورد خواستی وڵاتانی جیهانی قبووڵکردووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لە ڕێگەی دەستوورەوە، کەچی بەغدا ڕێز لە خواستی نێودەوڵەتیش ناگرێت بۆ دیالۆگ و سەرئەنجام ڕەنگە ئەو غرورییەی حکوومەتی بەغدا ئەنجامی پێچەوانەی لێبکەوێتەوە.

**ماڵپەڕی کوردستان٢٤، ٢٠١٨/٢/٢٧**

# ئەمەریکا نیگەرانییەکانی کورد دەڕەوێنێتەوە

لە دوای بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی، بە هۆی بەرژەوەندییە فراوانەکەیەوە لە ناوچەکە و عێراق بە تایبەتی، واشنتۆن بە ئاشکرا پشتگیری خۆی بۆ ریفراندۆم رانەگەیاند، بەڵکو چەند جارێکیش داوای لە سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان کرد تا لە قۆناغی ئێستادا ریفراندۆم ئەنجام نەدرێت. ئەمەش لە سیاسەتدا بە مانای رەتکردنەوەی تەواوەتی مافی ئەنجامدانی ریفراندۆم نایەت لە لایەن ئەمەریکاوە، بەڵکو تەنیا قسەکردن بوو لەسەر کاتەکەی، بە هۆی شەڕی داعش و بەریەککەوتنی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا، لەگەڵ چەند وڵاتێکی ناوچەیی، بە دیاریکراویش تورکیا و شیعەکانی عێراقیش گوشاری زۆریان لەسەر ئەمەریکا دروستکردبوو، لە سەرووی هەموویانەوە هەڕەشەکانی ئێران لەسەر بەرژەوەندییەکانی واشنتۆن.

کەوایە ئەمەریکاش ئەمەی رەچاو دەکرد و بۆیە داوای لە کوردی هاوپەیمانی دەکرد، بۆ ئەوەی تەرکیز لەسەر شەڕی داعش لانەچێت، ریفراندۆم لە کاتێکی دیکەدا ئەنجام بدرێت. بەڵام کورد لەو قۆناغدا، جگە لە ئەنجامدانی ریفراندۆم، هیچ چارەیەکی دیکەی نەبوو، چونکە

عێراق نەیدەویست درێژە بە شەراکەتی سیاسی بدات و بە ئاشکرا مافەکانی کوردی پێشێل دەکرد، تا دواجار هەرێمی کوردستان بۆ خۆپارێزی لە شەڕی عێراق، بڕیاری جیابوونەوە لە رێگەی ریفراندۆمەوە دەدات.

لە دوای ئۆکتۆبەریشەوە، کورد زۆرترین نیگەرانی لە سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا هەبوو، هەم بە هۆی پاڵپشتیی نەکردنی ریفراندۆم و هەمیش بە هۆی ئەوەی بە چەکی ئەمەریکی لە لایەن حەشدی شەعبییەوە هێرشکرایە سەر پێشمەرگە و ئەمەریکاش لە سەرەتادا سەیرکەری هێرشی سوپای پاسداران و حەشد بوو بۆ سەر کوردستان.

لێرەدا کورد مافی خۆی بوو نیگەران بێت لە بێدەنگی ئەمەریکا، چونکە کورد لە دوای راپەڕینەوە زۆر شتی بۆ ئەمەریکا کرد و بەتایبەتیش کاتێک ئەمەریکا بڕیاری هێرشکردنە سەر رژێمەکەی سەددام حوسێن دەدات، پێشمەرگە باشترین رۆڵی بینی لە هاوکاریکردنی سوپای ئەمەریکا بۆ رووخاندنی رژێمی بەعس لە عێراقدا بە سەرۆکایەتی سەددام حوسێن. لە کاتێکدا تورکیایەکی هاوپەیمانی ئەمەریکا، ئامادە نەبوو هیچ جۆرە هاوکارییەکی واشنتۆن بکات، تەنیا کورد بوو لە عێراقدا رێنیشاندەری سەربازە ئەمەریکییەکان بوون بۆ سەرکەوتنی هێرشی سەربازی ئەمەریکا بەسەر سەددامدا.

لە دوای ٢٠٠٣شەوە هەرێمی کوردستان بووە ناوچەیەکی ئارام بۆ دیپلۆماتکار و سەربازە ئەمەریکییەکان و تاکە ناوچەیەکیش لە عێراقدا کە سوودی بۆ ئەمەریکییەکان هەبوو، هەرێمی کوردستان و بەدیاریکراویش هەولێر بوو، بۆیەش نیگەرانییەکانی هەولێر لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە لە جێگەی خۆیدا بوون، ئەمەریکاش لەو راستییە تێگەیشت، هەرزوو داوای دیالۆگی کرد و گوشاری کرد کە چیتر

سوپای پاسداران دەستلە کاروباری سەربازی عێراقدا وەرنەدەن کە مەبەستی ئەو لەشکرکێشییە بوو بۆ سەر کوردستان.

هاوکات بە هۆی نیگەرانییەکانی کوردەوە، ئەمەریکا بەخۆداچوونەوەی بە سیاسەتی خۆیدا کرد و دواجاریش لە پرسی عەفریندا نیگەرانی هەولێر بیندرا و ئەوەبوو ئەمەریکا رایگەیاند، ئەوان لە منبج ناکشێنەوە. لە کاتێکدا تورکیا دەیویست وەک عەفرین هێرش بکاتە سەر منبجیش، ئەمەش وەک پارێزگاریکردن لە کورد لێکدانەوەی بۆ دەکرێت و رەنگە سیاسەتی ئەمەریکاش بووبێت، بۆ قەرەبووکردنەوەی بێدەنگییەکەی سەبارەت بە کەوتنی عەفرین.

لە عێراقیشدا بەردەوام شاندە ئەمەریکییەکان هاتوونەتە هەولێر و لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان دانیشتوون و پێداگریان لەسەر پاراستنی ئەزموونی هەرێم کردووەتەوە و چەندینجاریش بە فەرمی داوای دیالۆگی نێوان هەولێر و بەغدایان کردووە و هەموو ئەمانەش ئاماژەیەکن ئەمەریکا دەیەوێت نیگەرانییەکانی هەولێر برەوێنێتەوە.

لە چەند رۆژی رابردووشدا واشنتۆن بەبیانووی کونسوڵخانە، بەردی بناغەی کۆمەڵگەیەکی گەورەی دیپلۆماسی ئەمەریکی لە هەولێر دانا، دەگوترێت ئەو کۆمەڵگەیە، گەورەترین کونسوڵخانەی ئەمەریکایە لە ناوچەکەدا، کە ئەوەندەی لە پرۆژەیەکی ئەمەریکی-کوردی دەچێت، هێندە لە باڵەخانەیەکی بچووک ناچێت تەنیا ئیشوکاری پێدانی ڤیزا و رێکخستنی شاندی هونەری بێت!

ئەو کۆمەڵگە دیپلۆماسییە لە کاتێکدا لە هەولێر دەکرێتەوە، ئەمەریکا بە کردەوە خەریکی بەخۆداچوونەوەیە بە سیاسەت و هەڵوێستەکانی لە ناوچەکەدا، تەنانەت قسە لەسەر لاوازکردنی بنکەی ئینجەرلیکیش

لە تورکیا دەکرێت، دەی لەسەر ئاستی عێراقیشدا شیعەکان ڕۆژ دوای ڕۆژ، گوشاری زیاتر دەخەنە سەر ئەمەریکا و داوای دەرچوونی هێز و دیپلۆماتکارە ئەمەریکییەکان لە بەغدا دەکەن، کەوایە لەمەودودا ئەمەریکا بە گرتینەوە دەیەوێت سیاسەتی خۆی بگۆڕێت بەرانبەر هەرێمی کوردستان و دەکرێت بە پرۆژە و پشتگیری قەرەبووی ئەو بێدەنگییانەی پێشووی خۆی بکاتەوە و بە کردەوەش نیگەرانییەکانی هەولێر بڕەوێنێتەوە.

ئەو کۆمەڵگە دیپلۆماسییە ئەمەریکییەش لە هەولێر، لە تەک ئەوەی بایەخدانی زیاتری ئەمەریکایە بە سیاسەتی خۆی لە ناوچەکەدا، هاوکات بایەخدانێکی تازەیەشە بە هەولێر وەک ناوەندێکی سیاسیی کوردی.

**ڕۆژنامەی خەبات، ٢٠١٨/٤/٢٥**

# تێپەڕاندنی فۆبیای ئۆکتۆبەر

شەش مانگ بەسەر ڕووداوی ئۆکتۆبەردا تێپەڕی و لەو ماوەیەشدا کورد دووچاری زۆرترین هەڵبەز و دابەزی سیاسی و ئابووری و دەروونی بووەوە، تا ئاستی ئەوەی، کۆی ئەزموونی هەرێمی کوردستان، لە ئەنجامی ئەو ڕووداوەدا کەوتە بەردەم مەترسییەکی جیدییەوە. مەترسییەک تەنیا ئەوانە تێیدەگەن، کە بە وردی سەیری ئەو ڕووداوە بەرنامە بۆ داڕێژراوەیان دەکرد! لەو سەروبەندەدا کە هێزە شیعەکان خواستی نەهێشتنی ئەزموونی کوردستانییان هەبوو، حکوومەتی هەرێم لە گەمەیەکی دیپلۆماسییانەی میانڕەودا، توانی تا ئاستێکی بەرچاو، مەترسییەکان کەمبکاتەوە و ئامانجی خودی ئۆکتۆبەریش پووچەڵبکاتەوە.

دروستە لە ئۆکتۆبەردا کورد زۆر شتی لەدەستدا، بەڵام خودی ئۆکتۆبەر ئامانجێکی فراوانتر بوو، بەوەی تەنیا لە کەرکووک و خورماتوو و شنگالدا بوەستێت، ڕاستییەکەی خواستێکی دەستەگەری شیعەی عێراقی و ئێرانی بوو، بۆ فراوانترکردنی پێگەیان لە ناوچەکەدا، بەڵام کورد بە گوتارێکی نەرم، کە لە کارەکتەری نێچیرڤان بارزانیدا

بەرجەستە بوو، توانی بەر بەو لێشاوی مەترسییانە بگرێت، کە ئامانج لێیان سڕینەوەی هەرێمی کوردستان بوو، لە نەخشەی ئێستای عێراقدا، وەک هەرێمێکی کوردی.

دەی ١٦ی ئۆکتۆبەر کارەسات بوو، بەڵام بۆ کورد کارەساتترە بە بەردەوامی ئەو ڕووداوە لە زاکیرەی سیاسی و سەربازیی خۆیدا، وەک گرتەیەکی ڤیدیۆیی سەیر بکاتەوە کە هێزە میلیشیاکان ڕەمزەکانی کورد دەشکێنن و دێنە ناوچە کوردییەکان و پێشمەرگە بە هۆی شکستەوە دەگری!

بەهێزبوونەوەی کورد، بەوە دەبێت کە سوود لەو جۆرە کارەساتانە وەربگرێت، نەک بە دەوری شکستدا بخولێتەوە، خۆ ڕزگار نەکردن لەباری فۆبیای ئۆکتۆبەر، کارەساتە بۆ کورد بیەوێت لە عێراقدا پێگەی خۆی بەهێز بکاتەوە. ئاساییە کورد ١٦ی ئۆکتۆبەر لە یاد نەکات، بەڵام ناکرێ نەتەوەیەکی چل ملیۆنی، باشتروایە بڵێین هەرێمی کوردستان، بەردەوام لەسەر گۆڕی شکستدا شین و ڕۆڕۆ بکات و لەبەردەم ئۆکتۆبەردا دەستەوەستان بوەستێت!

دەی ڕاستە کورد بە هۆی ئەو ڕووداوەوە دووچاری هەندێک شکست بوو، بەڵام ئیدی کوردیش پێویستە لە ڕێگەی دەستوور و شەڕی یاساوە لە عێراقدا بچێتە ناو چاوی عێراقییەکانەوە، چونکی خێری پێناکەن، مادام ڕێگەی سەرەبەخۆیی لێ دەگرن، خۆ دەبێ کورد بە ئیرادە ببێتە پێکهاتەیەکی بەهێز لە عێراقدا، ناکرێ تۆ تا سەر بڵێی مادام ئۆکتۆبەر ڕوویداوە، ئیدی خەونی کوردیش لە عێراقدا کۆتاییهات، خەونی کورد بە ڕوودانی ئۆکتۆبەر کۆتایی نایەت، بەوە کۆتایی دێت، هەمیشە ئۆکتۆبەر وەک ترسێک ئەبدێتبکەینەوە و هەوڵی قەرەبووکردنەوەی نەدەینەوە، ئاخر خۆ هەر ئەو کوردە بوو، لە

سەردەمی بەهێزی سەددامدا چووە کەرکووکەوە، هەر ئەو کوردە بوو، لەگەڵ هاتنی داعشدا، دەستی بەسەر کەرکووک و ناوچەکانی دیکەدا گرتەوە، چونکە ئیرادە هەبوو، ئەگەر ئێستا دەرفەتی شەڕ نەبێت، خۆ دەکرێ هەمووان، واتە کوردانی هەرێم بێ جیاوازی، پاڵپشتی لە حکوومەتی هەرێم بکەن وەک تاکە ئەزموونی کورد لە دونیادا بۆ ئەوەی بەرەو ڕووی هەموو گوشارەکانی بەغدا ببێتەوە.

بەداخەوە لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە لە بری ئەوەی هێزە کوردییەکان، پشتگیری حکوومەت بکەن، بەپێچەوانەوە هەندێکیان چوون پشتگیری بەغدایان کرد و شاندی حیزبی بۆ گوشاردروستکردن لەسەر حکوومەتی هەرێم، لە بەغدا هاوشێوەی عەرەبەکان قسەیان کرد، ئەمە پێش ئەوەی بۆ حیزبێک خراپ بێت، بۆ تەواوی ئەزموونە کوردییەکە خراپە، هەر بۆیەش عەبادی گوشارەکانی زیاتر دەکردن. کاتێکیش حکوومەتی هەرێم لە بەرانبەر بەغدا دووچاری شکست دەبێت، ئەوە کوردە شکست دەخوات، نەک بە تەنیا حکوومەتی هەرێم، یان پارتی، بەپێچەوانەوە کاتێک ئەو حکوومەتە بەهێز دەبێت، ئەوە کوردە لە عێراقدا بەهێز دەبێت، نەک بە تەنیا لایەنێکی دیکە.

تێپەڕاندنی ڕووداوی ١٦ی ئۆکتۆبەر، بەو مانایەی ئیدی کوردیش پێویستە بە ئیرادەیەکی تازەوە لە عێراقدا شەڕی بەدەستهێنانی ماف و پاراستنی دەستکەوتەکانی بکات، ئەو ئیرادە بەهێزە دەکرێ دووبارە دەرفەتی بەهێزبوونەوەیەکی دیکە بۆ کورد لە ناوچەکەدا بڕەخسێنێتەوە، تەنانەت بە فەرزکردنی ئەنجامەکانی ریفراندۆمیش، کەوایە خولانەوە بە چواردەوری ئۆکتۆبەردا، زیانی زیاترە نەک سوود، ڕاستە ئۆکتۆبەر ڕوویداوە و کارەساتێکی خراپیش بوو، بەڵام دەکرێ وەک قۆناغێکی دیکەی سیاسی، سەیری بکرێت و بە گوێرەی هەلومەرجە تازەکان سیاسەت بکرێتەوە، ئاساییە بۆ قۆناغی ئێستا

تا بەهێزبوونەوە، کورد لە تەک عێراقدا لە ڕێگەی دیالۆگەوە شەڕی خۆی بکات و هەوڵی پاراستنی ئەوەی هەیەتی بدات، چونکە بەڕاستی مەترسی جیدی لەسەر ئەوەی هەمانە، هەبوو، بەڵام کاتێک پرسی دیالۆک پێشکەوتن بەخۆیەوە دەبینێت، زۆر شتی چاوەڕوان نەکراویش ڕوودەدات کە لە بەرژەوەندی کورد کەوتنەوە، بەتایبەتی لە دوای ئۆکتۆبەرەوە پەیوەندییەکانی کورد لەگەڵ فەرەنسا، کە من ناوی دەنێم ئەمەریکای دووەم لە ناوچەکەدا گەشە دەکات، ئەمەش وایکرد خودی عێراق لەو ڕاستییە بگات کە کورد لە ڕێگەی بەرزکردنەوەی دەنگی دیالۆگەوە گەمە دیپلۆماسییەکەی بردووەتەوە، ئاخر خودی عێراق لە ژێر گوشاری ئێراندا حەزی بە دیالۆگ نەبوو، بەڵام ئەو پشوودرێژییەی حکوومەتی هەرێم بۆ دیالۆگ، گرەوەکەی بردەوە و ئێستا قۆناغەکە گۆڕاوە و هەمووشی بە دڵی عێراق نییە، بەوپێیەی ئامانجی ئۆکتۆبەر بۆ بەغدا، زۆر لەوە زیاتر بوو کە لە پردی وەستێندرا.

تێپەڕاندنی فۆبیای ئۆکتۆبەر، هێندەی دیکە کورد بەهێزتر دەکاتەوە، بەتایبەتی پێویستە لەمەودوا گەمە دیپلۆماسییەکانی پەرە پێبدات لەو جۆرەی لە دوای ئۆکتۆبەرەوە لە لایەن نێچیرڤان بارزانی بەرجەستەکرا و ئاماژەکانی سەرکەوتنیشی دیارکەوتن، سەرکەوتن بەو مانایەی گەمە دیپلۆماسییەکانی هەولێر، خەونی داگیرکردنی سەرتاسەری کوردستانی بەتاڵکردەوە و تێپەڕاندنی ئەو بارە سایکۆلۆژییەی ئۆکتۆبەریش، هێندەی دیکە سوودی بۆ هەڵسانەوە و قەرەبووکردنەوەی شکستەکان دەبێت.

٢٠١٨/٤/١٣

# ئۆکتۆبەر لە خیانەتی سیاسییەوە بۆ زیانێکی گەورەی ئابووری

لە دوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە زۆرترین قسە لەسەر دەرهاویشتەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر کراوە، هەر یەک بە دید و تێڕوانینی سیاسی خۆی، شیکردنەوەی بۆ ڕووداوەکە کردووە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە و دەکرێ وەک ڕەخنەیەکیش ئاڕاستەی میدیا و چاودێرانی سیاسی بکرێت، ئەویش ئەوەیە لە یەک ڕەهەندەوە سەیری ئەو ڕووداوە کراوە، ئەویش ڕەهەندی سیاسییە، لە کاتێکدا ١٦ی ئۆکتۆبەر چەندە زیانی سیاسی هەبووە، کە بە هۆیەوە پێگەی سیاسی و سەربازی هەرێمی کوردستانی لە بەرانبەر بەغدا لاوازکرد، هاوکات لەڕووی ئابووریشەوە هێندە زیانی هەبووە، بگرە برینە ئابوورییەکانی دەکرێ لە ڕەهەندێکەوە زیاتریش بووبن، وەک لە زیانە سیاسییەکەی، یان بە دیوێکی دیکە، وەکچۆن زیانی گەورەی سیاسی هەبووە، ئاواش زیانی گەورەی ئابووری هەبووە، بەوەی زۆرترین بیر و کێڵگە نەوتییەکان کەوتنە دەست حکوومەتی عێراق و ئەمەش هەم زیانی ئابووری بۆ هەرێم هەبووە، هەمیش لەڕووی ئابوورییەوە حکوومەتی عێراقی سوودی لێوەرگرت، بەوەی ئەو نەوتەی هەرێمی کوردستان

لەو ناوچانەی ئۆکتۆبەر بەرهەمی دەهێنان، ئێستا حکوومەتی عێراق سەرپەرشتییان دەکات و هیچ داهاتێکی ئەو نەوتە کوردییەش بۆ خەزێنەی هەرێمی کوردستان رەوانە ناکرێت و بەپێچەوانەوە سوودی بۆ بەهێزبوونی گرووپەکانی حەشدی شەعبی و میلیشیاکان بەگشتی هەبووە و لە کاتێکدا ئەو گرووپانە کارتی گوشار و هەڕەشەن بۆ سەر پێگەی هەرێمی کوردستان.

## رووداوی ١٦ی ئۆکتۆبەر

روودوای ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧، رووداوێک لە پڕێکدا لە لایەن گرووپێکی کوردی ناو حیزبێکی باڵادەست، دوای ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان، کە رێککەوتی ٢٥ی ئەیلوولی هەمان ساڵ بەڕێوەچوو، ئەو گرووپە کوردییە بە دەست تێکەڵکردن لەگەڵ حەشدی شەعبی و سوپای عێراق و بە پاڵپشتی سوپای پاسدارانی ئێران، بەبێ تەقە و بەرگریکردن شاری کەرکووک و خورماتوو و چەند ناوچەیەکی دیکەی سنووری ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراقییان رادەستی سوپا و میلیشیاکانی شیعە کرد. ئەو رووداوە، واتە ١٦ی ئۆکتۆبەر چەندین زیانی جۆراوجۆری لێکەوتەوە و بە هۆیەوە پێگەی هەرێمی کوردستانیش لە بەرانبەر حکوومەتی عێراق لاواز بوو، بەوەی ئەو گرووپە کوردییە بۆ شکستپێهێنانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان، کە خودی بەڕێز مەسعود بارزانی، سەرۆکی ئەوکاتی هەرێمی کوردستان سەرپەرشتی دەکرد، هەڵسان بە دەست تێکەڵکردن لەگەڵ سوپا و حەشدی شەعبی بۆ شکستپێهێنانی پڕۆژەی ریفراندۆم، تەنیا لەبەر ئەوەی سەرکردایەتیی پارتی سەرپەرشتی ریفراندۆمی دەکرد، ئەمەش دوای ئەوەی هەرێمی کوردستان بە تەواوی لە حکوومەتی عێراق بێئومێد بوو، لەوەی عێراق نەیدەویست کێشەی کورد لە رێگەی دەستوورەوە چارەسەر بکات، بۆیەش هەرێمی کوردستان ریفراندۆمی بە تاکە دەرچەی رزگاربوونی

خەڵکی کوردستان لەو هەموو ستەم و پێشێلکارییەی دەسەڵاتی شیعەی عێراق بە پاڵپشتی ئێران دەزانی، بەڵام هەر زوو، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە هۆی بەرژەوەندیی فراوانییان لەگەڵ عێراقدا، لایەنداری حکوومەتی عێراقییان کرد و داوای دواخستنی ئەو پرۆسە گرنگەیان لە سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان دەکرد، بەبێ ئەوەی هیچ بەڵێنێک، یان گرەنتییەکی فەرمی بە هەرێمی کوردستان بدەن، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، بەڵام هەرێمی کوردستان سووربوونی خۆی لەسەر ئەنجامدانی ریفراندۆم دووپاتدەکردەوە تا دواجار خەڵکی کوردستان لە ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ چوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان و زیاتر لە سەدا نەوەد و سێی خەڵکی کوردستانیش، بە بەڵێ دەنگیان بە جیابوونەوە لە عێراقدا.

## زیانە سیاسییەکانی ١٦ای ئۆکتۆبەر و هەڵسانەوەی کورد

١٦ی ئۆکتۆبەر، جگە لەوەی کەوتنی شارێکی وەک کەرکووکی لێکەوتەوە، هاوکات بووە هۆی لوتبەرزی حکوومەتی عێراقیش بەرانبەر هەرێمی کوردستان، ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دیکەوە ئەو گرووپەی ئەنجامدەری ڕووداوە خیانەتکارییەکە بوون، تۆمەتی ئەوەیاندایە پاڵ سەرکردایەتیی سیاسیی پارتی، گوایە ریفراندۆمی ئەنجامداوە، ئەمەش لە کاتێکدابوو کە زیاتر لە ١٦ حیزب و لایەنی سیاسی بەشداربوون لە بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆم، بەتایبەتی پارتی و یەکێتی، بەڵام دواتر لە لایەن حکوومەتی عێراق و ئەو گرووپە کوردییە ریفراندۆم وەک بیانوویێک بەکارهێندرا بۆ هێرشکردنە سەر کوردستان، بە ئامانجی لاوازکردنی پێگەی پارتی، ئەگینا لە زاکیرەی حکوومەتی عێراقدا، هەمیشە هێرشکردنە سەر کەرکووک لە ئارادابووە، یەک بەڵگەی زیندووش، شەڕی حەویجە بە ئەنقەست دواخرا تا حکوومەتی عێراق بە بیانووی شەڕکردن لە دژی داعش،

زۆرترین هێزەکانی هێنایە نزیکی کەرکووکەوە، بەڵام هێشتا جورئەتی ئەوەی نەبوو، هێرشبکاتە سەر پێشمەرگە، تا ئەو کاتەی عێراق توانی بە پاڵپشتی ئەو گرووپە کوردییە، کە ڕێگەیان بۆ حەشدی شەعبی و سوپای عێراق چۆڵکرد، سوپا و حەشد بە ئاسانی دەستییان بەسەر کەرکووک و چەند ناوچەیەکی دیکەی جێناکۆکدا گرت و زۆرترین سووکایەتیش بە ڕەمزەکانی کورد لەو ناوچە کوردییانە کرا و ئەمە جگە لەوەی خەڵکێکی زۆریش ئاوارەبوون و کوژران وماڵی خەڵکی سڤیلی کوردیش تاڵان و سووتێندران و ئێستاش ئەو ناوچانە دووبارە لەبەردەم هەڕەشەیەکی ڕژدی بە عەرەبکردن و بە شیعەکردندان.

ڕاستە ڕووداوەکە لە چەند ڕۆژی سەرەتاییدا بووە هۆی لوتبەرزی سوپا و حەشدی شەعبی، بەتایبەتی حەیدەر عەبادی سەرۆکوەزیرانی عێراق، چونکە بەبێ تەقە و بەرگریی هێزی پێشمەرگە، حەشد و سوپا هاتنە ناو کەرکووک و چەند ناوچەیەکی دیکە، هەر ئەوکات کۆسرەت ڕەسووڵ عەلی، جێگری سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ڕاگەیەندراوێکدا هۆکاری کەوتنی شارەکەی دایە پاڵ گرووپێکی ناو یەکێتی و بە کاڵفامی لە قەڵەمدان! بەڵام کاتێک سوپا و حەشد لە پردێ ڕووبەڕووی ئیرادەی بەرگری پێشمەرگە و سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان بە سەرۆکایەتی پارتی دەبنەوە، ئەو لوتبەرزییەی سوپا و حەشد تێکشکێندرا و بووە هۆی ئەوەی حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراقیش نەختێک هەڵوەستە لە بەرانبەر لوتبەرزییەکەی خۆی بکات و پاشەکشەی نەرمی دەستپێکرد لە هێرشکردنە سەر پێشمەرگە لە سنووری کەرکووک، ئەگەرچی لە سنووری سحێلا و مەحموودییە دیسانەوە خۆی تاقیکردەوە و دووبارە شکایەوە، ئینجا بۆی دەرکەوت، ئەوەی لە ١٦ی ئۆکتۆبەردا بە ڕێککەوتن لەگەڵ ئەو گرووپە کوردییە بۆی چووە سەر، لە دوای پردێ

و سحێلا بۆی ناچێتە سەر و بەوە کەمێک لە هەڕەشەی سەربازی پاشەکشەی کرد، بەڵام هێشتا نییەتی شەڕکردنی مابوو، چونکە بەرگری پێشمەرگە لە پردێ، بووە هۆی ئەوەی عێراق نەتوانێت پرۆژەی ١٦ی ئۆکتۆبەر بەتەواوی جێبەجێبکات، بەوپێیەی ئامانجی سەرەکی ئۆکتۆبەر هەولێریش بوو، تا لە هەولێرەوە قەوارەی سیاسی و یاسایی هەرێمی کوردستانیش نەهێڵن، بەڵام پێشمەرگە بە توندی شەڕی کرد و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش دوای ئەوەی پێشمەرگە بەرگریکرد و هەرێمی کوردستانیش بۆ دوورخستنەوەی شەڕ، ئەنجامی ریفراندۆمی سڕکرد، ئینجا داوای دیالۆگییان کرد بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، لە ڕێگەی جێبەجێکردنی ماددەکانی دەستوور، بەڵام ئێستاش عێراق چاوپۆشی لە مافی گەلی کوردستان دەکات و ئەوەی لە دەستووردا هاتووە، نایەوێت جێبەجێیان بکات، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوورەوە هەیە کە لە بەرژەوەندی هەرێمی کوردستاندایە، بەوپێیەی دەبێ ئەو ناوچانە ئاسایی بکرێنەوە و دواتر سەرژمێرییان تێدا ئەنجامبدرێت و پاشانیش لە ریفراندۆمێکدا رای خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکە وەربگیرێت، ئایا دەیانەوێت سەر بە حکوومەتی عێراقی بن، یان دەیانەوێت بچنە سەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئاخر عێراق دڵنیایە لەوەی ئەو ناوچانە بە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ دەگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوەی زۆرینەی دانیشتووانەکەی کوردن و لە هەڵبژاردنەکانیش دەرکەوتووە هەمیشە هێزە کوردییەکان زۆرترین دەنگ دەهێنن.

## زیانەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر لە ڕەهەندی ئابوورییەوە

یەکێک لەو بۆشاییانەی لە ڕەخنەی چاودێرانی سیاسی و میدیایی و نووسەراندا بەدی دەکرێت، زۆربەیان لە یەک ڕەهەندەوە لە خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر دەڕوانن، ئەویش ڕەهەندی سیاسییە کە بە هۆیەوە

کەرکووک کەوت و پێگەی هەرێمی کوردستانیش لاواز بوو، ئەگەرچی دواتر بە هۆی گەمە دیپلۆماسییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە پێگەی هەرێم لە چاو ڕۆژی ئۆکتۆبەردا ئێستاکە بەرزبووەتەوە و هەرێمی کوردستانیش بووەتەوە ناوەندێکی سیاسی و شاندی بیانی و عێراقیش سەردانی دەکەن، بەڵام بە دیقەتدان لە زیانە ئابوورییەکانی خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر، دەبینین هەرێمی کوردستان لە قۆناغێکدا کە خۆی لە قەیرانی داراییدایە و پێویستی بە پارە هەیە بۆ ئەوەی بژێوی خەڵک باشتر بکات و پڕۆژەکانیش ببوژێنێتەوە، بەڵام ڕووداوی خیانەتی ئۆکتۆبەر ڕوودەدات و دەبێتە هۆی ئەوەی زۆرترین بیر و کێڵگەی نەوتی سنووری کەرکووک و ماددەی ١٤٠ دەکەونە ژێر دەسەڵاتی حەشدی شەعبی و دووبارە ئەو داهاتەی نەوتە لە بری ئەوەی خزمەتی گەلانی عێراقی پێ بکرێت، بەپێچەوانەوە دەخرێتە خزمەت ململانێ و بەهێزکردنی گرووپە چەکدارە مەزهەبییەکان.

بەگوێرەی ئاژانسی هەواڵی ئەنادۆلۆ، کە ئەویش پشتی بە ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی دۆر بەستووە سەبارەت بە کەمبوونەوەی داهات و ئاستی وەبەرهێنانی نەوتی کوردستان لە دوای ئۆکتۆبەرەوە، کە بە هۆی ١٦ی ئۆکتۆبەر بە بەراورد بە پێنج مانگی ساڵی ٢٠١٧ و لە ماوەی پێنج مانگی ڕابردووی ساڵی ٢٠١٨، هەرێمی کوردستان زیانێکی یەکجار زۆری لە داهات و هەناردەکردنی نەوت پێگەیشتووە، هەر بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی ڕێکخراوی دۆر، کە زانیاری لەسەر نەوتی کوردستان بڵاودەکاتەوە، حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە هۆی ئۆکتۆبەرەوە لە سەدا ٤٤ی کۆی بەرهەمە نەوتییەکانی لەدەستداوە. دیارە ئەم ڕێژەیەش بۆ هەرێمی کوردستان ڕێژەیەکی یەکجار زۆرە، بەتایبەتی ئێستا کە نرخی نەوت بەرزبووەتەوە و ئەگەر ئەو سەدا چل و چوارەی نەوتەش لەژێر دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا بووایە، ئێستا شتێک

بەناوی پاشەکەوتی مووچە نەدەما و دووبارە پڕۆژەکانیش دەکەوتنەوە کار و بەگشتی جوڵە دەکەوتەوە هەرێمی کوردستان و بژێوی خەڵک بەرەو باشتربوون دەڕۆیشت. ئێوە دیقەت بدەن، لەگەڵ بەرزبوونەوەی نرخی نەوت، یەکراست ئۆکتۆبەر ڕوودەدات، دەکرێ ئەو گومانە ببەین کە ئۆکتۆبەر چەند ڕەهەندێکی سیاسی هەبووە، هێندەش ئابووری، بەوە حکوومەتی عێراق داهاتی خۆی بەرزکردەوە و لە بەرانبەریشدا هی هەرێمی کوردستان کەمیکرد، ئەمە ژمارەیە قسە دەکات نەک سۆز و عاتیفە، ئاخر ئۆکتۆبەر بووە هۆی لەدەستدانی زۆرترین کێڵگەی نەوتی کە بەگوێرەی ڕێکخراوی دۆر بە هۆی ئۆکتۆبەرەوە هەرێمی کوردستان ٥٠٠ بیرە نەوتی لە دەستداوە، بەڕاستی ئەمە بۆ ئابووری هەرێمی کوردستان زیانێکی یەکجار زۆرە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە هیچ کەس لێپرسینەوە لەو گرووپە کوردییە ناکات کە بوونە هۆی ئەوەی کوردستان ئەو هەموو داهاتە لەدەستبدات، بگرە ئەو گرووپە زۆرجاریش موزایەدە بەسەر حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەکەن، بەوەی نەیتوانیوە کێشەی مووچە چارەسەر بکات، کەچی کەس نییە پێیان بڵێت، ئێوەش هۆکاری سەرەکین لەوەی هێشتا کێشەی مووچە و بودجەی کوردستان چارەسەر نەبووە، ئاخر لە کاتێکدا ئەو گرووپە ناوچە نەوتییەکان ڕادەستی حەشد دەکەن، نەوت ڕووی لە بەرزبوونەوە بوو، ئێستاش دیارە ئەگەر ئەو ٥٠٠ بیرە نەوتە لەژێر دەسەڵاتی هەرێمی کوردستاندا بووان، بێشک شتێک بەناوی پاشەکەوتی مووچە و کەمی پرۆژەی خزمەتگوزاری نەدەما.

کەوایە ڕووداوی ئۆکتۆبەر چەندە خیانەتێکە بەرانبەر خاک و پێگەی سیاسیی هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە، هێندەش خیانەتێکە لە ڕەهەندی ئابوورییەوە زیانی گەورەی بە هەرێمی کوردستان گەیاندووە و بە هۆیەوە دیسانەوە خەڵکی کوردستان دووچاری کێشەی دارایی


بوونەوە، بەوەی زۆر چاوەڕێی بەرزبوونەوەی نرخی نەوتیان کرد، کاتێکیش بەرزدەبێتەوە، گرووپی ئۆکتۆبەر ئەو بیرە نەوتییانە رادەستی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی دەکەن و بەمەش هەناردە کەم دەکات، هەر کەمکردنێکیش لە هەناردە کەمبوونەوەی داهاتی بەدوادادێت، لە کاتێکدا پێشمەرگە بە خوێنی خۆی بەرگری لەو کێڵگە نەوتییانە کرد و لە چەتەکانی داعشی پاراستن، ئەگینا هەموویان لە لایەن داعشەوە یان نەوتەکانیان تاڵاندەکرا، یان بیرەکان دەتەقێندرانەوە، بەڵام ئەوەتا خیانەتی ئۆکتۆبەر بە ئاسانی ئەو ماندووبوون و قوربانیدانەی پێشمەرگەی خستە خزمەتی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و بە هۆیەوە داهاتی ئەو گرووپە میلیشیایە و حکوومەتی عێراقی بەرزبووەوە و لە بەرانبەریشدا زیانی گەورە بەر خەڵکی کوردستان کەوت.

رێکخراوی دۆر ژمارەیەکی مەترسیداری کەمبوونەوەی بەرهەمهێنانی نەوتی لە دوای ئۆکتۆبەرەوە خستووەتەڕوو، بەتایبەتی بە هۆی لەدەستدانی هەردوو کێڵگەی نەوتی بای حەسەن و هاڤانە و بەمجۆرە باسی ئەو کەمبوونەوەیەی کردووە: هەناردەی نەوتی کوردستان لە ماوەی پێنج مانگی ساڵی ٢٠١٧ بەراورد بە پێنج مانگی ساڵی ٢٠١٨، کەمبوونەوەیەکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە کە ئاستی هەناردەی نەوتی کوردستان لە ٨٢ ملیۆن بەرمیلی ساڵی ٢٠١٧ بۆ ٤٥ ملیۆن بەرمیل لە ساڵی ٢٠١٨ دابەزیوە، ئەمەش بە مانای کەمبوونەوەیەکی زۆر دێت لە هەناردەی نەوتدا، بەمەش کاریگەرییەکی قووڵ کەوتووەتە سەر بەرهەمهێنان و داهاتی نەوتی کوردستان بەگشتی، لە کاتێکدا کوردستان زیاتر لە عێراق پێویستی بە پارە هەیە، بەوپێیەی عێراق شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان وەک پێویست نادات و حکوومەتی کوردستانیش ناتوانێت قەرزی دەرەکی بکات، بە هۆی ئەوەی هێشتا هەرێمی کوردستان دەوڵەت نییە و دەبێت لە رێگەی

حکوومەتی عێراقەوە قەرز وەربگرێت و حکوومەتی عێراقیش هیچ بڕە پارەیەک لەو قەرزانەی دەیانکات، ناداتە هەرێمی کوردستان.

١٦ی ئۆکتۆبەر وەکچۆن زیانێکی گەورەی لە پێگەی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا، ئاواش ئاستی خیانەتەکە بۆ سەر کەرتی نەوت و داهاتی کوردستانیش هەڕەشەیەکی گەورە بوو، بەڵام چونکی ئیرادەیەکی سیاسی هەیە بۆ تێپەڕاندنی ئەو زیانانەی ئۆکتۆبەر، ئیدی خەریکە پێگەی کوردستان لە چاو مانگەکانی سەرەتای ئۆکتۆبەردا بەهێزتر دەبێتەوە، چونکە هیچ میللەتێک بە شکستێک کۆتایی نایەت، بەتایبەتی ئەو شکستانەی لە ئەنجامی خیانەتی گرووپە ناوخۆییەکانەوە دێنەدی، ئەوەی ئۆکتۆبەریش چونکە خیانەتێکی گرووپێکی ناوخۆیی بوو، تەنانەت عەرەبەکانیش هێندە پێی دڵخۆش نین، لەبەر ئەوەی هەست دەکەن خۆیان هۆکاری سەرکەوتن نەبوون، بەوپێیەی شارەکە لە لایەن ئەو گرووپە کوردییەوە بە کۆی کێڵگە نەوتییەکانەوە رادەستی سوپا و حەشدی شەعبی کرا، ئەگینا سوپا و حەشدی شەعبی لەو قۆناغدا ئەو جورئەتەیان نەبوو هێرش بکەنە سەر کوردستان و پێشمەرگە.

**ڕۆژنامەی خەبات، ٢٠١٨/٦/١١**




ئەم کتێبە کۆمەڵە وتارێکی ڕۆژنامەوانییە، پێشووتر سەبارەت بە کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و پرسی سەربەخۆیی کوردستان و دواتر ریفراندۆم و ڕووداوەکانی دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر نووسراون و لە ڕۆژنامە و ماڵپەڕە دیارەکانی کوردستان بڵاوبوونەتەوە. لە دووتوێی ئەم کتێبەدا باس لە عەقڵییەتی دەستەگەری شیعە دەکرێت دژ بە خواستەکانی گەلی کورد.